

کاوه حەمەمراد لە وتارێکیدا بۆ گوڵان:

## پێوەرەکان

بۆ نووسین و نۆژەنکردنەوەی پرۆگرامەکان.. پەرتووکی خوێندن

# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣١٦)- (١٦)ی ئایاری ٢٠٢٢



جێگری پارێزگاری هەولێر:

**بۆ ڕێگرتن لە وشکەساڵی چەندین بە نداو کاری تێدا دەکرێت و بەشێکیشیان تەواو بوون**




سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر:

**پارێزگاری هەولێر پلانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ئەگەرەکانی کەم ئاوی داناوە**



بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای پارێزگای هەولێر:

**کارەبای بەردەوام بۆ تەواوی بیرەکانی ئاو لە هەولێر دابین دەکەین**



بەڕێوەبەری ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر:

**تیمێك لە فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی هەولێر بۆ چارەسەرکردنی کەمئاوی و وشکەساڵی پێکهێنراوە**

# پلانی پێشوەختە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەگەری وشکەساڵی و کەمئاوی



# تاوانە ڕێکخستووەکانی حکوومەتەکانی عێراق دژی گەلی کوردستان




## ١٧

### سیاسەتی ڕاگواستنەوە و عەرەباندنی کوردستان

بە درێژاییی تەمەنی دەوڵەتی عێراق، سیاسەتی کۆمەڵکوژی و ڕاگواستن و گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان و هەوڵی تواندنەوەی گەلی کورد، لە بەرنامەکانی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی بەغدا لە دەرەوەی هەموو یاسا و ڕێسا و بەڵگەنامەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ و نەتەوەکان بووەتە بنەمایەکی چەسپاو و نەگۆڕ. هەموو ئەو سیاسەت و ڕێوشوێنانە دەچنە خانەی تاوانی نێودەوڵەتی دژی مرۆڤایەتی و کۆمەڵکوژی و جینۆساید و تواندنەوەی نەتەوەکان.

یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان و بەڵگەنامەکانی تایبەت بە بوارەکانی مافی مرۆڤ زۆر بە ڕوونی پێناسەی ئەو تاوانانەیان کردووە کە دژی ئەتنیک و گرووپە جیاوازەکان لەلایەن نەتەوەی دەسەڵاتدارەوە دەکرێت. لە پێناسەی گرێبەستی ڕێگەگرتن لە کۆمەڵکوژی و سزادانی ئەم تاوانە، بەم شێوەیە باس لە کۆمەڵکوژی کراوە: لەناو بردنی بە ئەنقەستی گرووپ، یان کۆمەڵێکی نەژادی، ئایینی، قەومی و نەتەوەیی، ئەم لەناوبردنە بریتییە لە بنەبڕکردنی تەواوەتی، یان بەشێک لە خەڵکانی پەیوەست بە گرووپ، یان گەلێک، یان لێدانی زەبری توند و گورچکبڕ لە سەلامەتی و تەندرووستیی جەستە، یان ڕۆحی ئەم گەلە. هەروەها دابڕانێک کە بە مەبەستی تواندنەوە، یان پاکتاوکردنی ئەم نەسل و ڕەچەڵکە، یان کۆچبەری و ڕاگواستنی بە زۆری منداڵانی ئەم گرووپە، یان گەلەکەی بکەن.

لە ماددەی دووی ئەم گرێبەستەدا بەم شێوەیە باس لە شێوەکانی ئەم کۆمەڵکوژییە کراوە.

- کوشتنی ئەندامانی گرووپەکە.
- وەشاندنی زەبری زۆر توند و گورچکبڕ لە تەندروستی و سەلامەتیی گرووپەکە.
- سەپاندنی بارودۆخ یان چۆنایەتییەکی بە ئەنقەست بۆ سەر ژیانی ئەم گرووپە بە مەبەستی لەناوبردنی فیزیکی، بۆ ئەوەی ببێتە هۆی لە ناوچوونی تەواوەتی، یان بەشێک لە گرووپەکە.
- سەپاندنی بارودۆخ و گرتنەبەری ڕێوشوێنێکی تایبەت بە مەبەستی ڕێگرتن لە زاوزێی ئەم گرووپە.
- کۆچبەری و گواستنەوەی زۆرەملێی منداڵان و زارۆکەکان لە ئەم گرووپە بۆ گرووپێکی تر.

# چاپکراوی نوێ




چاپی یەکەمی ڕۆمانی (کوێت) لە نووسینی هاوکارمان نووسەرو ڕۆژنامەنووس (تاریق کارێزی ) بە بەرگێکی ناوازە و لە دووتوێی (٣٢٧) لاپەڕە کەوتە کتێبخانەی کوردی و بەردەستی خوێنەرانەوە.

کوێت دەقێکە ئەزموونی سەربازێکی سوپای عێراق دەگێڕێتەوە، کاتێك سەدامی دیکتاتۆر لە بەرەبەیانێکدا گاردی کۆماری ڕەوانەی نێو دەوڵەتی کوێت دەکات هەر تەنیا لە ماوەی دوو سەعاتدا دەوڵەتێك نەما بە ناوی کوێتەوە، ئەم ڕووداوە وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە مێژووی تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە کوردستانیشەوە، دەرهاویشتەی داگیرکردنی کوێت زۆر سەخت و دژوار بەسەر گەلانی عێراقدا ڕەنگی دایەوە.

ڕۆمانی (کوێت) زۆر وردەکارانە چووەتە نێو دۆخی ئەستەمی سوپای داگیرکەری عێراق و وردەکاریی ئەو شکستە دەروونییەی سەربازانی سوپایەکە دەگێڕێتەوە. نووسەر تەنیا واقیعی گێڕاوەتەوە، بەڵام واقیعێك زۆر لە سەرووی فەنتازیاوەیە، تۆی خوێنەر کە ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە، تێدەگەیت چ ڕۆژگارێکی ڕەش بەسەر خەڵکی عێراق و کوێتدا تێپەڕبوو، پاڵەوانی ڕۆمانەکە نووسەر خۆیەتی، کە لە پەیوەندییەکی تۆکمەدایە لەگەڵ چەندین پاڵەوانی دیکە لە سەربازانی کوردی نێو سوپای عێراقدا، دەقەکە زۆر وردەکارانە گەواهی چەرمەسەرییەکانی چەوساندنەوەی مرۆڤ لە سایەی خەونی نەزۆکی دیکتاتۆردا دەگێڕنەوە.

دەبێ ئەوەش بڵێین ئەم ڕووداوە دراماتیك و پڕ لە تراژیدیایە لەنێو لاپەڕەکانی ئەم ڕۆمانەدا ورد ورد خۆ دەنوێنن، کاتێك مرۆڤ دوور لە ویستی خۆی هەست دەکات داگیرکەرە، بەتەك ئەوەشەوە خەڵکانێك لەنێو سوپای عێراقدا بوون داگیرکدنی ئەو وڵاتەیان بە دەرفەت دەزانی بۆ ئەوەی دەستی تاڵان و بڕۆیان بگاتە سەر موڵکی گشتی و تایبەتیی خەڵك و دەوڵەتی کوێت.

محەمەد جەبار کتێبەکەی دیزاین کردووە، ئەمە یەکەم ڕۆمانی هاوکارمان(تاریق کارێزی ) یە، هیوای سەرکەوتن و بەرهەمی زیاتری بۆ دەخوازین.



## دروستکردنی ٢٠ هەزار یەکەی نیشتەجێ وەک قۆناغی یەکەم بۆ کەمدەرامەتەکان

ئاگرین عەبدوڵڵا :



### لە کابینەی نۆیەمدا ٥٤ پرۆژەی ڕێگەوبان بە بودجەی ٧٧٦ ملیار و ٥٤٤ ملیۆن دینار تەواو بوون و خراونەتە خزمەتی هاووڵاتیانەوە

کۆری زۆلی :



### ڕووسیا لە شەڕەکەیدا دەرئەنجامی پێچەوانەی بە دەست هێناوە

جێفری ڤاندێن بێرگ :



### ڕووسیا توانایەکی کەمتری هەیە بۆ بەرەودان بە دەستڕۆیشتوویی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شیبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*



هەمیشە هۆشیار :

**پێویستە پەرە بە یاریزانانی خۆمان بدەین تا زیاتر دەربکەون**





**پەرستاران وەک فریشتەی بەزەیی لە خزمەتکردنی نەخۆش بەردەوامن**

**مۆبایلەکەت بکە بە کامێرایەکی پیشەیی**




**کاربۆهیدراتی باش، کاربۆهیدراتی خراپ**





ئایدن ئۆستان :

**لاساییکردنەوە لەکاری هونەری ئاساییە بەڵام لە کوردستان بە نادروستی دەکرێت**



**قۆناغی دووەمی پاڵەوانێتی پایسکیلسواری عێراق لە شاری سلێمانی کۆتایی هات**

# گرنگیی ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا
# کۆڵەگەیەکە بۆ شەرعییەتی سیستمی سیاسی

بڕوابوون بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن وەك گێڕانەوەی دەسەڵات بۆ ئیرادەی گەل (گەلی کوردستان) جیاوازە لە بڕوابوون بە هەڵبژاردن وەك دەستکەوتێك بۆ بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی، سەرۆك بارزانی کە بەهاری ساڵی ١٩٩١ وەك سەرۆکی بەرەی کوردستانی لە کۆیەوە داوای کرد «دەبێت لە کوردستان هەڵبژاردن بکرێت و گەل بکرێتەوە سەرچاوەی دەسەڵات» ئەوکات نە هەموو کوردستان ئازاد کرابوو، نە هەر دوو دامەزراوەی شەرعی (حکومەت و پەرلەمانی کوردستان)مان هەبوو، هەر بۆیە دوای ئەوەی لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١ حکومەتی عێراق دامودەزگا دەوڵەتییەکانی لە کوردستان کشاندەوە، جارێکی دیکە سەرۆك بارزانی لە ناو کۆبوونەوەکانی بەرەی کوردستانیدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئیدارییە کە کشانەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق لە کوردستان دروستی کردووە، تەنیا ڕێگە ئەوەیە کە هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت و بە بڕیاری گەلی کوردستان جارێکی دیکە دامەزراوە شەرعییەکان دابمەزرێنەوە و، دەبێت گەلی کوردستان بڕیار بدات چۆن و کێ لە کوردستاندا فەرمانڕەوا دەبێت و، دوای ئەوەش لەسەر پێداگرییەکەی سەرۆك بارزانی، بەرەی کوردستانی بڕیاری دا هەڵبژاردن لە کوردستان ئەنجام بدرێت و یاسای ژمارە ١و٢ ی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و ڕێبەریی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان پەسەند کرد، سەرۆك بارزانی بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند «ئەمڕۆ خۆشترین ڕۆژە لە ژیانی مندا».

ئەوجا لێرەوە ئەگەر ئەو پرسیارە بکەین، بۆچی ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە بیرکردنەوەی سەرۆك بارزانی-دا هێندە گرنگی پێ دراوە و جەختی لەسەر دەکردەوە؟ ئایا ئامانجی ئەوە بوو بە ڕێگەی سندوقی دەنگدان خۆی ببێتە ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و حزبەکەشی ببێتە فەرمانڕەوا لە کوردستان؟ یان ئامانجی سەرۆك بارزانی ئامانجێکی دوورمەدا بوو؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە گرنگە چەند خاڵێك وەبیر بهێنینەوە:

١. لەگەڵ ئەوەی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی ئایاری ساڵی ١٩٩٢ دروشمی قەبەیان بەرز کردەوە، بۆ ئەوەی دەنگی پێ کۆبکەنەوە، سەرۆك بارزانی ڕێگەی نەدا پارتی دیموکراتی کوردستان دروشمی «دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنومی بۆ کوردستان» بگۆڕێت و هەر بەم دروشمەوە بەشداریی هەڵبژاردنەکانی کرد.

٢. لە پرۆسەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بۆ ڕێبەریی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، سەرۆك بارزانی بانگەشەی هەڵبژاردنی بۆ خۆیشی نەکرد و، ڕاشکاوانە بە هەموو لایەك و جیهانی ڕاگەیاند: بایەخی ئەم هەڵبژاردنە بۆ ئەوە نییە لایەنێکی سیاسی بیباتەوە و بەرامبەرەکەی بیدۆڕێنێت، بەڵکو گرنگیی ئەم هەڵبژاردنە ئەوەیە کە ئیرادەی گەلی کوردستان براوە بێت و، ئەو ئیرادەیە ئەو بۆشاییە سیاسییەی لە کوردستان دروست بووە، بە ئیرادەیەکی شەرعی دووبارە پڕی بکاتەوە.

دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردن و ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن، لەگەڵ ئەوەی سەرۆك بارزانی لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ڕێبەریی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بە دەیان



هەزار دەنگ لە پێشەوە بوو، هەروەها لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە ڕێژەی ٥٠+١٪ کورسییەکانی پەرلەمانی بەدەست هێنابوو، بەڵام بۆ ئەوەی ئەزموونی حوکمڕانیی کوردستان دروست بکرێت، وازی لە سەرکەوتنەکەی خۆی هێنا و، ڕازی بوو ٥٠ بە ٥٠ حکومەت لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێک بهێنێت، لەمەش زیاتر ڕازی بوو سەرۆکی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بێت.

ئەگەر لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە نیشتمانی و نەتەوەییەی سەرۆک بارزانی هەڵوەستە لەسەر پێداگریی سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بکەین، بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەم جارە کە لە کاتی خۆیدا (ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢) ئەنجام بدرێت، ئەوا ئێستا پارتی بە تەنیا خاوەنی ٤٥ کورسییە لە ١٠٠ کورسیی پەرلەمانی کوردستان و لەگەڵ فراکسیۆنە هاوپەیمانەکانی ژمارەی کورسییەکانیان زیاتر لە (٥٠+١٪)ـە و، ئەگەر بە تێڕوانینی بەرتەسکی حزبی سەیری ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی بکردایە، ئەوا وەک لە مەزندەکانەوە پێشبینی دەکرد، زۆر نزیکە پارتی کە یەک دوو کورسیی پەرلەمانی کەم بکات، تا لەوەی زیاتری بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕوای تەواوی بەوە هەیە کە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا کۆڵەگەیەکە شەرعییەتی سیستەمە سیاسییەکە پتەو دەکات و، متمانەی نێوان هاووڵاتیان و سیستەمی سیاسی جارێکی دیکە تازە دەبێتەوە و، متمانەی زیاتر لە نێوانیاندا دروست دەبێت، ئەوا پێداگریی سەرەکی لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان و هاوپەیمانەکانی فراکسیۆنەکانی پێکهاتەکانە لە کوردستان، لەمەش زیاتر سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاتی هەڵبژاردنی لە وادەی خۆی ڕاگەیاندووە و، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بڕیاری داوە هەموو پێداویستییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دابین بکرێت، بۆ ئەوەی لەکاتی خۆیدا هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت.

بەڵام وێڕای ئەم هەموو ئامادەباشییە و پێداگریی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کەچی وەک دەبینین فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە بیانووی هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکانی کوردستان و بە لایەنداریی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وەک ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی، ماوەی یەک دوو مانگە کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی کوردستان ڕاگیراون، بۆ ئەوەی ڕێگری لەوە بکرێت کە پەرلەمان بۆ ئەوەی ماوەی یاسایی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان درێژ بکرێتەوە و لە ڕووی یاساییەوە خۆی ئامادە بکات بۆ ئەوەی زەمینە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان حازر بکات.

ئەوەی لە ڕوانگەی نیشتمانی و نەتەوەییەوە لە دروستکردنی ئەم ئاستەنگانە بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن مایەی نیگەرانییە، ئەوەیە کە حزبێکی سیاسی هەموو هەوڵەکانی بۆ ئەوە بێت ئاستەنگ بۆ هەڵبژاردن لە وادەی خۆیدا دروست بکات و، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانیش نەتوانێت خۆی بێ لایەن بکات و شەرعییەتی سیستەمە سیاسییەکە بپارێزێت.

# دروستکردنی ٢٠ هەزار یەکەی نیشتەجێ وەک قۆناغی یەکەم بۆ کەمدەرامەتەکان



# هاوبەشیی «حکومەت و خەڵک و کەرتی تایبەت» بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان



**پرۆسەی بونیادنی نەتەوە لە Nation Building بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پرۆسەیەکی هەمەلایەنە و راستە، لە سەرەتادا بە لایەنێکی گرنگ دەست پێ دەکات، بەڵام ئەو لایەنە گرنگە کۆی هەموو ئەو لایەنانە دەگرێتەوە کە پرۆسەکە دەکاتە پرۆسەیەکی سەرکەوتوو و، هاووڵاتی تێدا هەست بە بوون و ناسنامەی خۆی دەکات**

**سەبارەت بە شێوازی سەرخستنی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە لە بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، گرنگە لەو پەیامەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت کە سەرۆکی حکومەت لە کۆڕبەندی جیهانیی وزە لە ئاداری رابردوو لە دوبەی ئاماژە پێکرد**

فەیلەسووفی گەورەی ئەڵمانی (ئەمانۆئیل کانت) کە دەکرێت پێیشی بگوترێت گەورە ڕاوێژکاری فردریکی گەورەی پادشای بروسیا، یەکێك بووە لە فاکتەرە سەرەکییەکانی «حوکمڕانیی باش»ی ئەم پاشایە و، بەشێك لە کتێبەکانی وەك: (ڕەخنەی ئەقڵی پەتی، ڕەخنەی ئەقڵی پراکتیکی، ڕەخنەی مەلەکەی بڕیاردان، دامەزراندنی میتافیزیکای ئاکار، ڕۆشنگەری چییە؟) وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە بووە کە فردریکی گەورە بۆ باشترکردنی حوکمڕانییەکەی ئاراستەی بیرمەندانی کردووە، کە ئەمانۆئیل کانت یەکێکیان بووە، لەگەڵ ناردنی کتێبی (ڕەخنەی ئەقڵی پەتی) نامەیەکیشی بۆ فردریکی گەورە نووسیوە و، تیایدا نووسیویەتی: «خاوەنشکۆ فردریکی گەورە، بۆیە شانازیت پێوە دەکەم، لەبەر ئەوەی کاتێك من بیر لە زانست دەکەمەوە، تۆ هەست دەکەیت من بیر لە گەورەیی تۆ دەکەمەوە»، ئەم فەیلەسووفە گەورەیە لە میانەی ئەم دوو دێڕەدا کە ناوەرۆکی بەشی زۆری کتێبەکانیەتی، دەیەوێت پێمان بڵێت: «حوکمڕانیی باش بەرهەمی فیکر و بیرکردنەوەیە لە کۆمەڵگە و، هەر ئەم میتۆدەش هەڵەکانی (ئەقڵی پەتی و ئەقڵی پراکتیکی و شێوازی بڕیاردان) مان بۆ ڕاست دەکاتەوە و، کە ئەم هەڵانەی ئەقڵیش ڕاست کرانەوە، ئەو فیکر و بیرکردنەوە دەچێتە ئەو ئاستەی لەسەر ئاستی (ئاکار و ویژدان) زەمینە بۆ دروستکردنی ئەو بڕیارانە بێتە ئاراوە، کە ئەو هێزەی دەبێت کێشە قورسەکانی خەڵك بە ئاسانی چارەسەر بکات». ئەمانۆئێل کانت ئەم ساتەوەختەی ناو لێناوە «ساتە وەختی دەرکەوتنی ئیرادەی خێر» و، ئیرادەی خێریش کە دروست بوو، وەك بیرمەندی گەورەی ئەمریکی جۆن ڕاولز لە کتێبی (دادپەروەری وەك ویژدان) ئاماژەی پێ کردووە، چارەسەرکردنی کێشەکانی حوکمڕانی و هەڵەکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی و هەنگاوهەڵگرتن بۆ حوکمڕانیی باش، لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە ویژدان بکەینە مەحەك بۆ مافی هاووڵاتیبوون و پێداویستییە سەرەکییەکانی هاووڵاتیان لە کێبڕکێی بازاری ئازاد بێنینە دەرەوە، کە یەکێك لەو پێداویستییە گرنگانە، دابینکردنی یەکەی نیشتەجێیە بۆ هەموو هاووڵاتیان، بەتایبەتی ئەو هاووڵاتیانەی کەمدەرامەتن و خۆیان ناتوانن یەکەی نیشتەجێ بۆ خۆیان دروست بکەن و، کاتێکیش لە چوارچێوەی حوکمڕانیی باشدا ئەم کێشە گرنگە لەسەر بنەمای (ئاکار و ویژدان) چارەسەری ڕیشەیی بۆ دەدۆزرێتەوە، ئەوا ئەم چارەسەرە نابێتە بەخشینی دیاری بۆ هاووڵاتیانی کەمدەرامەت، بەڵکو دەبێتە مافی هاووڵاتیبوون و هاووڵاتی مافی خۆیەتی یەکەی نیشتەجێی وەك ماف هەبێت، نەك وەك بەخشینی دیاری پێی، ئەم ئاراستەیە ئەو گوتە گرنگەی بیرمەندی گەورەی فارس(عەبدولکەریم سروش) مان بیر دەخەوە کە لە وەڵامی پرسیارەکەی سەرۆکی زانکۆی هارڤارد تەنیا بە چەند دێڕێك جیاوازییەکانی نێوان (حوکمڕانیی باش و حوکمڕانیی سیوکراسی)ی دەستنیشان کردبوو و، گوتبووی: «هیچ ڕێگەیەك نابینم بۆ نزیکردنەوەی حوکمڕانیی سیوکراسی و حوکمڕانیی باش (لیبراڵ دیموکراتی)، لەبەر ئەوەی ئەم دوو شێوازەی حوکمڕانی، بە دوو زمانی جیاواز قسە دەکەن و مەحاڵە لێك تێبگەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە حوکمڕانیی سیوکراسی بە زمانی پابەند بوون قسە دەکات پێش ماف، بەڵام لە حوکمڕانیی باشدا بە زمانی ماف قسە دەکات، پێش ئەوەی ئەرك بۆ هاووڵاتیانی دیاری بکات».

لێرەوە ئەگەر بڕیارەکەی هەفتەی ڕابردووی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە «دروستکردنی ٢٠ هەزار یەکەی نیشتەجێ بۆ هاووڵاتیانی کەمدەرامەت — وەك قۆناغی یەکەم» لە ناو فیکری ئەو بیرمەندانە ڕاڤە بکەین، ئەوا ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە، مسرور بارزانی بەم بڕیارەی نایەوێت حکومەتەکەی بکاتە سۆپەر هیرۆ (هێزە گەورەکە بۆ چارەسەرکردنی کێشە قورسەکان) و دیاری بەخشینەوە بەسەر خەڵکدا، بەڵکو ئەم بڕیارە پێمان دەڵێت: «گەڕان بەدوای چارەسەری کێشەکان لە ناو بیرکردنەوەی (ئاکار و ویژدان) دا مەحاڵ دەکاتە مومکین و، دۆزینەوەی (توانای بەردەوام)ە بۆ چارەسەرکردنی کێشە سەرەکییەکانی خەڵك»، کەواتە ئەم بڕیارەی سەرۆکی حکومەت شێوازێکی تازەیە و دەیەوێت

بە دروستکردنی تۆڕێك، هەموو تواناكانی (خەڵك و حكومەت و كەرتی تایبەت) پێكەوە كۆ بكاتەوە و، كۆكردنەوەی تواناكانیش ڕاستە (سۆپەر هیرۆ) بۆ چارەسەركردنی كێشەكان دروست دەكات، بەڵام ئەو سۆپەر هیرۆیە بە تەنیا حكومەت نییە، بەڵكو (خەڵك و حكومەت و كەرتی تایبەت) پێكەوە دەبنە خاوەنی ئەو سۆپەر هیرۆیە و، هەموو پێكەوە شانازی پێوە دەكەن.

## ● سیاسەتی یەك پەنجەرە و دۆزینەوەی تواناكان بۆ جێبەجێكردنی پڕۆژە گەورەكان

لە بەشێكی زۆری فەرمانگە و دامەزراوەكانی كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا و، بەتایبەتی ئەو فەرمانگە و دامەزراوانەی بەردەوام بەشێكی زۆری هاووڵاتیان ڕۆژانە سەردانیان دەكەن، وەك وەزارەتەكانی (ناوخۆ، تەندروستی، شارەوانی، بازرگانی و پیشەسازی، خوێندنی باڵا و دەستەی وەبەرهێنان و... هتد) بە میتۆدی سیاسەتی (یەك پەنجەرە و حكومەتی ئەلیكترۆنی) مامەڵەی ڕۆژانەی هاووڵاتیان ڕایی دەكەن، ئەم میتۆدەش كە مانای كەمكردنەوەی ڕۆتینە، تا ئاستێكی زۆر و ئەگەر هەموو ئەم پرۆسەیە لە هەموو دامودەزگاكانی حكومەتدا تەواو ببێت، ئەوا دەكرێت بڵێین دیاردەی ڕۆتین دەگاتە ئاستی سفر و، نەمانی ڕۆتنیش كە هەنگاوی یەكەمە بۆ قەڵاچۆكردنی گەندەڵی، نەخشەڕێگەیەكی دروست بۆ حوكمڕانیی باش دیاری دەكات.

دوای بڕیارەكەی هەفتەی ڕابردووی سەرۆكی حكومەت بۆ دروستكردنی ٢٠ هەزار یەكەی نیشتەجێ بۆ هاووڵاتیان، ڕۆژنامەنووسان ڕوویان كردە دەستەی وەبەرهێنانی حكومەتی هەرێمی كوردستان و، لە كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەنووسیدا پرسیار سەبارەت بە چۆنیەتیی جێبەجێكردنی ئەم پرۆژە گرنگە ڕووبەڕووی سەرۆكی دەستەی وەبەرهێنان كرایەوە و، پرسیاری هاوبەشی كۆی ڕۆژنامەنووسان بریتی بوو لەوەی (ئەم پرۆژەیە كەی دەكەوێتە واری جێبەجێكردن؟ تا چەند خەڵكی كەمدەرامەت لێی سوودمەند دەبێت؟ ئایا وەك پرۆژەكانی دیكە دواناكەوێت و لە نیوەدا دەستی لێ هەڵناگرن؟)

لێرەوە پێش ئەوەی هەڵوەستە لەسەر وەڵامەكانی سەرۆكی دەستەی وەبەرهێنان بكەینەوە، گرنگە پێشوەختە ئەوە ڕوون بكەینەوە، ئەو ڕێوشوێنانە چین بۆ ئەوەی فەراهەم بكرێن و پڕۆژە بكەوێتە واری جێبەجێ كردن، لێرەدا بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێ دەكەین:

١. ئەم پرۆژەیە پێویستی بەوەیە لە هەر چوار پارێزگا و چوار ئیدارە سەربەخۆكەی هەرێمی كوردستان زەوی بۆ دابین بكرێت.

٢. پێویستی بەوەیە ئەو پێوەرە كۆنانە ئەپدێت بكرێنەوە كە پێشتر لە پرۆژەی هاوشێوەدا پەیڕەو كراوە و، هەروەها پێویستی بە دانانی چەند پێوەرێكی تازە هەیە بۆ ئەوەی بزانرێت كامانەن (خەڵكی كەمدەرامەت لە كوردستان و كرێچین).

٣. پێویستی بەوەیە بزانرێت، ئەو پێشەكییەی لەلایەن خەڵكی كەمدەرامەتەوە دەدرێت (پێویستە چەند بێت، تا لە توانای ئەو خەڵكەدا بێت) پاشان پێویستی بەوەیە بزانرێت، ئەو قیستە پێویستە چەند بێت كە هاووڵاتی كەمدەرامەت لە توانایدا هەبێت بیداتەوە .

٤. پێویستی بەوەیە كۆمەڵێك میكانیزم دابنرێت، بۆ ئەوەی دادپەروەری لەم پڕۆژەیەدا وەك ویژدان جێبەجێ بكرێت.

٥. پێویستی بە لێكتێگەیشتنێكی تەواو هەیە لە نێوان (حكومەت و وەبەرهێنەرانی خاوەن سەرمایە و ئەزموونی سەركەوتوو).

٦. پێویستی بەوەیە كە حكومەت پشتگیرییەكی گەورەی بكات و تەواوی خزمەتگوزارییە سەرەكییەكانی بگرێتە ئەستۆ و پابەندیان بێت.

٧. پێویستی بەوەیە سەقفێكی زەمەنی دابنرێت بۆ جێبەجێكردن و تەواوكردنی پڕۆژەكە.

ئاماژەكردنمان بۆ ئەو چەند خاڵە، بۆ ئەوە بوو كە بزانرێت پڕۆژەیەكی گەورەی لەو جۆرە پێویستی بە وەرگرتنی ڕێوشوێن هەیە، بۆ ئەوەی بكەوێتە ئەو قۆناغەی دەست بە جێبەجێكردنی بكرێت، بەڵام ئەگەر لێرەوە هەڵوەستە لەسەر وەڵامەكانی سەرۆكی دەستەی وەبەرهێنان بكەین، بەم جۆرە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسانی دایەوە: «ئێمە وەك

**پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام**
sustainable development
**مەرجی سەرەكییە بۆ سەركەوتنی پرۆسەی پەرەپێدان لە هەموو پرۆسەیەكی بونیادنانی نەتەوەدا و، ئەم پرۆسەیەش بەو جۆرە بەردەوامیی دەبێت كە (خەڵک و كەرتی گشتی و كەرتی تایبەت) پێكەوە پشتیوانی لە پرۆسەكە بكەن**

**حوكمڕانیی باش بەرهەمی فیكر و بیركردنەوەیە لە كۆمەڵگە و، هەر ئەم میتۆدەش هەڵەكانی (ئەقڵی پەتی و ئەقڵی پراكتیكی و شێوازی بڕیاردان) مان بۆ ڕاست دەكاتەوە**

دەستەی وەبەرهێنان ماوەی یەك مانگمان لە بەردەستە، بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بکەین و، ڕێککەوتن لەگەڵ وەبەرهێنان بکەین و پێوەری تازە بۆ هاووڵاتیانی کەمدەرامەت دیاری بکەین، بەڵام هەوڵەکانمان بەو ئاراستەیەن کە لە ماوەی دوو تا سێ هەفتەدا هەمووی تەواو بکەین و، دەست بە جێبەجێکردنی پڕۆژەکە بکەین و، ئەم پڕۆژەیە هەوڵێکی تازەیە و دەمانەوێت لە کاتێکی پێوانەییدا تەواو بکرێت و، کارەکەش بەو وەبەرهێنەرانە دەسپێرین کە خاوەنی ئیمکانییەتی تەواو و ئەزموونی سەرکەتوون و، هەموو ئاسانکارییەکیش بۆ وەبەرهێنان دەکەین، ئەمەش قۆناغی یەکەمە و بەردەوامیی دەبێت» .

وردکردنەوەی ئەم وەڵامە کورت و ڕاشکاوانەی سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان، تەنیا دەربڕی ئیرادە و توانای دامەزراوەیەکی حکومەت نییە کە ناوی (دەستەی وەبەرهێنانە) بەڵکو ئاماژەیە بۆ ئەو هاوکاری و هەمانگییە (یەك تیم)ییەی لە ناو ئەنجومەنی وەزیرانی کابینەی نۆیەمدا ڕەنگدانەوەی هەیە و، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر سەرنجی ئەو پێداویستییانە بدەین کە بۆ جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە پێویستە، پەیوەندی بە کۆی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە و، ئەگەر هەموو وەزارەت و دەستەکان پێکەوە وەك (یەك تیم) هاوکار و هەماهەنگ نەبن، ئەوا سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانیش ناتوانێت بەو ئاستە پشتئەستووری و ڕاشکاوییە وەڵامی ڕۆژنامەنووسان بداتەوە، هەروەها ئاماژەیە بۆ نەمانی ڕۆتین و سیاسەتی یەك پەنجەرە و، ئاسانکاری لە جێبەجێکردنی مامەڵەکان لە کاتێکی زۆر دیاریکراودا، بەوەی نابێت هیچ مامەڵەیەك لە ڕۆژێك تا دووان زیاتری پێ



بچێت، تەنانەت ئەگەر بۆ دابینکردنی زەوی بۆ ئەو یەکەی نیشتەجێیانە، پێویستی بەوە هەبێت زەویی کشتوکاڵی بۆ بکوژێندرێتەوە و بکرێتە زەویی نیشتەجێ، کە پەیوەندیی بە دوو وەزارەتەوە هەیە (کشتوکاڵ و شارەوانی) ئەوا وەك سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانیش ئاماژەی پێ کرد، دەبێت ئەم کێشە قورسەش لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا چارەسەر بکرێت.

**● پڕۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام بە توانای هاوبەشی (خەڵك . حکومەت. کەرتی تایبەت)**

پڕۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام « sustain-able development»، مەرجی سەرەکییە بۆ

سەرکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدان لە هەموو پرۆسەیەکی بونیادنانی نەتەوەدا و، ئەم پرۆسەیەش بەو جۆرە بەردەوامیی دەبێت کە (خەڵك و کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت) پێکەوە پشتیوانی لە پرۆسەکە بکەن.

لەسەر ئەم بنەمایە کاتێك هەڵوەستە لەسەر بڕیارەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، بە دروستکردنی ٢٠ هەزار یەکەی نیشتەجێ بۆ هاووڵاتیانی کەمدەرامەت وەك قۆناغی یەکەم، ئەمەش مانای ئەوەیە قۆناغی یەکەم، قۆناغی دەستپێکە بۆ چارەسەرێکی بەردەوامی کێشەی نیشتەجێی خەڵك لە هەرێمی کوردستاندا و، مەرج نییە ئەوەی لە قۆناغی یەکەم لەم پرۆسەیە سوودمەند نەبوو، ئیدی قۆناغی دیکەی بەدوادا نەیەت و، کێشەی نیشتەجێی خەڵکێکی کەمدەرامەت چارەسەر نەکرێت و، بەشێکی دیکەش بە دەست هەمان کێشەوە بناڵێنن، بە پێچەوانەوە، سەرکەوتنی قۆناغی یەکەمی ئەم پرۆژەیە دەبێتە نەخشەیەکی ڕێگە بۆ ئەوەی بەردەوامیی پرۆسەکە مسۆگەر بکات و، ئەو کێشە درێژخایەنە کە ناوی کێشەی نیشتەجێیە بۆ خەڵکی کەمدەرامەت، قوناغ بە قۆناغ چارەسەر بکرێت و، خاڵی گەوهەرییش لە سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە ئەوەیە کە ئیرادەی خەڵکەکە لە چارەسەرکردنی کێشەکەدا بەشداری سەرەکی دەبێت.

سەبارەت بە شێوازی سەرخستنی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە لە بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، گرنگە لەو پەیامەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت کە سەرۆکی حکومەت لە کۆڕبەندی جیهانیی وزە لە ئاداری ڕابردوو لە دوبەی ئاماژە پێکرد و، ئاماژەی بەوەکرد کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت «بە هاوشێوەی دەوڵەتی ئیماراتی یەکگرتوو، سەرچاوەکانی وزە بکاتە بناغەیەك بۆ سەرخستی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە لە کوردستاندا»، ئەم پەیامە گرنگەی سەرۆکی حکومەت لەو کۆڕبەندە جیهانییەدا، دەکرێت هەڵوەستەی ئەوەی لەسەر بکەین کە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (بۆیە ئەو بایەخە گرنگە بە فراوانکردنی وەبەرهێنان لە کەرتی وزە دەدات و سەرچاوەی داهاتەکان هەمەجۆر دەکات، ئەمانە هەمووی لە پێناوی ئەوەن کە ژێرخانێکی پتەو بۆ کۆی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی خەڵکی کوردستان دروست بکات و، لەسەر بنەمای ئەو ژێرخانە پتەوە هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەڵبگرێت)، لەسەر ئەم بنەمایەش، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت نەخشەی ڕێگە بۆ چارەسەکردنی کێشەکان، چارەسەرکردنێك نەبێت کە یەك جار و پچڕ پچڕ بێت، بەڵکو چارەسەرێك بێت کە بەردەوامیی هەبێت و، لەمەش زیاتر قۆناغ بە قۆناغ ئەو هەڵە و کەموکورتییانەش ڕاست بکرێنەوە، کە لە قۆناغە جیاوازەکانی پرۆسەکەدا دێنە پێشەوە و، ئەو خزمەتگوزارییە سەرەکییانەش کە پێویستە هەموو هاووڵاتیان لێی سوودمەند بن و، هاووڵاتیانی کەمدەرامەت نەکەونە بەر ململانێی بازاڕی کەرتی تایبەت، کە بریتی دەبن لە (دابینکردنی یەکەی نیشتەجێ، چاودێریی تەندروستی، خوێندن) وەك مافی هاووڵاتیان، لەم چوارچێوەیەدا کە بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە (یەکەی نیشتەجێ بۆ هاووڵاتیانی کەمدەرامەت بکرێتە پرۆسەیەکی بەردەوام و حکومەتیش بە بەردەوامی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان وەك قوتابخانە، چاودێریی تەندروستی، ئاو، کارەبا و...هتد) بۆ ئەو پرۆسەیە دابین بکات، ئەمە مانای ئەوەیە پرۆسەی بونیادنی نەتەوە

«Nation Building» لە بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پرۆسەیەکی هەمەلایەنە و ڕاستە، لە سەرەتادا بە لایەنێکی گرنگ دەست پێ دەکات، بەڵام ئەو لایەنە گرنگە کۆی هەموو ئەو لایەنانە دەگرێتەوە کە پرۆسەکە دەکاتە پرۆسەیەکی سەرکەوتوو و، هاووڵاتی تێدا هەست بە بوون و ناسنامەی خۆی دەکات و، لە هەمان کاتدا خۆیشی بە بەشێك لەو پرۆسەیە دەزانێت کە ئەم سەرکەوتنە گەورەیە بۆ مێژووی نەتەوە دروست دەکات.

## ئاگرین عەبدوڵڵا
بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن بۆ گوڵان:

# لە کابینەی نۆیەمدا ٥٤ پڕۆژەی ڕێگەوبان بە بودجەی ٧٧٦ ملیار و ٥٤٤ ملیۆن دینار تەواو بوونە و خراونەتە خزمەتی هاووڵاتیانەوە

**ڕێگەوبانەکان بە شادەماری بەستنەوەی شار و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان دادەنرێن و، ڕۆڵی سەرەکییان لە سێکتەرە جیاجیاکانی ئابووریدا هەیە، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لە تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، وێڕای قەیرانی دارایی، چەندین پڕۆژەی جێبەجێ کردووە و ژمارەیەکی دیکەش لە پلاندایە، گۆڤاری گوڵان لە دیدارێکیدا لەگەڵ ئاگرین عەبدوڵڵا بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد، لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** سەرەتا دەکرێت بزانین لە ماوەی تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کورستاندا وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن چەند پڕۆژەی ئەنجام داوە؟**

- لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا گرنگییەکی زۆر بە ڕێگەوبانەکان دراوە، لەم ڕوانگەیەوە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لە ماوەی تەمەنی کابینەکەدا توانیویەتی ٥٤ پڕۆژە بە بودجەی ٧٧٦ ملیار و ٥٤٤ ملیۆن دینار تەواو بکات و بیخاتە خزمەتی هاووڵاتیانەوە، ئەم پڕۆژانەش ڕێگەی دوو ساید و یەك ساید و ڕێگەی سەرەکی و لاوەکی و ڕێگەی گوندەکانی لەخۆ گرتووە و ١١ ملیۆن مەتر چوارگۆشە قیری تێدا بەکار هاتووە.

*** ئایا ئەو پڕۆژانە پرد و تونێلیش دەگرێتەوە، کە ڕۆڵێکی گەورەیان لە نزیککردنەوەی ماوەکان و باشکردنی ڕێگەوبانەکاندا هەیە؟**

- لەم کابینەیەدا پڕۆژە و کاری گەورەش لە بواری تونێل ئەنجام دراوە، بۆ نموونە تونێلی پیرمام کە دوو تویبییە و، تونێلی زاخۆ بە هەمان شێوە، بە شێوەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستان ٧,٢٥ کیلۆمەتر تونێلمان هەیە، بە تونێلی زاخۆ و دەربەندیخانیشەوە، سەرجەم ئەم تونێلانە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بەڕێوەیان دەبات، تونێلیش بەڕێوەبردن و ستاف و سیانە و کارەبای بەردەوام و ڕووناکی و ئاگرکوژێنەوە و گەیاندن و سەلامەتیی دەوێت، جگە لەم تونێلانە نزیکەی ٧,٥ کیلۆمەتری دیکە تونێلمان لە ژێر جێبەجێکردندایە و، بەهۆی بارودۆخی



داراییـەوە نەتوانـراوە پارەیـان بـە تێروتەسـەلی بـۆ دابیـن بکرێـت، لەوانـە تونێلـی (هەیبـەت سـوڵتان و سـۆرکە و مامـە جەلکەیـە و تونێلـی بەنـی هەریـر)، لـە پلانیشـدایە ٢٦,٢ کیلۆمەتـر تونێـل ئەنجام بدەیـن، لەوانـە تونێلی مەتیـن و پێنجوێـن و دەربەندیخـان و چەندیـن شـوێنی دیکـە.

سـەبارەت بـە پـردەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان ٢٦٤٣٨ مەتر درێـژی پـردی جۆراوجۆمـان هەیـە، لـە کابینەیـەی نۆیەمـی حکومەتـی هەرێمـی کوردستانیشـدا درێژتریـن پـرد لـە هەرێمـی کوردسـتان تـەواو کـرا، کـە پـردی زێـی گەورەیـە و درێژییەکـەی ٩٢٤ مەتـرە و بـە دوو سـاید و هـەر سـایدەی سـێ لاییـن دەڕوات و هـەر دوو پارێـزگای هەولێـر و دهـۆك پێکـەوە دەبەسـتێتەوە، چەندیـن پـردی دیکـەش لـە ژێـر جێبەجێکردنـدان.

*** تونێلـی دەربەندیخـان تونێلێکـی کۆنـە و یـەك سـایدە و لـۆری و ئۆتۆمبێلـی گـەورەی پێـدا تێپـەڕ دەبێـت و، ناوبەنـاو ڕووداو و ئاگرکەوتنـەوەی تێـدا ڕوو دەدات؛ ئایـا هیـچ بودجەیـەك تەرخـان کـراوە بـۆ سیانە و نۆژەنکردنـەوەی، یـان ئەنجامدانـی پردێکـی دیکـە؟**

- تونێلـی دەربەندیخـان ٥٠٠ مەتـرە و بـە تونێلێکـی بچـووك دادەنرێـت و، لەکاتـی دروسـتکردنی بەنـداوی دەربەندیخـان دروست کـراوە، ئـەم تونێلـەی دەربەندیخـان لـە دیـوی سـلێمانییەوە ناوچەیەکـی شـاخاوی و بـەرزە و، بـەردەوام ڕووداوی تێـدا ڕوو دەدات، بـۆ نۆژەنکردنـەوەی تونێـل کەشـفێکی خێرامـان بـۆ وەزارەتـی دارایـی ناردووە، بـۆ قیرتاوکـردن و ڕووناککردنـەوە و بۆیاخکـردن و دانانـی هێماکانـی هاتوچـۆ و هەروەهـا سیسـتمی ئاگرکوژێنـەوەی تێـدا دابنێیـن، ئەمـە وەکـو چارەسـەرێکی کاتـی، لـە پلانماندایـە تونێلێکـی ٣٠٠٠ کیلۆمەتـری دروسـت بکەیـن بـۆ بەسـتنەوەی هـەردوو دیـوی دەربەندیخـان و سـلێمانی، بـۆ ئەمـەش گفتوگـۆ لەگـەڵ باشـترین کۆمپانیـای تونێـل ئەنجام دراوە و دوو سـایدە و تەندروسـتە بـۆ هاتوچـۆ.

*** ئەگـەر باسـی هەندێـك لـەو پرۆژانـە کـە بـۆ هاووڵاتیـان زۆر گرنگـە، لەوانـە ڕێگـەی نێـوان هەولێـر و سـلێمانی، یـان هەولێـر و کۆیـە بـۆ ئەوانـە چیتـان کـردووە؟**

- ئەو زوڵم و برینی بودجەیەی حکومەتی ناوەندی بەرامبەر خەڵکی کوردستان کردی، کاریگەریی خراپی لەسەر ڕاوەستانی زۆر لە پرۆژە گەورە و ستراتیژییەکان هەبووە، ڕێگەی هەولێر- کۆیە بە پێنج قۆناغ جێبەجێ دەکرێت، کە قۆناغی پێنجەم تونێلی هەیبەت سوڵتانە، ئەم ڕێگەیەش بە شادەماری بەستنەوەی هەولێری پایتەختە بە پارێزگای سلێمانی و پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەرینەوە، بە هەر چوار قۆناغی ڕێگەکە ٤٦٥ ملیار دیناری پێویستە و تەنیا ١٠٠ ملیاری تێدا خەرج کراوە و، ٣٦٥ ملیار دیناری پێویستە بۆ تەواوکردنی ئەو چوار قۆناغە و، تا ئێستا لەبەر زۆریی بودجەکەی ڕەت دەکرێتەوە و تا قەیرانی داراییش بەردەوام بێت، هیچ ئومێدێك نییە بۆ دەستپێکردنەوەی ئەم پرۆژە گەورە و ستراتیژییە و، وەڵامێکی ئیجابیمان وەرنەگرتووە بۆ خەرجکردنی ئەو بودجە زۆرەی، ڕەنگە بیر لە میکانیزمی دیکە بکرێتەوە، چونکە چیتر ئەم ڕێگەیانە ناتوانێت تەحەمولی ئەو هەموو بارهەڵگرە گەورانە بکات، کە لە ئێستادا تەنانەت ڕێگەی کەرکووك بەکار ناهێنن کە بە هۆی حەشدی شەعبی و هێزە عێراقییەکانی دیکەوە گرفت و کێشەیان بۆ دروست دەکەن.

*** باسی ڕێگەوبانەکان و تێکچوونیت کرد، یەکێك لەو دیاردانەی باوە و زیان بە ڕێگەوبانەکان دەگەیەنێت، سەرپێچییەکانە لەسەر ڕێگەوبانەکان، یان لە دەوروبەری ڕێگەوبانەکانە، ئایا لەم ڕووەوە چی کراوە؟**

- سەرپێچییەکانی دروستکردن و تێکدانی ڕێگەوبانەکان کەم بووەتەوە، تەنیا سەرپێچییەکانی سەر لاتەنیشتی ڕێگەوبانەکان ماوە، خەڵکانێك دێت دووکان و بەرژینی باخچەی لێ دروست دەکات و دەبێتە هۆکاری مەترسی بۆ کەوتنەوەی کارەساتی ئۆتۆمبێل، چونکە ڕێگەوبانەکان نابێت خانوو و سیاج و دووکانی لەسەر بکرێت، ئەمە پێچەوانەی ڕێنمایی و یاساکانە، بۆ ئەمەش بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکە ئیدارییەکان لەسەر هێڵین بۆ لابردنی سەرجەم ئەم سەرپێچییانە. ئێمە زۆر بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەی چاککردنەوەی ڕێگەوبانەکانمان لە پارێزگاکان و ئیدارەی ڕاپەرین و سۆران و زاخۆ و گەرمیانمان هەیە، کە ئەرکی چاککردنەوە و پاراستنی ڕێگەوبانەکانیان لەسەر شانە و، ساڵانە ٨,٥ بۆ ٩ ملیار دینار خەرجییان هەیە لە چاککردنەوە و سیانەکردنی ڕێگەوبانەکان، کە نزیکەی پێنج ملیۆن دیناری وەکو سلفە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە دابین دەکرێت و، ئەوی ٣ بۆ ٤ ملیار دیناریشی لە داهاتی لە ٣٠٪ی وێستگەکانی کێشکردنی بارهەڵگرەکانە.

*** بۆ ئەمساڵ پلانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن چییە و گرنگترینی ئەو پرۆژانەی بۆ وەزارەتی پلاندانانتان بەرز کردووەتەوە، چین؟**

- لە سەرەتای ئەمساڵەوە لەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە ئاگادار کراینەوە بۆ ئەوەی پلانی ساڵی ٢٠٢٢ پێشکەش بکەین، پاش پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵا و دیراسەتکردنی ڕیزبەندی بۆ پرۆژەکان، بە پێی ئەو ژمارەیەی ئەوان بۆیان دیاری کردبووین، گرنگترین ئەو پرۆژانەی زۆر پێویستن جێبەجێ بکرێن، دیاری کران، کە لە ساڵی ٢٠٢٢ بڕی ١٧١ ملیار و ٧٦٠ ملیۆن دینار پارەی کاشمان داوا کردووە، کە ١٢٤ ملیار و ٦٤٣ ملیۆن دیناری بۆ بەگەڕخستنەوەی ئە پرۆژانەیە کە لە ژێر جێبەجێکردندان، ئێمە نزیکەی ٢٠٤ پرۆژەی ڕێگەوبان و بیناسازیمان هەیە لە ژێر ئەنجامداندان و بەهۆی قەیرانی داراییەوە ڕاوەستاون کە ١٤١ پرۆژەی ڕێگەوبانە و لەبەر ئەوەی نەختینەی بۆ دابین ناکرێت، بەڵێندەرەکان ناتوانن کارەکانیان بکەن. گرفتەکە لەوەدایە تا دێت پێداویستیی کۆمەڵگە و خزمەتگوزاریی کۆمەڵگە و فراوانبوونی شار و شارۆچکەکان و قەرەباڵغیی زیاتر دەبێت و، پێویستیمان بە پرۆژە و کاری نوێ هەیە، لەم ڕوانگەیەوە بە بەهای ٤٧ ملیار و ١١٧ ملیۆن دینار بۆ ئەمساڵ پرۆژەی نوێمان داوا کردووە و، لە چاوەڕوانیی ئەنجومەنی وەزیراندایین تا پلانی وەزارەتمان پەسەند بکات و، هەڵمەتێکی دروستکردنی دەیان ڕێگەوبان کە پردی جۆراوجۆری لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان لەخۆ گرتووە، دەست پێ بکەینەوە و نزیکەی ٣٤ پرۆژەی نوێ دەست بە ئەنجامدانی بکەین.

*** زۆر باسی گرفتی بودجە و قەیرانی دارایی دەکرێت، ئایا نەدەکرا هەندێك لەو پرۆژە**

**لە هەرێمی کوردستان ٢٦٤٣٨ مەتر درێژی پردی جۆراوجۆرمان هەیە، لە کابینەیەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا درێژترین پرد لە هەرێمی کوردستان تەواو کرا، کە پردی زێی گەورەیە و درێژییەکەی ٩٢٤ مەترە**

**لە پلانماندایە تونێلێکی ٣٠٠٠ کیلۆمەتری دروست بکەین بۆ بەستنەوەی هەردوو دیوی دەربەندیخان و سلێمانی، بۆ ئەمەش گفتوگۆ لەگەڵ باشترین کۆمپانیای تونێل ئەنجام دراوە و دوو سایدە و تەندروستە بۆ هاتوچۆ**

**لە ئێستادا شۆفێری بارهەڵگرەکان ڕێگەی کەرکووك بەکار ناهێنن کە بە هۆی حەشدی شەعبی و هێزە عێراقییەکانی دیکەوە گرفت و کێشەیان بۆ دروست دەکەن**

**نزیکەی ٢٠٤ پرۆژەی ڕێگەوبان و بیناسازیمان هەیە لە ژێر ئەنجامداندان و بەهۆی قەیرانی داراییەوە ڕاوەستاون**



**گەورە و ستراتیژییانەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن بە نیازە جێبەجێی بکات، لە ڕێگەی هاوبەشیی نێوان کەرتی حکومەت و کەرتی تایبەتەوە جێبەجێ بکرێن؟**

- وەکو ڕێگەوبان هیچ پرۆژەیەکمان نییە بە هاوبەشیی نێوان کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی ئەنجام بدرێت، لە بواری گواستنەوەدا هەوڵێکمان هەیە و دیراسەت دەکەین بۆ دامەزراندنی تۆڕی هێڵی شەمەندەفەر لە هەرێمی کوردستاندا، لە ئێستادا تەنیا لە قۆناغی دیراسەتکردنداین لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئیسپانی، تا بە دیراسەتێك بڕیار بدەین ئەم تۆڕە چۆن دابمەزرێت و بە کوێدا بڕوات و چ جۆرێك بێت و ئاستەنگ و بەربەستەکانی چین و چارەسەرکردنی چۆنە، خۆ ئەگەر ئەم پرۆژەیە دیراسەی کەڵکی ئابووریی تەواو بێت، دەکرێت لە ڕێگەی وەبەرهێنان و کەرتی تایبەتەوە جێبەجێ بکرێت، چونکە بەتەئکید وەکو حکومەت ناتوانین بودجەی پێویستی پرۆژەیەکی وا گەورە لەم قۆناغە هەستیارەدا دابین بکەین، هاوکات دەکرێت بە هاوبەشی لەگەڵ کەرتی تایبەتدا پرۆژەی هێڵی شەمەندەفەر لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێت.


*** بۆ ئەم حاڵەتەی قەرەباڵغی و جەنجاڵییەی ناو سەنتەری شارە گەورەکان، هیچ پڕۆژە و کارێکتان لەبەردەستدایە بۆ چارەسەرکردنی؟**

- ئێمە لە دەرەوەی شار لە قۆناغی دیراسەتکردنداین بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی ستراتیژیی گەورەی هێڵی شەمەندەفەر، ئەمەش دیراسەتکردن و پەیداکردنی ئەو لایەنەی جێبەجێی دەکات، کاتێکی زیاتری دەوێت، لەم ڕووەوە پاڵپشتێکی زۆری ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان هەیە، لە دوای تەواوکردنی دیراسەت کەڵکی ئابووریی پڕۆژەکە هەوڵی پەیداکردنی وەبەرهێنان دەدەین، ئەڵمانەکانیش بەڵێنیکیان داوە بەوەی زۆر هاوکارمان بن بۆ ئەوەی لایەنێکی جێبەجێکارمان بۆ پەیدا بکەن.

**لە بواری گواستنەوەدا هەوڵێکمان هەیە و دیراسەت دەکەین بۆ دامەزراندنی تۆڕی هێڵی شەمەندەفەر لە هەرێمی کوردستاندا**

**دەکرێت بە هاوبەشی لەگەڵ کەرتی تایبەتدا پرۆژەی هێڵی شەمەندەفەر لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێت**

# دەستوور
# لە دیدی ئاسایشی نەتەوەیی



**د.نەژدەت ئاکرەیی**
پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی
**بۆ گوڵانی نووسیوە**

ڕوون و ئاشکرایە کە بابەتی دەستوور بۆ ئاسایشی نەتەوەیی زۆر گرنگە، لە هەر سیستەمێکی یاساییدا پرەنسیپێك هەیە پێی دەگوترێت «پرەنسیپی پلەبەندیی یاسا»، واتا بە پلەی یەکەم دەستوور دێت، دوای ئەو یاساکان و دواتر ڕێنمایی و ڕێساکان و دواجار بڕیارەکان دێن، بە پێی پرەنسیپی پلەبەندیی یاسایی، دەبێت یاسا بە پێی دەستوور بێت، ڕێساکانیش بە پێی یاسا بن، هەروەها بڕیارەکانیش بە پێی ئەم سیستەمە یاساییە بن.

**لە هەر سیستەمێکی یاساییدا پرەنسیپێک هەیە پێی دەگوترێت «پرەنسیپی پلەبەندیی یاسا»، واتا بە پلەی یەکەم دەستوور دێت، دوای ئەو یاساکان و دواتر ڕێنمایی و ڕێساکان و دواجار بڕیارەکان دێن**

خوێندنەوەی ئەزموونی دەوڵەتان ئاماژە بەوە دەکات پەیوەندیی نێوان دەستوور و ئاسایشی نەتەوەیی ئەوەیە کە سیستەمی ئاسایشی نەتەوەیی لە هەندێ وڵات لەناو دەستوور ڕێك دەخرێت و ئاماژەی پێ دەکرێت، بە تایبەتی پرەنسیپە گشتییەکان، بۆ نموونە دەستووری ساڵی ١٩٧٩ی ئێران، دەستووری تورکیا ساڵانی ١٩٦١و ١٩٨٢، دەستووری ڕووسیای فیدراڵ ساڵی ١٩٩٣، لە هەندێ دەوڵەتی دیکەشدا ئەم بابەتە بۆ یاسا بەجێ دەهێڵدرێت تاکو ڕێکی بخات، بەڵگەش بۆ ئەمە یاسای ئاسایشی نەتەوەییە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لە ساڵی ١٩٤٧ دەرچوو. هەر چۆن بێت گرنگیی بابەتی ئاسایشی نەتەوەیی وا پێویست دەکات کە ڕێك بخرێت لە دیکیۆمێنتێکی باڵادا وەك دیکیۆمێنتی دەستوور، چونکە زۆر گرنگە و دەستووریش بۆ ماوەیەکی کاتی دانانرێت، بەڵکو بۆ ئێستا و داهاتووش دادەنرێت، ڕاستە دەستووری هەمیشەیی و کاتی هەیە، ڕەنگە دەستووری کاتی بۆ قۆناغێکی ڕاگواستن بێت، دوای ئەوە دەستووری هەمیشەیی بۆ چەند دەیەیەك، یان بۆ چەند نەوەیەك دێتە کایەوە.

ئەگەر بێینە سەر ئەزموونی عێراق لەم بوارەدا، هەر لە دامەزراندنی ئەو وڵاتەوە دەتوانین ئاماژە بە (٣) دەستووری گرنگ بکەین، دەستووری یاسای بنەڕەتیی عێراقی ساڵی ١٩٢٥ کە لە سەردەمی پاشایەتی دەرچوو، کە بە دەرچوونی یاسای دەستووری ساڵی ١٩٥٨ لە کۆماری عێراق بە شۆڕشی ١٤ی تەممووز نەما، ئەویش ماوەیەکی کورتی بەسەردا تێپەڕی، دوای ئەویش زنجیرە دەستوورێك دەرچوون، ئەوەی لە هەموان گرنگترە کە ئاماژەی پێ بکەین، دەستووری کاتیی عێراق بوو کە لە ساڵی ١٩٧٠ دەرچوو و بۆ ماوەی پتر لە ٣٠ ساڵ بەردەوام بوو.



**ئەندازەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ لە رووی ئاسایشی نەتەوەییەوە قۆناغێکی پێشکەوتووە بۆ رێکخستنی شێوازی حوکمڕانی بۆ عێراق لە ئێستا و داهاتوودا**

دەستوور پرەنسیپەکانی حوکم، شێوازی حوکم، دامەزراوەکان، ماف و ئازادییە گشتییەکان، هەروەها زۆر لە بواری دیکە کە پێویستە رێك بخرێن بۆ ژیانی هاووڵاتیان و دەسەڵات، پەیوەندییەکانی نێوان هاووڵاتیان و دەسەڵات، پەیوەندیی دامەزراوەکان و زۆر لە بنەماکانی دیکە، رێك دەخات. ئەوەی تێبینی دەکرێت لەسەر دەستوورەکانی عێراق لە سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەییدا، ئەم دەستوورانە تەنیا بۆ چەسپاندنی سیستەمە تاکڕەوەکان بوون، ژیانێکی ئازادیان تێدا فەراهەم نەکرابوو، تەنانەت باوەڕیشیان بە ئازادییە گشتییەکان نەبوو، لەوانەیە لە ڕووکەشەوە ئاماژەیان پێ دەکرد، بەڵام لە واقیع و پراکتیکدا پێشێلکاریی زۆریان هەبوو، بەتایبەتی لە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری، کە ئەمانە سێ دەسەڵاتی گرنگن بۆ رێکخستنی ماف و ئازادییە گشتییەکان.

لە دەرەنجامی ئەو بوومەلەرزە سیاسییەی کە ساڵی ٢٠٠٣ ڕووی دا، سیستەمە سیاسییەکە گۆڕا، یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی ساڵی ٢٠٠٤، کە دەتوانین پێی بڵێین دیکیۆمێنتێکی یاسایی بوو، کە بۆ ماوەی ساڵێك بوو، دوای ئەویش دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ دەرچوو، ئەندازەی دەستووری کە لەم دیکیۆمێنتە دەستوورییانە رێك خراوە، گۆڕانکارییەکی جۆراوجۆری تێدایە، کە ڕەچاوی پرەنسیپە دیموکراسییە جیهانییەکان، ئازادییەکان و مافەکانی مرۆڤ و چۆنێتیی رێکخستنی دەسەڵاتەکانی کردووە، تەنانەت زۆر بابەتی دیکەیشی بۆ رێکخستنی یاساکان بەجێهێشتووە، ئەوەی گۆڕانکاریی گرنگ بوو، شێوازی سیستەمی سیاسی و حوکمڕانی بووە کە شێوازێکی فیدراڵییە و رێکخستنی هەرێمەکانە بە تایبەتی هەرێمی کوردستان، کە تاکە هەرێمە لەم قەوارەیەدا کە هەرێمێکی فیدراڵییە و ددان بە مافەکانیدا نراوە.

پرەنسیپەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، یان نیشتمانی لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ ئاماژەیان پێ کراوە، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سەربازی دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی مەدەنی و دەزگاکانی هەواڵگری و ئاسایش دەکەونە ژێر دەسەڵاتی مەدەنی بە ڕەچاوکردنی بارودۆخیشیان، بەڵام دەبێت دەزگاکانی بەرگری و ئەمنی لە

**لە عێراق جۆرە بێ متمانەییەک هەیە ئەوەی دیارە لادانێک هەیە لەسەر پرەنسیپە نیشتمانییەکان و دەستووری ساڵی ٢٠٠٥، تەنانەت دەستتێوەردانی هەرێمی و نێودەوڵەتیش لەم بوارەدا بەرچاو دەکەوێت**

**پرۆفیسۆر دکتۆر نووری تاڵەبانی پرۆژەیەکی دەستووری لە ساڵی ١٩٩٣ بۆ هەرێمی کوردستان دانا، بەڵام شەڕی ناوخۆ کاریگەریی هەبوو لەسەر ڕاوەستانی ئەم مەسەلەیە و لە ڕێکخستنەوەی ماڵی کورد**

**نەبوونی دەستوور وا دەکات کە تەموومژییەک هەبێت لە سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و هەردەم خەریکی کێشە ناوخۆیی و ململانێ سیاسییەکان بین**

هەموو پێکهاتەکانی گەلی عێراقیان تێدا بێت بۆ ڕەچاوکردنی یەکپارچەیی نیشتمان، هەروەها زۆر لە پرەنسیپەکانی دیکەش ئاماژەیان پێ کرا، کە مەسەلەی سەربەخۆیی و سەروەری و مافی هەرێم و پارێزگاکان، ڕێکخستنی دەسەڵاتەکانی یاسادانان، دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و دادوەری، دەزگای دیکەی گرنگ هاتنە کایەوە وەك، دەستەی مافی مرۆڤ و دادگای فیدراڵی، ئەندازەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ لە ڕووی ئاسایشی نەتەوەییەوە قۆناغێکی پێشکەوتووە بۆ ڕێکخستنی شێوازی حوکمرانی بۆ عێراق لە ئێستا و داهاتوودا، دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوە دوور و درێژە دەگەینە دەرئەنجامێك کە ئەم دەستوورە بە شێوەیەکی چاك ڕێکخراوە و کوردیش ڕۆڵ و ماندووبوونی تێدا بوو لە ئامادەکردنی دەستوورەکەدا، بە تایبەتی سەرۆك بارزانی کە بەردەوام لە کۆبوونەوە و دانیشتنەکانی سەرەتایی ئامادە دەبوو، بۆ چەسپاندنی مافەکان، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت، ئەوەیە کە دەستوور جیا ناکرێتەوە لە بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییش، ئەو پێشکەوتنانە جۆرە پاشگەزبوونەوەیەکیان تێدا بەدی دەکرێت لە عێراق، بەتایبەتی لە کاتی تەنگژە سیاسییەکان، یان ڕاگەیاندنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن، بە بۆچوونی من ئەم دەستوورە ڕەچاوی زۆرینەیەکی مەزهەبی کرد، کە زۆرینەیەکی ئەفسانەییە، بە ناو نەهاتووە، بەڵام وا دەخوێندرێتەوە کە ئەم زۆرینەیە دەبێت پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێت و دەستووریش چەند دەسەڵاتی ئەم سەرۆك وەزیرانەی ڕێکخستووە، وەك فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان و ئەم شتانە، واتا لێرەدا جۆرە کاریگەرییەکی هەیە لەسەر ئاسایشی نیشتمانی، هەر چەندە عورفە سیاسییەکەش لە عێراق پێکهاتەیەکی دیکەی نەتەوەیی پۆستی سەرۆك کۆمار و پێکهاتەیەکی دیکەی مەزهەبی پۆستی سەرۆك پەرلەمان وەربگرێت، بەڵام ئەگەر هەردوو پۆست بەراورد بکەین بە پۆستی سەرۆك وەزیران ئەنجامەکەی ڕوون و دیارە، ئەم پۆستەش کە نوێنەرایەتیی ئەم پێکهاتەیە دەکات بە دڵنیاییەوە کاریگەریی هەیە لەسەر ئاسایشی نیشتمانی و نەتەوەیی لە عێراق، هەر چەندە پۆستی سەرۆك کۆمار تەشریفاتییە، بەڵام دەتوانێت خودی ئەو کەسەی ئەم پۆستە وەردەگرێت ڕۆڵی بەرچاوی نیشتمانی ببینێت لە پاراستنی دەستوور، هەروەها پۆستی سەرۆك پەرلەمانیش دیارە لە دانانی یاسا و چاودێریکردنی حکومەت و پەسندکردنی بوودجەدا.

ئەزموونی عێراق ماوەی دوو دەیەیە ڕوون و بەرچاوە، ئەوەی من دەیبینم جۆرە گەشبینییەك نییە لە بەڕێوەچوونی ئەم ئەزموونە، قۆناغەکانی درووستکردنی قەیرانەکان و نەبوونی متمانە لەو پرەنسیپە دیموکراسییانەی ئێستا پەیدا دەبن، کێشەیەکی گەورەیە، لە عێراق جۆرە بێ متمانەییەك هەیە ئەوەی دیارە لادانێك هەیە لەسەر پرەنسیپە نیشتمانییەکان و دەستووری ساڵی ٢٠٠٥، تەنانەت دەستتێوەردانی هەرێمی و نێودەوڵەتیش لەم بوارەدا بەرچاو دەکەوێت. بەڵگەش بۆ ئەمە زنجیرەیەك توندوتیژییە کە بۆ ماوەیەك زاڵ بوو لە عێراقدا، ئێستا جۆرە سەقامگیرییەك هەیە لە مەسەلەی توندوتیژی و ئەمنی، هەروەها کێشەکانی ئابووری و دروستکردنی قەیران لەگەڵ هەرێمی کوردستان سەریان هەڵداوە، بۆیە دەبێ پێداچوونەوە بە مەسەلەکانی سیاسەتی نیشتمانی و نەتەوەیی عێراقدا بکرێت، ئەم لادانە لە پرەنسیپە دەستوورییەکان مەترسیدارە بۆ داهاتووی عێراق کە ناڕوونە، هەرچەندە لە ڕووی بژێویی ئابوورییەوە جۆرە گەشەپێدانێك هەیە، بەڵام هەر بەم شێوەیە نییە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی لە هەرێمی کوردستان هەیە.

ئەگەر بێینە سەر ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە بواری دەستوور پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، بیر لەم مەسەلەیە کراوەتەوە و چەند هەوڵی تاکە کەسی لەم بوارەدا دراوە، بۆ نموونە پرۆفیسۆر دکتۆر نووری تاڵەبانی پرۆژەیەکی دەستووری لە ساڵی ١٩٩٣ بۆ هەرێمی کوردستان دانا، بەڵام شەڕی ناوخۆ کاریگەریی هەبوو لەسەر ڕاوەستانی ئەم مەسەلەیە و لە ڕێکخستنەوەی ماڵی کورد، ئەوە بوو هەوڵی دیکە لە پەرلەمانی دیکە دەستی پێ کردەوە، لیژنە بۆ ئەم مەسەلەیە دانرا و گەیشتە ئاستی ئەوەی کە پرۆژەکە ئامادە بوو دەنگی لەسەر بدرێت، ئیدی بە هۆی

هاوکێشەکان و بارودۆخی سیاسی سەقاتی سیاسی هاتەکایەوە، لیژنەیەکی دیکە دانرا و ژمارەیەکی زۆری تێدا بوو، کە پێویستە ئەم ژمارە زۆرانە لە دانانی دەستووردا نەبن.

بیروبۆچوونی سیاسی کاریگەریی کردووەتە سەر دانانی دەستوور، لەوانەیە دەستی هەرێمی و دەرەکیش لەم مەسەلەیەدا هەیە، وەك فشارکردن بۆ نەگەیشتن بەم پڕۆژەیە، چونکە گرنگە بزانین کە دەستوور چەند گرنگ و پاڵپشتییە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، ئەمیش بە هەمان شێوە پاڵپشتە بۆ دەستوور، نەبوونی دەستوور وا دەکات کە تەمومژییەك هەبێت لە سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و هەردەم خەریکی کێشە ناوخۆیی و ململانێ سیاسییەکان بین.

گرنگە جارێکی دیکە ئاماژە بەوە بکەم کە ئەگەر جارێکی دیکە لیژنە بۆ دانانی دەستوور دانرا، ژمارەیان لە حەوت ئەندام تێپەڕ نەکات، بە لانی کەم نیوەی زیاتری ئەندامەکانیش پسپۆڕی تایبەتیی یاسای دەستوور بن، پلەی زانستییان هەبێت، شارەزا بن و ئەزموونی دەوڵەتانی دیکەیان بینیبێت، نەك بەو لیژنە فراوانەی کە بۆ دەستوور دادەنرێت. پرسیار ئەوەیە ئایا لە خاڵی سفرەوە دەست پێ بکەین بۆ دانانی دەستوور، یان نا؟ بە ڕای من دەستوور تۆمارێکە بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی تێدایە، هەروەها گۆڕانکاریشی تێدایە، چونکە دەستوور بۆ قۆناغێکی کاتی، یان دەیەیەکی زەمەن دانانرێت، بۆیە بەپێی دەستووری ٢٠٠٥ی عێراق مافی هەرێمی کوردستانە کە دەستووری خۆی دابنێت و ڕەچاوی هەموو پرەنسیپەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی بکات.

ئەوەی لای من گرنگە ئاماژەی پێ بکەم بۆچوونەکانی دادگای دەستووری فیدراڵییە لە عێراق، تێبینی دەکرێت لە زۆر بۆچوونەکانی لەسەر هەندێ بنەما پاڵپشتیی ئەوە دەکات، کە لەگەڵ دەستوور و بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی گەلانی عێراق ناگونجێت بە شێوەیەکی گشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە مەسەلەی ڕیفراندۆم و نەوت و گاز و بابەتی دیکە، کاتەکەش وای بۆ دەچم کە دەستنیشانکردنی ئەم جۆرە کاتە نەگونجاوە، چونکە دەبێت دادگا پەلە نەکات لە دانانی ڕا و لێکدانەوە بۆ یاسایەك کە پاڵپشتە بە دەستوور، یان نا، بەڵکو دەبێت ڕەچاوی هەلومەرجی ناوخۆیی و دەرەکی و کات و بارودۆخی دەرچوونی ئەم یاسایە بکات، هەموو بابەتەکانی داوا کە ئێمە پێی دەڵێین (بە زمانی یاسا) بخوێنێتەوە، هەروەها گوێ لە هەموو لایەك بگرێت. ئەوەی من تێبینی دەکەم پەلە لە دەرچوونی بڕیارەکان هەیە، هەندێ بڕیار ماوەیەکی زۆری بە سەردا تێپەڕیوە، بەڵام سەیرکردن و دەرچوونیان ماوەیەکی زۆر کورت دەخایەنێت، بۆیە دادگای دەستووری فیدراڵی بە ڕای ئێمە دادگایەکە شەرعییەتی دەخرێتە ژێر پرسیارەوە، واتا چۆنێتیی دامەزراندن و پێکهاتەی ئەم دادگایە، ئایا لەگەڵ پرەنسیپەکانی نیشتمانیی عێراق و نەتەوەی کورد دەگونجێت؟ ئەمە پرسیارێکە، هەرچەندە نوێنەرانی هەرێمیشی تێدایە، بەڵام ڕێژەکە وەربگرین، بوون و نەبوونی نوێنەرانی هەرێم کارێکی ئەوتۆ ناکاتە سەر بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی، دەبێ ئەم دادگایە تەنیا پێکهاتەی لە دادوەر نەبێ، بەڵکو لە پسپۆڕانی یاسای دەستوور بن کە ئێمە پێی دەڵێین «فیقهی دەستووری»، تاکو بڕیارەکانی لەو ئاستەدا بن.

ئەوەی زۆر گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان لەم قۆناغەدا، مەسەلەی دەستوور و ئاسایشی نەتەوەیی بۆ پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانە کە دەکرێت چاپتەرێکی بۆ تەرخان بکرێت و دامەزراوەکان ئاماژەیان پێ بکرێت، لە ئێستاوە ئەوە کاری سەنتەرەکانی توێژینەوەی ئەکادیمییە و دەبێ کۆلێژەکانی یاسا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان کە خۆیان لە پتر لە پازدە کۆلێژی یاسا دەبیننەوە، ڕۆڵێکی بەرچاو ببینن لەم مەسەلەیە، بۆیە دانانی دەستوور پێویستی بە شارەزایان هەیە، گفتوگۆکردن لەسەر ماددە دەستوورییەکان پێویستیان بە شارەزایان هەیە، نەك هەر ویستی سیاسی ئەم مەسەلەیە یەکلا بکاتەوە، لە دەرئەنجامدا ئەگەر هاتوو دەستوور گونجاو بوو لەگەڵ سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و بە پێچەوانەوەش، ئەوا ئاسایشی یاسایی دێتە کایەوە کە مەسەلەیەکی گرنگە بۆ قەوارەی ناوخۆ و دەرەوەی هەر کیانێکی دەستووری.

**بەپێی دەستووری ٢٠٠٥ی عێراق مافی هەرێمی کوردستانە کە دەستووری خۆی دابنێت و ڕەچاوی هەموو پرەنسیپەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی بکات**

**بوون و نەبوونی نوێنەرانی هەرێم کارێکی ئەوتۆ ناکاتە سەر بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی، دەبێ ئەم دادگایە تەنیا پێکهاتەی لە دادوەر نەبێ**

**ئەوەی زۆر گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان لەم قۆناغەدا، مەسەلەی دەستوور و ئاسایشی نەتەوەیی بۆ پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانە کە دەکرێت چاپتەرێکی بۆ تەرخان بکرێت و دامەزراوەکان ئاماژەیان پێ بکرێت**

# ئامادەکاریی پێشوەختە بۆ ئەگەرەکانی وشکەساڵی و کەم ئاوی

## هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی



ئەگەرەکانی دەرکەوتنی گرفتی کەمئاوی لە پارێزگای هەولێر، بەتایبەتی لە ناوشاری هەولێر و ئامادەکاری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی لەسەر هاووڵاتیان و، لێدانی ١٣٨ بیری ئاوی خواردنەوە و نۆژەنکردنەوەی پرۆژەکانی ئاو و لێدانەوەی بیرە وشکبووەکان و، هەماهەنگی لە نێوان فەرمانگە پەیوەندیدارەکان، بەتایبەتی لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و وەزارەتی کارەبا و پارێزگای هەولێر، تەوەرەی سەرەکیی دۆسیێی گۆڤاری گوڵان بوو.





**دکتۆر عەلی ڕەشید خۆشناو**

**سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر:**

# پارێزگاری هەولێر پلانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ئەگەرەکانی کەم ئاوی داناوە

بەپێی ڕاپۆرتی سەرچاوەی ئاوەکان لە وەزارەتی کشتوکاڵ، ئەمساڵ لە شاری هەولێر و سنوورەکەی وشکەساڵی دەبێت و قەیرانی کەمئاوی ڕوو دەدات، گۆڤاری گوڵان پرسیارێکی ئاراستەی دکتۆر عەلی ڕەشید سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر کرد.

سەرەتا سەبارەت بە وشکەساڵی لە شاری هەولێر و سنوورەکە و پلانەکانی بەرەنگاربوونەوەی ئەگەرەکان، بەتایبەتی ئەگەری دەرکەوتنی گرفتی کەمئاوی، دکتۆر عەلی ڕەشید خۆشناو گوتی: «بەڵێ ئێمە ئاگاداری ئەو ڕاپۆرتەی وەزارەتی کشتوکاڵ بووین کە ئاماژەی لەسەر پارێزگای هەولێریش تێدایە، من تێڕوانینم لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتە نییە، بەڵام ڕاپۆرتەکە لە ڕووی میترۆلۆجییەوە کە داتای بارانی وەرگرتووە، پلە بە پلە و قەزا و ناحیەی وەرگرتووە، بۆیە ئەو وەرگرتنەی داتاو ستێشنی میترۆلۆجی دالە نییە و ناتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت بەیەك ستێشن بۆ دیاریکردنی وشکەساڵی، لەبەر ئەوە ناتوانین بڵێین ساڵێکی تەڕ نابێت، نابێت لە مانگی چوار وشکەساڵی ڕابگەیەنین و لەمانگی ٥ و ٦ و ٧ لەکاتێکدا لە ناوچە شاخاوییەکان باران دەبارێت، لە ساڵانی ١٩٩٨ و ١٩٩٩ و ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ و ٢٠٢٠ و ٢٠٢١ کە ڕێژەی بارانبارین لە ٢٠٠ ملم کەمتر بووە، بە وشکەساڵی دانراوە، بەڵام ئەمساڵ باران زیاتر بووە لە ٢٠٠ ملم، لەلایەکی دیکەوە وشکەساڵی لەگەڵ کەمئاوی ڕاستە پەیوەندیان پێکەوە هەیە، بەڵام دوو شتی جیاوازن، بۆ هەولێر کە زیاتر پشتی بە ڕاکێشانی ئاوی زێ بەستووە، ئەوەی کاریگەریی تێ دەکات زیاتر زۆر ڕاکێشانی

ئاوی ژێر زەوییە کە زۆر پشتی پێ بەستراوە و وایکردووە ئاستەکەی دابەزێت. بۆ نموونە لە ماوەی یەك مانگدا لە شاری هەولێر ١٠٠ملیۆن مەتر سێجا ئاوی ژێر زەوی دەردەهێنرێت، ئەمەش وا دەكات ڕێژەیەكی زۆر بیر وشك بكات و دەبێت قوڵتر بكرێن، باشترین چارەسەر جێبەجێكردنی پڕۆژەی ئاوی ئیفراز چواری هەولێرە، یان جێبەجێكردنی پڕۆژەی قەشقە لە سەر زێی بچووك، واتا ئاوی زێی بچووك ڕابكێشرێت بۆ قوشتەپە، بەتایبەتی كە ئاوی ژێرزەوی حەوزی قوشتەپە لە ٥٠ ساڵی ڕابردوودا تائێستا دەردەهێنرێت و قووڵییەكەی بووەتە ٦٠٠ مەتر، ئەم پڕۆژەیەی ئاوی خواردنەوە زۆر گرنگە و پێویستە بەهەند وەربگیرێت، سەرەتا بۆ چارەسەركردنی كەمئاوی لە سنووری ناحیەی قوشتەپە و دواتر بۆ سەنتەری شاری هەولێر، ناكرێت هەر پەنا بۆ ئاوی ژێرزەوی ببەین، كە تەنیا موڵكی ئێمە نییە و بۆ نەوەكانی داهاتوومانە و، بەداخەوە دوو زێ لە هەرێمی كوردستان هەیە و كەمترین سوودمان لێ وەرگرتووە، ئەوانیش زێی گەورە و زێی بچووكە، دەكرێت بیرەكانی ئاوی خواردنەوە دابخەین و دەستبەرداریان بین، هەروەكو چۆن لە ساڵی ٢٠٠٠ كە ئیفراز سێ تەواو بوو، لە ناوشاری هەولێر ٨٠ بیری ئاوی خواردنەوە داخران، بەداخەوە دوای ئەو گەشەكردنە خێرایەی كە هەولێر بەخۆیەوە دەبینێت، دووبارە گەڕاینەوە سەر لێدانی بیری ئاوی خواردنەوە».

سەبارەت بەوەی لەمساڵدا پشت بە دابینكردنی ئاو بە تەنكەر دەبەستین، سەرۆكی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر گوتی: «ئەمساڵ ناگەینە ئەو حاڵەتەی بە تانكەر ئاو بۆ گەڕەكەكان دابین بكەین، جگە لە هەندێك گەڕەك نەبێت، بۆ ئەمەش ئامادەكاریی پێشوەختە كراوە، لێرەدا سوپاسی ڕێكخراوی خێرخوازیی بارزانی دەكەم كە ساڵی ڕابردوو بەفریای خەڵكی ئەو گەڕەكانەوە هات و زۆرترین ئاوی خواردنەوەی دابین كرد.

دەمەوێت ئاماژە بەوەش بكەم كە ئیدارەدانی ئاو دوو بەشە، بەشێكیان حكومەتە و بەشەكەی دیکە هاوولاتیانە، پێویستە خەڵك دەست بە ئاوەوە بگرن و بۆ بەردەرگا و ئۆتۆمبێل شوشتن بەفیڕۆی نەدەن، لەمەشدا مامۆستایانی ئایینی و هونەرمەندان و ڕۆشنبیران و ڕێنماییەكانی وەزارەتی شارەوانی زۆر گرنگە، ناكرێت سامانێكی وا گرنگ كە موڵكی هەمووانە بەفیڕۆ بدرێت، كەسانێك هەبن تەوافە و پێوەری ئاویان نەبێت و ئاو بەفیڕۆ بدەن، ئەمانە هەمووی هۆكارن بۆ پاراستنی ئاو و ڕێگەگرتن لە بەهەدەردانی. من گەشبینم بەوەی پارێزگای هەولێر ئومێد خۆشناو لەسەر هێڵەو هەموو خۆئامادەكردنێكی كردووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ئەگەرەكان، بەڵام دەبێت هەمووان هاوكاری بین بۆ ئەوەی نەهێڵین كەس بێ ئاو بێت».



**لە ماوەی یەک مانگدا لە شاری هەولێر ١٠٠ملیۆن مەتر سێجا ئاوی ژێر زەوی دەردەهێنرێت، ئەمەش وا دەکات ڕێژەیەکی زۆر بیر وشک بکات و دەبێت قووڵتر بکرێن**

**بەداخەوە دوای ئەو گەشەکردنە خێرایەی کە هەولێر بە خۆیەوە دەبینێت، دووبارە گەڕاینەوە سەر لێدانی بیری ئاوی خواردنەوە**



مسعود کارەش

جێگری پاریزگاری هەولێر بۆ کاروباری هونەری بۆ گوڵان:

# بۆ ڕێگرتن لە وشکەساڵی چەندین بەنداو کاری تێدا دەکرێت و بەشێکیشیان تەواو بوون

لە ئێستاوە باس لە ئاماژە و ئەگەرەکانی وشکەساڵی دەکرێت بەهۆی کەمیی بارانبارینەوە لەمساڵدا، بۆ زانینی ئەو هەنگاو و ڕێکارانەی بە نیازە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم حاڵەتە بگیرێنەبەر، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی مەسعود کاکەڕەش جێگری پاریزگاری هەولێر بۆ کاروباری هونەری کرد و سەرەتا سەبارەت بە خۆ ئا ما د ە کر د ن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی ئەمساڵ بۆ شاری هەولێر و ئەو تیمەی هەماهەنگی لە بەرێوەبەرایەتییە جیاوازەکانی فەرمانگاکانی هەولێر دروست کراوە، گوتی: «ئەمساڵ بە هۆی کەمبارانییەوە بە شێوەیەك لە شێوەکان دیار بوو کە وشکەساڵییە، بۆیە بە پێویستمان زانی پێشوەختە خۆمان ئامادەبکەین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی، نەك دوای ڕوودانی دەست بەکار بکەین، لەم ڕووەوە لە مانگی ١١و١٢ی ساڵی رابردوو چەند کۆبوونەوەیەکمان بۆ ئەو مەبەستە لە پارێزگای هەولێر بە ئامادەبوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەنجام دا، لەوانە بەرێوەبەرایەتیی ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر و بەرێوەبەرایەتیی ئاوی دەوروبەر و بەرێوەبەرایەتیی کارەبا و بەرێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی هەولێر و ئاوی ژێرزەوی و ئاودێریی هەولێر و چەندین لایەنی دیکە، لە دەرئەنجامدا تیمێکی بەرفراوان پێك هێنرا لەم لایەنە پەیوەندیدارانە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی و کەمئاوی لە شاری هەولێر و سنوورەکەیدا و، هەر یەك لەو لایەنانەی لە کۆبوونەوەکاندا بوون ڕاوسەرنجی خۆیان هەبوو، هەموو بۆچوونەکان بە هەند وەرگیران و کارەکانی کۆبوونەوەکە کرایە کۆنووسێك و بەرزکرایەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئێمە وەك پارێزگا نەخشەڕێگا و ئامادەکاریمان کردووە بۆ ئەگەری ڕوودانی ئەم قەیرانە، ئەو پلان و ئامادەکارییەی کردوومانە بۆ هەموو پارێزگای هەولێرە جگە لە سۆران، کە ئیدارەی سۆران ئیدارەیەکی سەربەخۆیە و بۆی هەیە پلان و بەرنامەی خۆیان هەبێت، هەرچەندە دەکرێت لەگەڵ ئیدارەی سۆرانیش کار و بەرنامەی تێکهەڵکێشمان هەبێت. هەر بۆ نمونە بەرێوەبەرایەتیی ئاوی دەوروبەر کاری هەموو

قەزاو ناحیەکانی پارێزگای هەولێر بە سۆرانیشەوە جێبەجێ دەکات، بەڕێوەبەرایەتیی ئاودێری هەمان سنووری جوگرافیی پارێزگای هەولێر لە ئەستۆ دەگرێت، هەر بۆیە کاری ئەو تیمەی پێك هێنراوە، هەموو پارێزگای هەولێر دەگرێتەوە».

١٣٨ بیری ئیرتیوازیی لە ناو شاری هەولێر و دەوروبەری لێ دەدرێت، لەمبارەیەوە جێگری پارێزگاری هەولێر گوتی: «هەموو ئەو کار و داواکارییانەی ئێمە بە هەماهەنگی ئاوی ژێرزەوی و بەڕێوەبەرایەتیی ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرزمان کردووەتەوە، بێگومان هەندێك لەو بیرانە بیری تازەن بۆ ئەو گەڕەك و شوێنانەی لە گەورەبووندان و، ژمارەیەکیش لەو بیرانەن کە بە هۆی وشکەساڵییەوە وشکیان کردووە، یان ئاوەکەیان کەمی کردووە، کاری قووڵکردنیان ئەنجام دەدرێت و بیری بەدیلیان بۆ لێ دەدرێت، هاوکات لە قەزا و ناحیەکانیش هەر شوێن وگەڕەکێك بەرفراوان بووبێت و پێویستی بە بیری ئاو هەبێت، بیریان بۆ لێ دەدرێت، واتە لەو ژمارە بیرەی دانراون، هەندێك بیری تازەن و هەندێکیش بیرلێدانەوەیە لە شوێنی ئەو بیرانەی کە لە ساڵانی ٧٠ و٨٠ و٩٠ی سەدەی ڕابردوو لێ دراون، بەڵام ئێستا وشکیان کردووە، یان ئاستی ئاوەکانیان زۆر دابەزیوە». و، سەبارەت بە هێڵە گشتیەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سیکتەری ئاوی خواردنەوە ئاماژەی بەوەکرد کە «یەکێك لە هێڵە گشتییەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان بەکارهێنانی ئاوی سەرزەوی بوو لە جیاتی ئاوی ژێرزەوی، ئەم کابینەیەش تەواوکاری کابینەکانی دیکەیە کە چەندین پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەی ستراتیژی لە کابینەکانی دیکە وەك پڕۆژەی ئاوی میرگەسۆر و شەقڵاوە و سۆران و .. تاد، جێبەجێ کراون. ئەو پڕۆژانە ژێرخانێکی ئابووری و بەهێزی ئاو بوون بۆ ئەو شوێنانەی باسمان کرد و، هەندێ پڕۆژەی ستراتیژیی دیکەی ئاو هەبوون، بەڵام لەبەر ئەو قەیرانانەی بەرۆکی گرتووین، نەمانتوانی جێبەجێیان بکەین و، لە هەمانکاتیشدا لە چوارچێوەی بەرنامەکەیدا کابینەی نۆیەم لە بەرنامەیدا هەوڵ دەدات چەندین پڕۆژەی دیکەی ئاو جێبەجێ بکات، هەر ئێستا پڕۆژەی مێرگەسۆر جێبەجێ دەکرێت و بودجەی بۆ تەرخان کراوە کە سەر بە پارێزگای هەولێرە و یەکێکە لە پڕۆژە ستراتیژییەکان و بەکارهێنانی ئاوی سەرزەوییە، واتە حکومەت وازی لە پڕۆژەکانی ئاوی سەرزەوی نەهێناوە، بەڵکو لە هەر دوو سەرچاوەی ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی کار دەکات، بۆ نموونە گوندێك کێشەی ئاوی هەبێت، خۆ ناکرێت پڕۆژەی گەورەی بۆ جێبەجێ بکرێت، بەڵکو بە لێدانی بیرێك ئاوی بۆ دابین دەکرێت».

**یەکێک لە هێڵە گشتییەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان بەکارهێنانی ئاوی سەرزەوی بوو لە جیاتی ئاوی ژێرزەوی**

سەبارەت بە دابینکردنی ئاو بە تەنکەر بە یەکێك لەو ڕێگە ناچارییانە دادەنرێت کە خێرا بە فریای هاووڵاتیان بکەوێت، لەمبارەیەوە مەسعود کارەش گوتی: «لە پارێزگای هەولێر لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەوڵی خۆماندایـن و وەك یەك تیم کار دەکەین، لە هەر شوێنێك کێشەی کەمئاوی هەبێت، چارەسەری دەکەین، هەموو ئەگەرەکانمان لە پێشە و هەموو پێداویستییەکمان بۆ دابین کراوە کە کێشەکانی هاووڵاتیان چارەسەر بکەین و. بۆ ڕێگرتن لە وشکە ساڵیش لەکابینەی نۆیەمدا پلان بۆ چەندین بەنداوی ستراتیژی و ئاسایی و پۆنت دانراوە، بودجە تەرخان کراوە و چەندین لەو بەنداوانەش ئێستا کاریان تێدا دەکرێت، لەوانە بەنداوی دەربەندی گۆمەسپان کە پڕۆژەیەکی ستراتیژییە و پڕۆژەی بەنداوی ئاقوبان-یش لەژێر جێبەجێکردنە و، پڕۆژەی بەنداوی چەمەرگە-ش دروست کراوە، کە دیتمان ئەمساڵ زیاتر لە ملیارێك و سێ سەد ملیۆن مەتر سێجا ئاوی تێدا گل دراوەتەوە، هەروەها وەك پارێزگای هەولێر چەند پۆنتێکمان کردووە، لەوانە لە گوندی کاریتان کە نزیکەی ٢٠٠هەزار مەتر سێجا ئاو گل دەداتەوە و چەند پۆنتێکی دیکەش لەژێر ئەنجامدان و بەرنامەدان».

هەروەها لە ڕووی سوودوەرگرتن لە ئاوی ئاوەڕۆ و بەکارهێنانی بۆ زەوییە کشتوکاڵییەکان و پشتێنەی سەوزایی، بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆی هەرێم گوتی: «ئەم پڕۆژەیە لەسەر قەرزی درێژخایەنی کۆمپانیای جایکای یابانییە و، ئەو ڕێکخراوە بەرنامەی خۆیان هەیە و کارەکانیان لەسەر ئەو بەرنامەیە جێبەجێ دەکەن، ئەو پڕۆژەیە ئێستا لە ڕاگەیاندنە و چەند مانگێکی دیکە دەچێتە بواری جێبەجێکردن، دیزاینەکەی لای ئەوان دروست کراوە و پارەی هەر هەمووی لای ئەوانەوە بۆ تەرخان کراوە، کۆمپانیا ڕاوێژکارییەکە ئۆفیسی خۆی ئێستا لە هەولێر کردووەتەوە و ئامادەن دەست بە کارەکانیان بکەن، هاوکات تەندەرەکەش ئامادەیە بۆ ڕاگەیاندن، داواکارین هەموو کۆمپانیا پێشکەوتوو و پسپۆڕە شارەزاکان لەو تەندەرینەدا بەشداری بکەن».

**هەندێ پڕۆژەی ستراتیژیی دیکەی ئاو هەبوون، بەڵام لەبەر ئەو قەیرانانەی بەرۆکی گرتووین نەمانتوانی جێبەجێیان بکەین**



## حوسێن حەمەد قادر

**بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای پارێزگای هەولێر:**

# کارەبای بەردەوام بۆ تەواوی بیرەکانی ئاو لە هەولێر دابین دەکەین

کارەبای بەردەوام بۆ ١٣٨ بیری نوێی ئاو دابین دەکەین و هەڵمەتێکی فراوانیش بۆ بڕین و سزادانی سەرپێچیەکانی سەر هێڵە بەردەوامەکانی بیرە ئاوەکان دەست پێ دەکەین.

دابینکردنی کارەبای بەردەوام بۆ بیرەکانی ئاو و پڕۆژە گەورەکانی ئاو؛ بە یەکێك لەو ڕێگە چارەسەرانە دادەنرێت کە ڕۆڵی لە کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی ئەگەری سەرهەڵدانی کەمئاوی لە وەرزی گەرمای ئەمساڵدا هەیە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی حوسێن حەمەد قادر بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای پارێزگای هەولێر کرد، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە:

سەرەتا سەبارەت بە هەنگاوەکانی فەرمانگەکانی کارەبا بۆ دابینکردنی کارەبا بۆ بیری نوێی ئاوی خواردنەوە و پڕۆژەکانی ئاو، گوتی: «بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کارەبای هەولێر هەماهەنگی و هاوکارییەکی باشی لەگەڵ فەرمانگەکانی ئاو و یەکە ئیدارییەکانی پارێزگای هەولێردا هەیە، لەگەڵ فەرمانگەکانی ئاو لە سنووری پارێزگای هەولێر بۆ دابینکردنی کارەبای بەردەوام و چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان، بۆ ئەم مەبەستە هێڵی تایبەتمان بۆ فەرمانگە و بیرەکانی ئاو لە ناو شاری هەولێر و دەوروبەر و قەزا و ناحیەکان ڕاکێشا، تا لەگەڵ بچڕانی کارەبا و کەمبوونەوەی ماوەکانی پێدانی کارەبا، وزەی کارەبای پێویست بدرێت بە بیرە ئاوەکان، بەم شێوەیە هەر بیرە ئاوێك لەو جۆرە کارەبایەی بۆ ڕاکێشرابێت، ژمارەی پێدانی کارەبایان زیاتر کراوە، چەندین هێڵی تایبەتیشمان بۆ پڕۆژەکانی ئاو دابین کردووە، تەنانەت لە هەندێك ناوچە کە کێشەو گرفتی ئاو زیاترە، هێڵی تایبەتمان بۆ بیرە ئاوەکان ڕاکێشاوە، هاوشێوەی هەر سێ پڕۆژە گەورەکەی ئیفرازی ١و ٢و ٣ی شاری هەولێر و پڕۆژەی ئاوی قەندیل و چەندین پڕۆژەی دیکەی هاوشێوەی ئەم پڕۆژە گەورانەی ئاو، کە هێڵی تایبەتی کارەبای ٢٤ کاتژمێرییان بۆ دابین کراوە. کارکردنمان بە پلانێکی هاوبەشە

و فەرمانگەکان ڕاسپێردران تەواوی تواناکانی خۆیان بەگەڕ بخەن، بۆ ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی قەیرانی ئاو، لێدانی ١٣٨ بیری ئاوی تازە و چارەسەرکردنی کێشەی ئەو بیرە ئاوانەی وشك بوون، یان ئاستی ئاوەکەیان دابەزیوە، کارەبای پێویست و بەردەوامیان بۆ دابین بکرێت. بە سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی پارێزگاری هەولێر و جێگرەکەی، ژووری ئۆپەراسیۆنی چارەسەرکردنی گرفتی کەمئاوی پێك هێنراوە، لە ئێستادا دەستی بەکارەکان کردووەتەوە و بەشێکی پەیوەندارە بەدابینکردنی کارەبا و گەیاندنی کارەبای بەردەوام، هەر بیرە ئاوێکیش لە هێڵی کارەبای بەردەوام دوور بێت، لە ڕێگەی موەلیدەکانەوە کارەبایان بۆ دابین دەکرێت. بەم شێوەیە ئەرکی سەرشانی ئێمەیە کە هەر بیرە ئاوێك کارەبای پێویست و بەردەوامی بۆ دابین بکەین و، ئەگەر نەبوو، دەبێت لە ڕێگەی موەلیدە ئەهلییەکانەوە کارەبایان بۆ دابین بکرێت و بەردەوام ترومپا گەورەکانیان لەکاردا بن. هەروەها ڕەزامەندیی لەسەر لێدانی ١٣٨ بیری ئاو دراوە و بودجەی بۆ تەرخان کراوە و بودجەیەکی دیکەش کە نزیکەی چوار ملیار و ٧٠٠ ملیۆن دینار تەرخان کراوە و، لەو بڕە پارەیەش هەر کێشە و گرفتێك هەبێت بۆ گەیاندنی کارەبا و تۆڕی کارەبا بۆ بیرە ئاوەکان چارەسەر دەکرێت و، تەواوی دەسەڵاتیش دراوەتە ژووری ئۆپەراسیۆن بۆ خەرجکردنی ئەو پارەیە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان».

سەبارەت بە بڕینی سەرپێچییەکان لەسەر هێڵی کارەبای بیرەکانی ئاو، بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای هەولێر گوتی: «هەرچەندە هەڵمەتی بڕینی سەرپێچییەکانی کارەبا لە سنووری پارێزگای هەولێر بەردەوامیی هەیە، بۆ نموونە لە ئەمساڵدا واتا لەم چوار مانگ و نیوەدا نزیکەی ٣٠ سەرپێچیکار کارەبایان لێ بڕاوە و ٤٦٣ ملیۆن دینار سزا دراون، بۆ بڕینی سەرپێچیەکانی بیرەکانی ئاویش لە سنووری پارێزگای هەولێر بەرنامەیەکی چڕ و فراوانی تایبەت بە سەرپێچیەکانی هێڵەکانی کارەبای بیرە ئاوەکان لەبەردەستدایە و، لەم ماوە نزیکەدا دەست پێ دەکەین».

سەبارەت بەو پرۆژانەی کارەبا کە لە سنووری شاری هەولێر ئەنجام دراون، کە ڕۆڵی دەبێت بۆ دابینکردنی کارەبا بۆ بیرەکانی ئاو، حوسێن حەمەد قادر گوتی: «حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەیەکی گەورەی دابین کرد بۆ ئەو پرۆژانەی کە زۆر پێویستن و بەهۆی قەیرانی داراییەوە ڕاگیرابوون، ئەوە بوو لە کەرتی کارەبادا چەندین پرۆژەی جۆراوجۆر لە کەرتەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە و دابەشکردن ئەنجام دران، لە پارێزگاری هەولێریش چەندین پرۆژە و وێستگەی گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبا بۆ گۆڕینی ڤۆڵتییە جێبەجێ کرا، لەوانە وێستگەکانی (کارێزان، نووسەران، نیشتمان، کەسنەزان (مۆنۆمێنتی شەهیدان)، ئازادیی نوێ (زانیاری)، ڕووناکی و چەندین وێستگەی دیکەی مۆبایل، چەند پرۆژەیەکی دیکەش لەژێر جێبەجێکردندان، لەوانە وێستگەکانی (شاوێس و بەحرکە و تیماری گەورە)، ئەم وێستگە گەورانەی ڤۆڵتییە بە بودجەیەکی زۆر کە هەر وێستگەیەك لە نێوان ١٨ بۆ ٢٠ ملیار دینار جێبەجێ کراوە و، لە ماوەیەکی کەمدا ئەنجام دراوە و هێڵی کارەباشیان لە ١٠ بۆ ١٥ فیدەری بۆ وێستگەو ناوچەکان لێ دەرکراوە، تاوەکو بتوانرێت کارەبا بدرێت بە هاووڵاتیان و پرۆژە و گەڕەکەکان، بەتایبەتی گەڕەك و ناوچە ئاوەدانە نوێیەکان، ئومێدیش زۆرە سێ وێستگەکەی دیکە (وێستگەی شاوێس) بەم نزیکانە کارەکانی تەواو ببێت و ئەوانی دیکەش بودجەی بۆ تەرخان کراوە و دەست بە جێبەجێکردنی دەکرێت، وەزارەتی کارەبا لە جێبەجێکردنی ئەو ژمارە زۆرەی پرۆژە و هێڵی کارەبا و ئیشپێکردنی پرۆژەی پێوەری زیرەك، هەمووی کاریگەریی لەسەر کەمکردنەوەی ئەو فشار و پاڵەپەستۆیە هەبووە، بەڵام وەکو ئاماژەم پێ کرد، گەشە لە شاری هەولێر بە ڕادەیەکە کە پێویستمان بە پرۆژە و کاری بەردەوامە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر دابینکردنی کارەبا بۆ هاووڵاتیان و بیرەکانی ئاو هەیە، بەتایبەتی لە وەرزی گەرمادا».

**هێڵی تایبەتمان بۆ فەرمانگە و بیرەکانی ئاو لەناو شاری هەولێر و دەوروبەر و قەزا و ناحیەکان ڕاکێشا، تا لەگەڵ بچڕانی کارەبا و کەمبوونەوەی ماوەکانی پێدانی کارەبا، وزەی کارەبای پێویست بدرێت بە بیرەکانی ئاو**

**ئەرکی سەرشانی ئێمەیە کە هەر بیرە ئاوێك کارەبای پێویست و بەردەوامی بۆ دابین بکەین و، ئەگەر نەبوو، دەبێت لە ڕێگەی موەلیدە ئەهلییەکانەوە کارەبایان بۆ دابین بکرێت و بەردەوام ترومپا گەورەکانیان لەکاردا بن**



## زەردەشت عەبدولخالق سەرسام

**بەڕێوەبەری ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر:**

# تیمێک لە فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی شاری هەولێر بۆ چارەسەرکردنی کەمئاوی و وشکەساڵی پێکهێنراوە

زەردەشت عەبدولخالق سەرسام بەڕێوەبەری ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر کە لایەنی ڕاستەوخۆی دابینکردنی ئاوی خواردنەوەیە بۆ هاووڵاتیانی شاری هەولێر، سەبارەت بە ئەگەری دروستبوونی گرفتی کەمئاوی و خۆئامادەکردنەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان، چەند پرسیارێکمان لێ کرد، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە.

سەبارەت بە هەنگاوەکانی خۆئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی و ئەگەری کەمئاوی، کە ئاماژەیەکی ئەرێنییە و جێگای دڵخۆشیی هاووڵاتیانە، زەردەشت عەبدولخالق سەرسام بەڕێوەبەری ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر گوتی: «سەرەتا سوپاسی جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان دەکەم کە بڕی پارەی پێویستی بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاو و ئاوەڕۆ و ئاوی دەوروبەر دابین کردووە، بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی ئاو و لێدانەوەی بیرە وشک بووەکان، هەروەها پارەی پێویستی بۆ چاککردنەوەی شکانی بۆڕییەکانی ئیفراز سێ تەرخان کردووە، ئەگەر لە هەر کاتێکدا ڕوو بدات، چونکە ئەو بۆڕییە گرفتی بۆ دروست کردووین، کە ماوەماوە لە نزیك پڕۆژەکە دەشکێت، سەبارەت بەو کۆبوونەوەیەی هەریەکە لە وەزارەتەکانی شارەوانی و کارەبا و پارێزگاری هەولێر بۆ بەرنگاربوونەوەی وشکەساڵی لە شاری هەولێر و سنوورەکەی، کە ساڵی ڕابردوو ڕووی تێ کردین و ئەمساڵیش بە هەمان شێوە، لەلایەن کەشناسی و سەرچاوەکانی ئاو ئاگادار کراینەوە کە هەر وەکو ساڵی ڕابردوو وشکەساڵییە و، لە وەرزی هاویندا شاری هەولێر تووشی کەمئاوی دەبێت، هەر بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی لایەنە پەیوەندیدارەکان پێشوەختە خۆیان ئامادە کردووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو وشکەساڵی و کەمئاوییەی کە ڕەنگە ڕوو بدات، ئەمساڵ دەستپێشخەری لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەنجام درا، بۆ پێکهێنانی تیمێکی بەرفراوان لە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی فەرمانگە جیاوازەکانی شاری هەولێر، بۆ بەرەنگاربوونەوەی وشکەساڵی و کەمئاوی، بڕیار درا کە ١٨٠ مێگاوات لە لایەن وەزارەتی کارەباوە بۆ بیرەکانی ناو شاری

هەولێر دابین بکرێت، کە بەو بڕە کارەبایە بیرەکان دەتوانن لە ١٨ کاتژمێر و زیاتر کارەبایان هەبێت، تا نەهێڵدرێت هاووڵاتیان تووشی کەمئاوی ببن، لەو ١٣٨ بیرەی کە بڕیارە بۆ هەموو سنووری پارێزگای هەولێر لێ بدرێت، ئەوە ١٠٤ بیر ئێمە وەك بەڕێوەبەرایەتیی ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر لە ناو شاری هەولێر پێی هەڵدەستین و ٣٤ بیرەکەی دیکە بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی دەوروبەر سەرپەرشتی دەکات، لەو ١٠٤ بیرەکەی کە ئێمە سەرپەرشتی دەکەین، ئەوە ٧٠٪ی بیرەکان بۆ ئەو گەڕەك و شوێنانەیە کە بیرەکانیان کۆنن و وشکیان کردووە و ئاستی ئاوی ژێرزەوییان بە تەواوی دابەزیوە، ئەوە ئەو بیرانە لێ دەدرێنەوە کە بیری بەدیلیان پێ دەگوترێت و ٣٠٪ی لە ١٠٤بیرەکەش بیری تازەن و لەو شوێن و گەڕەکانە لێ دەدرێن کە گەڕەکی تازەن و هیچ سەرچاوەیەکی دیکەی ئاویان لێ نزیك نییە، واتە نە پڕۆژەی ئاوی ئیفرازیان هەیە و نە بیرشیان بۆ هەڵکەندراوە».

سەبارەت بە ئاوی سەر زەوی و پڕۆژەکانی حکومەتیش، بەڕێوەبەری ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر گوتی: «سەرچاوەی دووەمی ئاوی خواردنەوە بۆ هەولێر، ئاوی سەرزەوییە، کە لە ساڵی ١٩٦٨ یەکەم پڕۆژە لەسەر زێی گەورە جێبەجێ کراوە، کە ناوی لێ نراوە ئیفراز یەك و، لە ساڵی ١٩٨٢ پڕۆژەی ئاوی ئیفراز دوو بۆ شاری هەولێر لە هەمان زێی گەورە جێبەجێ کرا، لە پاش ئەوەی خواست لەسەر ئاو لە هەولێر بەهۆی بەرفراوانی و گەشەی شارەوە زیادی کرد، ئەوە لە ساڵی ٢٠٠٦ پڕۆژەی ئاوی ئیفراز سێ جێبەجێ کرا، کە لە سەرووی ٤٠٪ی پێداویستیی ئاو بۆ ناو شاری هەولێر دابین دەکات، و بە هەرسێ پڕۆژەی ئاوی ئیفراز یەك و دوو و سێ لە سەرووی ٥٠٪ی ئاوی خواردنەوە بۆ شاری هەولێر دابین دەکەن، ئەگەرچی حکومەتی کوردستان دەستەوەستان نەوەستاوە بۆ پەرەپێدانی پڕۆژەی دابینکردنی ئاو بۆ شاری هەولێر، حکومەت لە ساڵی ٢٠١٥وە دەیەوێت پڕۆژەیەکی دیکەی ستراتیژی بە ناوی ئیفراز چوار، کە ئێمە ناومان لێ ناوە پڕۆژەی ئاوی هەولێر چوار، لە هەمان سەرچاوەی سەرزەوی کە زێی گەورەیە جێبەجێ بکات، دەمەوێت لێرەدا ڕوونکردنەوەیەك بۆ خەڵکی خۆشەویستی شاری هەولێر بدەین، کە ئێمە لەگەڵ ئەوە نین بیری ئاوی خواردنەوە لێ بدەین، بەڵام تا پڕۆژەی ئاوی دیکە لە سەرچاوەی ئاوی سەرزەوی جێبەجێ دەکرێت، ناکرێت خەڵك، بەتایبەتی ئەو گەڕەکانەی کە تازەن و ئەو شوێنانەی هیچ سەرچاوەیەکی ئاویان نییە، یان نزیك نییە بێ ئاو بن. لەو ساتەی قسە دەکەم لەگەڵ ئێوە ئەگەر پڕۆژەی ئیفراز چوار دەست پێ بکات، ئەوە سێ ساڵ دەخایەنێت، هەر بۆیە بڕیاری جەنابی سەرۆکی حکومەت ئەوە بوو دەبێت وەك حاڵەتێکی فریاکەوتن و کاتی و سەرەتایی بۆ ئەو شوێنانەی پێویستە، بیریان بۆ هەڵکەنین و ئاویان بۆ دابین بکەین، تا پڕۆژەی ئاوی هەولێر دەچێتە بواری جێبەجێکردن و تەواو دەبێت، بە تەواوبوونی پڕۆژەی ئاوی ئیفراز چوار کە کۆگاکانی ئاوی لە بەرزاییەکانی کەسنەزان دەبێت، ئەو کات ئاوەکە ٧٠ کیلۆمەتر لە چواردەوری شەقامی ١٥٠مەتری دەسووڕێتەوە و ١٦ کیلۆمەتریش دەچێتە ناو شەقامی ١٢٠ مەتری، کە بەمەش باوەش بە شاری هەولێر دادەگرێت و شاری هەولێر لە هاویناندا ڕزگاری دەبێت لە کەمئاوی، هەر بۆیە بە تەواوبوونی ئەو پڕۆژەیە لە سەرووی ٧٠٪ی بیرەکانی ناو شاری هەولێر دادەخرێن، بەپێی ئەو پلان و کار و تیمەی دانراوە، باوەڕ ناکەم بگەینە ئەو حاڵەتەی کە ئەمساڵ بە تانکەر ئاو بە سەر ئەو کۆڵان و ماڵ و شوێنانەدا دابەش بکەین، کە ساڵی ڕابردوو تووشی کەمئاوی بوون».

سەبارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کارەبا و فەرمانگەکانی دیکە بەڕێوەبەری ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر گوتی: «بیرەکان ١٠٤ بیرن، لەو بیرانە ٧٠٪ی بیری کۆنن و کارەبایان بۆ دابین کراوە و، لەو ٣٠٪ی بیرانەی زیاد دەبن، لەوانەش کێشەمان نییە، بەڵکو کێشەکە لە کەمیی بەرهەمهێنانی کارەبایە بەگشتی و، هاوینان کێشەمان لەو بڕە کارەبایە هەیە کە دەدرێت بە بیرەکان، تۆڕەکانی ئاو پێویستی بە ١٨ کاتژمێر کارەبا هەیە تا بتوانرێت بە تەواوی پڕ ئاو بێت و بگاتە ماڵەکان، وەك ئاماژەمان پێ داوە، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار درا کە ئەمساڵ ١٨٠ میگاوات کارەبا بۆ بیرەکانی ناو شاری هەولێر دابین بکرێت، تا بیرەکان زیاتر لە ١٨ کاتژمێر کارەبایان هەبێت».

**سوپاسی جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان دەکەم کە بڕی پارەی پێویستی بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاو و ئاوەڕۆ و ئاوی دەوروبەر دابین کردووە، بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی ئاو و لێدانەوەی بیرە وشک بووەکان**

**بۆ بەرەنگاربوونەوەی وشکەساڵی و کەمئاوی، بڕیار درا کە ١٨٠ مێگاوات لە لایان وەزارەتی کارەباوە بۆ بیرەکانی ناو شاری هەولێر دابین بکرێت، کە بەو بڕە کارەبایە بیرەکان دەتوانن ١٨ کاتژمێر و زیاتر کارەبایان هەبێت**

# دیمانەی تایبەت



جێڤری ڤاندێن بێرگ سەرۆکی بەشی زانستی سیاسییە لە زانکۆی درووری و بەڕێوەبەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە هەمان زانکۆ، وانەبێژی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەرەکی و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. گولان بۆ تاوتوێکردنی پرس و پەرەسەندنەکانی تایبەت بە پێشهاتەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ساز دا.

جێفری ڤاندێن بێرگ
بەڕێوەبەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی دروری بۆ گوڵان:

# ڕووسیا توانایەکی کەمتری هەیە بۆ برەودان بە دەستڕۆیشتوویی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

*** هەروەك ئاشكرایە شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیا لە ماوەیەكی كورتدا یەكلا نەبووەوە و لە ئێستاشدا هیچ ئاماژەیەك نییە بۆ ئەوەی بەم نزیكانە یەكلا ببێتەوە و كۆتایی پێ بهێندرێت، بەڵام درێژەكێشانی كاریگەری گەورەی جیهانی لێكەوتووەتەوە، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا نەدەتوانرا بە بێ پەنابردنەبەر شەڕ كێشە و ناكۆكییەكانی یەكلا بكرێنەوە؟**

- لە ڕاستیدا لە ڕوانگەی ڕووسیاوە هەڵگیرسانی ئەم شەڕە كاردانەوە و بەرگری لەخۆكردنە لە بەرامبەر نزیكبوونەوەی ناتۆ لەسەر سنوورەكانی، هەرچەندە من هیچ قەناعەتێكم بە ڕەوایەتیی ئەم جۆرە پاساوهێنانەوە و لێكدانەوەی ڕووسیا نییە. چونكە ڕاستە ڕووسیا تا ڕاددەیەك هەستی كرد كە ئەمە هەڕەشە دەبێت بۆ سەر ئاسایشی وڵاتەكەی، یان بۆ سەر بەرژەوەندییە ئەمنییەكانی، ئەمە هیچ گومان هەڵناگرێت كە هەستێكی لەم چەشنە هەبوو لای ڕووسیا. بەڵام لە هەمان كاتدا ناكرێت ئەو ڕاستییە ڕەچاو نەكەین كە لە سەروبەندی داگیركارییەكە، واتە لە پێش ئەوەی ڕووسیا دەست بە داگیركارییەكە بكات، خودی وڵاتی ئۆكرانیا و لە هەمان كاتدا وڵاتانی ئەورووپا و ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاش پێشنیاری گرتنەبەری ڕێگاچارەی دیپلۆماتی و گفتوگۆیان كرد بۆ چارەسەركردنی نیگەرانییەكانی ڕووسیا و بۆ یەكلاكردنەوەی پرسەكە و كۆتاییهێنان بە تەنگژە و ناكۆكییەكە، تەنانەت باس لە ئەگەری دواخستنی داواكاری ئۆكرانیا بۆ بوونە ئەندام بۆ ماوەیەكی نادیار خرایە ڕوو و پێشنیار كرا. ئەگەر وەڵامەكە پوخت بكەمەوە ئەوا دەڵێم ئەگەر پاساوی ڕووسیا ئەوە بێت كە هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندییە ئەمنییەكانی هەبووبێت و ئەگەر پرسی بە ئەندامبوونی ئۆكرانیای لە ناتۆدا كردبێتە بناغەی ڕەوایەتیپێدانەكەی بۆ داگیركردنی ئەو وڵاتە، ئەوا ئەم بانگەشە و

**پۆتین پتر خولیا و خەونی ئەوەی لە خەیاڵدا بوو كە دەبێت بوون و ئامادەیی ڕۆژئاوا لە ئۆكرانیادا پێچەوانەوە بكرێتەوە و كۆتایی پێ بهێندرێت**

پاساوانە مایەی قەناعەتپێهێنان و باوەڕپێکردن نین، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی خودی سەرۆك پۆتین و ڕووسیا دەرفەتی ئەوەیان لە بەردەمدا بوو کە بە بێ پەنابردنە بەر شەڕ و داگیرکاری ئەم ئامانجانە بەدی بهێنن و نیگەرانییەکانیان بڕەوێننەوە.

*** ئەگەر پێت وایە پاساو بانگەشەکانی ڕووسیا بۆ پەنابردنە بەر ئەم شەڕە و بۆ ڕەوایەتیپێدان لەجێی خۆیدا نین، ئایا باوەڕت وایە پاڵنەر و هۆکاری سەرەکیی پشت بڕیارەکەی ڕووسیا چی بوو؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەر بتوانرێت بسەلمێندرێت ئەم پاساوەی ڕووسیا لە جێی خۆیدا نییە- کە هەروەك لە وەڵامی پێشوودا خستمانەڕوو-، ئەوا دەبێت لێکدانەوە و شرۆڤەیەکی دیکە بۆ پاڵنەر و هۆکاری شەڕەکە بکەین و لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە مەیلی شەڕخوازی و دەستدرێژکاریی ڕووسیا بکەین، بە چەشنێکی دیکە دەکرێت زۆرێك لەم پرسە گرێ بدەینەوە بە خودی کەسایەتیی پۆتینەوە، چونکە پۆتین پتر خولیا و خەونی ئەوەی لە خەیاڵدا بوو کە دەبێت بوون و ئامادەیی ڕۆژئاوا لە ئۆکرانیادا پێچەوانەوە بکرێتەوە و کۆتایی پێ بهێندرێت و نابێت ئەم ئامادەییە لەسەر سنوورەکانی ڕووسیادا هەبێت، تەنانەت ئەگەرچی زەمانەتی ئەمنی هەبوو بۆ ڕووسیا، بەڵام ئەوە بوو کە سەرۆك ڤلادمیر پۆتین پێی وابوو ئەو زەمانەتانە بەس نین، واتە پۆتین بە هیچ شێوەیەکی قبووڵی نەدەکرد کە ئۆکرانیا بە هەر شێوەیەك لە شێوەکان نزیك بێت، یان گرێ بدرێتەوە بە ئەورووپاوە. لە ڕوانگەی ئەوانەی خرانەڕوو دەتوانرێت بە ڕاشکاوی بوترێت ئەم کارەی ڕووسیا دەستدرێژیکارییە و پێشێلکاریکردنی یاسای نێودەوڵەتییە.

*** ئەی چۆن لە پرسی کاردانەوە و پەرچەکرداری نێودەوڵەتی دەڕوانیت لە ئاست ئەم شەڕە و ئایا پێت وایە ئەمە چ پەیامێك بە ڕووسیا دەدات؟**

- من پێم وایە دەکرێت کاردانەوەی جیهان بۆ هاوکاریی ئۆکرانیا و بۆ سزادانی ڕووسیا بە بەڵگەیەکی دیکە لێك بدەینەوە لەسەر ئەوەی کە ئەم کاری دەستدریژیکردنەی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا چەند ناشەرعی و ناڕەوایە.

*** هەندێ لە شرۆڤەکاران و تایبەتمەندانی بواری زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پێیان وایە ئەم شەڕە بزمارێکی دیکە لە تابووتی ئەوە دەدات کە پێی دەوترێت «سیستمی لیبراڵیی جیهانی»، چونکە خواستەکە ئەوە بوو ئەم سیستمە باڵ بکێشێت بە سەر زۆربەی جیهاندا بە ڕووسیاشەوە، لێکدانەوە و شرۆڤەی ئێوە لەم ڕووە چییە؟**

- ئەوەی پەیوەندی هەبێت بەوەی پێی دەوترێت سیستمی لیبراڵیی جیهانی یان ئەو سیستمەی لەسەر بنەمای ڕێساکان بنیات نراوە و پێك هێنراوە، ئەوا ڕەنگە بڵێین دەرئەنجامی ئەم شەڕە کاریگەرییەکەی یەکلا دەکاتەوە لەسەر ئەم سیستمە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، جیهانی ڕۆژئاوا ئەم کارەی ڕووسیای بە هەڕەشە و مەترسی لێکدایەوە لەسەر سیستمی لیبراڵیی جیهانی و زۆر بە خێرایی ڕێکاریان گرتەبەر بۆ بەرگریکردن و بەرهەڵستیکردن، یان بەرپەرچدانەوەی ئەم هەڕەشە و مەترسییە. ئەگەر لە ڕوانگە و ڕەهەندێکی دیکەوە لێی بڕوانین، ئەوا ئەم کارەی ڕووسیا دەرئەنجامی پێچەوانەی لێکەوتووەتەوە، چونکە ئامانجی بنەڕەتیی سەرۆك پۆتین ئەوە بوو کە درز و کەلێن بخاتە نێو هاوپەیمانێتیی وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە هەر شێوەیەك کە بکرێت سیستمی لیبراڵی لاواز بکات، یان کار بکات بۆ بنکۆڵکردنی سیستمە ڕۆژئاواییەکە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە ئاکامی ئەم داگیرکارییە بووە هۆی بەهێزکردنی ئەو هاوپەیمانێتییانە و پتەوکردنی ئەم سیستمە. چونکە ئەوەتا ئێستا وڵاتانی وەك فنلەندا و سوید هەوڵی بەدەستهێنانی ئەندامێتی ناتۆ دەدەن، ئەمە لە کاتێکدا کە بۆ ڕۆژگارێکی درێژخایەن سوید بێلایەن بووە.

*** وەك تایبەتمەند و پسپۆری کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چۆن لە کاریگەری و دەرهاویشتەکانی ئەم شەڕە دەڕوانیت لە سەر ناوچەی ڕۆژهەڵات، بە تایبەتی لەسەر دەستڕۆیشتوویی ڕووسیا لەم ناوچەیەدا، چونکە هەروەك ئاشکرایە لە دوای ئەوەی ڕووسیا دەستێوەردانی سەربازی کرد لە سووریادا و کاریگەریی گەورەی هەبوو لەسەر ڕزگارکردنی**

**ئەم کارەی ڕووسیا دەستدرێژیکارییە و پێشێلکاریکردنی یاسای نێودەوڵەتییە**

**جیهانی ڕۆژئاوا ئەم کارەی ڕووسیای بە هەڕەشە و مەترسی لێکدایەوە لەسەر سیستمی لیبراڵیی جیهانی و زۆر بە خێرایی ڕێکاریان گرتەبەر بۆ بەرگریکردن و بەرهەڵستیکردن، یان بەرپەرچدانەوەی ئەم هەڕەشە و مەترسییە**

**ئامانجی بنەڕەتیی سەرۆک پۆتین ئەوە بوو کە درز و کەلێن بخاتە نێو هاوپەیمانێتیی وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە هەر شێوەیەک کە بکرێت سیستمی لیبراڵی لاواز بکات**

**ئێستا وڵاتانی وەک فنلەندا و سوید هەوڵی بەدەستهێنانی ئەندامێتی ناتۆ دەدەن، ئەمە لە کاتێکدا کە بۆ ڕۆژگارێکی درێژخایەن سوید بێلایەن بووە**



**دەسەڵاتی ئەسەد، ئەوا توانیوتی برەو بە دەستڕۆیشتوویی خۆی بدات؟**

- لە ڕاستیدا من لەم ڕووەوە دڵنیا نیم، واتە بیرم لێ نەکردووەتەوە، بەڵام ڕەنگە زەحمەت بێت بۆ من بۆ ئەوەی پێشبینییەکی دیاریکراو بکەم لەم ڕووەوە. بەڵام ئەوەی دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە ئاشکرایە ڕووسیا لە ڕووی سەربازییەوە زۆر سەرقاڵە و بگرە لە ڕووی دیپلۆماسییشەوە سەرقاڵە لە ئێستادا لە ئۆکرانیادا- بە تایبەتی دوای ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو بەرگری و بەرهەڵستییە زۆر بووەوە کە بووەتە هۆی ئەوەی هەوڵ و کۆششە سەربازییەکانی چڕتر بکاتەوە، کەواتە ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە لێی بڕوانین، ئەوا توانا و دەرفەتی ڕووسیا بۆ برەودان بە هێز و کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی خۆی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە چەشنێکی بەرچاو کەم بووەتەوە و لاواز بووە، هەر چەندە هێشتا کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی لە سووریا و لەسەر دەسەڵاتەکەی بەشار ئەل ئەسەد هەر ماوە. هەر چۆنێك بێت، دەکرێت لێرەدا ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەو وڵاتە دەرەکییەی بارێکی لەباری بۆ ڕەخساوە لەم ناوچەیەدا بریتییە لە وڵاتی چین، کە ئاشکرایە پێشتریش چین وەبەرهێنانی زۆری کردبوو لەم ناوچەیەدا، واتە لە ڕووی دروستکردن و درێژەدان و برەودان بە پەیوەندییە بازرگانییەکان و ئەنجامدانی پرۆژەکانەوە، چینیش زۆر پەرۆشە بۆ ئەوەی برەو بە دەستڕۆیشتوویی و پێگەی خۆی بدات لەم ناوچەیەدا، لێرەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم سەرقاڵبوونی ڕووسیا بە شەڕەکەی لەگەڵ ئۆکرانیادا هێندەی دیکەی دەرفەت و بوار دەڕەخسێنێت لە بەردەم چیندا بۆ ئەوەی کاری لەسەر کارنامەکەی خۆی بکات.

*** ئەی پێت وایە هیچ کاریگەرییەکی هەبێت لەسەر گفتوگۆکانی پەیوەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە، مەبەستمان ئەوەیە ڕووسیا لایەنێکی کاریگەری ئەم گفتوگۆیانە بوو و ئایا پێتان وانییە سەرقاڵبوونی ڕووسیا بە شەڕەکەوە کاریگەری دەبێت لەم ڕووەوە؟**

- ئەوە ڕاستە کە یەکێك لە دەرئەنجامەکانی دیکەی داگیرکاریی ڕووسیا بۆ ئۆکرانیا و کاردانەوەی باقی جیهان لە ئاست ئەم شەڕەدا، ئەوە بووە کە دەرهاویشتە و ئاکامی خۆی هەبووە و هەیە لەسەر ئاڵۆزکردنی پرسەکانی پەیوەست بە گفتوگۆکانی تایبەت بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە، چونکە نابێت ئەوە نادیدە بگرین کە ڕۆڵی ڕووسیا، یان با بڵێین هاوکاریی ڕووسیا لەم ڕووەوە گرنگی و کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو، هەر ئەمەش هۆکارێك بوو لەوەی گفتوگۆکانی پەیوەست بە گەیشتن بە ڕێککەوتنێك لە بارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە دووچاری سستی ببێتەوە.

**توانا و دەرفەتی ڕووسیا بۆ برەودان بە هێز و کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی خۆی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە چەشنێکی بەرچاو کەم بووەتەوە و لاواز بووە**

**سەرقاڵبونی ڕووسیا بە شەڕەکەی لەگەڵ ئۆکرانیادا هێندەی دیکەی دەرفەت و بوار دەرەخسێنێت لە بەردەم چیندا بۆ ئەوەی کاری لەسەر کارنامەکەی خۆی بکات**

# دیمانەی تایبەت



کۆری زۆلی پرۆفیسۆری یاسا و سیاسەتی ئەمنییە لە سکوولی ماکس وێڵ لە زانکۆی سیراکیوز و، بەرپرسی بەشی توێژینەوەیە لە هەمان زانکۆ، وانەبێژ و توێژەری چەند بوارێکی گرنگە، وەك: کێشە هاوچەرخەکانی بەرپابوونی جەنگ، ڕەهەندەکانی ناکۆکی و تەنگژە جیهانییەکان و ڕۆڵی یاسای نێودەوڵەتیی مرۆیی لە ناکۆکییە جیهانییەکاندا. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤە کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە شەڕی ئێستای ڕووسیا و ئۆکرانیا و ڕەهەند و دەرهاویشتەکانی لەسەر ئاستی جیهان.

کۆری زۆلی
پرۆفیسۆری یاسا و سیاسەتی ئەمنی لە زانکۆی سیراکیوز بۆ گوڵان:

# ڕووسیا لە شەڕەکەیدا دەرئەنجامی پێچەوانەی بە دەست هێناوە

*** پێش هەڵگیرسانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، یان وردتر بڵێین بڕیاری ڕووسیا بۆ بەرپاکردنی شەڕ و داگیرکردنی ئۆکرانیا، باس لەوە دەکرا کە چیتر پەنابردنەبەر شەڕ و پەلاماردرانی وڵاتی دیکە، ئەگەرێکی تا ڕادەیەك دوورە، کەچی ئەوەی نەدەخوازرا ڕووی دا، ئێوە وەك شارەزا و تایبەتمەند کە توێژینەوەتان لە بواری ناکۆکی و تەنگژە و شەڕدا کردووە، چۆن لەم پرسە دەڕوانن؟**

- من لەگەڵ ئەوەدا هاوڕام کە دەکرێت ئەم داگیرکردنەی ڕووسیا بۆ ئۆکرانیا تا ڕادەیەك بە حاڵەتێك لێك بدەینەوە کە زیاتر لە ڕابردوودا باو بوو، واتە بۆ ڕۆژگاری هاوچەرخ ڕووداوێکی هێندە بەربڵاو نییە و، دەکرێت وەك کردارێکی دەستدرێژیکردن و شەڕخوازی لێك بدرێتەوە، لەم ڕووەوە هیچ گومان هەڵناگرێت کە دژ و پێچەوانەی یاسای نێودەوڵەتی و دژ بە هەموو ئەو نۆرمانەیە کە ئێمە پەیڕەوییان لێ دەکەین و پێیانەوە پابەند دەبین، کە پەیوەستن بە پەیوەندیی نێوان دەوڵەتەکانەوە و لە نێو میساقی نەتەوە یەکگرتووەکاندا چەسپێندراوە لە پەیوەندی بە ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی و سەروەری و یەکپارچەیی خاکی وڵاتان و خۆبەدوورگرتن لە پەنابردنەبەر هەڕەشەی بەکارهێنان، یان بەکارهێنانی هێز لە دژی یەکتری و دەستتێوەردان لە کاروبارە ناوخۆییەکانی وڵاتانی دیکە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە هێرش و داگیرکاریی ڕووسیا بۆ سەر وڵاتی ئۆکرانیا ڕووداو و پەرەسەندن و پێشهاتێك نییە کە هیچ کاتێك پێشتر ڕووی نەدابێت و بە تەواوەتی پەرەسەندنێکی بێ وێنە بێت، واتە ڕەنگە بتوانم بڵێم لە ڕۆژگاری هاوچەرخدا بە بەراورد بە سەدەی نۆزدە کەمتر بووەتەوە، بەڵام

**ڕووسیا لە ساڵی ٢٠١٤دا هەرێمی کریمیای داگیر کرد و کردیە بەشێک لە وڵاتەکەی خۆی، هەروەها ئەم مەیلە شەڕخوازی و دەستدرێژیکارانەمان بەدی کرد لە ئاست جۆرجیا و ئیستۆنیا**

خۆ نابێت ئەوەمان لە یاد بچێت کە ڕووسیا لە ساڵی ٢٠١٤دا هەرێمی کریمیای داگیر کرد و کردیە بەشێك لە وڵاتەکەی خۆی، هەروەها ئەم مەیلە شەڕخوازی و دەستدرێژیکارانەمان بەدی کرد لە ئاست جۆرجیا و ئیستۆنیا و کریمیا، کەواتە پێم وانییە بتوانین بڵێین ئەمە بێ پێشینە و بێ وێنەیە، ئەگەرچی ئەمە شکاندن و پێشێلکردنی نۆرم و ڕێساکانە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دەبێت ئەو پرسیارە بورووژێنین کە بۆچی ئەمە خاڵێکی وەرچەرخانە لە مێژوودا و، ئایا ئەو میکانیزمانەی نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چین، ئیدی لەسەر ئاستی هەرێمی بێت، یان ئاستی دەوڵەتی، بۆ دەوڵەت، یان پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان و ئاستی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ مامەڵەکردن و چارەسەرکردنی ئەم جۆرە تەنگژە و ناکۆکییانە، کە ئەوەی تا ئێستا بەدی دەکرێت شکستە لە گرتنەبەری ڕێکار و هەنگاوی یەکلاکەرەوە بۆ ڕاگرتنی ئەم دەستدرێژیکارییە.

*** ئەی چۆن لە کاردانەوە و ڕێکارەکانی جیهانی ڕۆژئاوا، بە تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەڕوانن لە ئاست ئەم شەڕەدا، بە تایبەتی ئاشکرایە کە هەم هاوکارییە سەربازییەکانی ڕۆژئاوا بۆ ئۆکرانیا و هەم سزاکانیان بۆ سەر ڕووسیا کاریگەرییان هەبوو لەسەر ئەگەری سەرکەوتنی خێرای ڕووسیا لە شەڕەکەدا، بەڵام بوونەتە هۆی درێژەکێشانی ئەم شەڕەش لە هەمان کاتدا، ئێوە چۆن لە کاریگەری و دەرهاویشتە دوورمەوداکانی ئەم شەڕە دەڕوانن لەسەر ئاستی جیهان؟**

- لە ئێستادا ڕێکار و ڕێوشوێنێکی زۆر و کاریگەریی سزا و گوشاری ئابووری بەدی دەکرێت، بەڵام هەموو ئەمانە کاریگەرییان هەیە و سەرباری ئەوەش دەبێت ئێمە ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە ئۆکرانیا وڵاتێکی گەورەی بەرهەمهێنان و هەناردەکاری گەنمە و، ڕووسیاش هەناردەکارێکی گەورەی نەوت و غازی سرووشتی و شێوەکانی دیکەی وزەیە، کە هەموو ئەمانە کاریگەریی تێکشکێنەری ئابوورییان لێ دەکەوێتەوە، بە تایبەتی لە ڕووی هەناردەکردنی گەنمی ئۆکرانیاوە، کە ئۆکرانیا بە سەبەتەی خۆراکی ناوچەکە دادەنرێت. مەبەستم ئەوەیە ئەمانە کاریگەریی وێرانکارییان لێ دەکەوێتەوە، چونکە ئەوەتا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هۆشداری دەدات و زەنگی مەترسی لێ دەدات لە بارەی قەیرانی خۆراك و نەمانی ئاسایشی خۆراکەوە، کەواتە ئەمە پەرەسەندنێکی زۆر گرنگ و نیگەرانکارە. ئەوەی پەیوەست بێت بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاستەوە، ئەوا دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە کاریگەریی تەنگژە و قەیرانی خۆراك ئاکامی گەورەی دەبێت لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوەتا لە ئێستادا ئەفغانستان دوچاری قەیرانێکی سەختی خۆراك بووەتەوە، عێراقیش بەدەر نابێت لەم کاریگەرییە، لە دەرئەنجامدا هەموو ئەمانە کاریگەریی خۆیان دەبێت لەسەر ئاسایش و سەقامگیریی نێودەوڵەتی و لەناوچوونی ئاشتی و شڵەژانی بازرگانی، ئەوانەش کاریگەریی توندی لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت.

*** هەروەك ڕوونە کە هەمیشە شەڕ تێچوون و بارگرانییەکی زۆر دروست دەکات لەسەر ئەو وڵاتەی بەرپای دەکات، بەتایبەتی کە ئەگەر شەڕەکە درێژە بکێشێت، پێت وایە بۆچی ڕووسیا بڕیاری دا ڕێگەچارەیەکی لەم چەشنە بگرێتەبەر، یان بە واتایەکی دیکە، ئایا باوەڕت وایە ئەمە شەڕێکی حەتمی بوو و ڕووسیا ناچار بوو پەنای بۆ ببات؟**

- سەرۆك ڤلادمیر پۆتین و بەرپرسەکانی دیکەی نێو ڕووسیا، بێ پەروا ئەوەیان دووپات دەکردەوە کە پرسەکە پەیوەستە بە بەرفراوانبوونی ناتۆوە و، نزیکبوونەوەی ناتۆیە لە سنوورەکانی وڵاتەکەیان و، سەرکردەکانی وڵاتی ئۆکرانیاش هیچ پابەندبوونێکیان نەبوو بە بەرهەڵستیکردنی بوون بە ئەندام لە ناتۆدا. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە مایەی سەرسوڕمانە بۆ ناوەندەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە ڕووسیا و خودی سەرۆك ڤیلادمیر پۆتین پاساو و بیانووی لەم چەشنە داتاشن بۆ شەرعییەتدان و ڕەوایەتیدان بە بڕیارەکەیان. کەواتە ڕەنگە ڕووسیا لەم ڕووەوە ڕوونکردنەوە بدات بەوەی نیگەرانییەکانی لە پەیوەندی بە بەرژەوەندییە ئەمنییەکانییەوە لەبەرچاو نەگیراوە، بەڵام هیچ کاتێك ئەمانە نابنە هۆی ئەوەی بەرگی شەرعییەت بکەین

**ئەوەی تا ئێستا بەدی دەکرێت شکستە لە گرتنەبەری ڕێکار و هەنگاوی یەکلاکەرەوە بۆ ڕاگرتنی ئەم دەستدرێژیکارییە**

**ئۆکرانیا وڵاتێکی گەورەی بەرهەمهێنان و هەناردەکاری گەنمە و، ڕووسیاش هەناردەکارێکی گەورەی نەوت و غازی سرووشتی و شێوەکانی دیکەی وزەیە، کە هەموو ئەمانە کاریگەریی تێکشکێنەری ئابوورییان لێ دەکەوێتەوە**

**ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هۆشداری دەدات و زەنگی مەترسی لێ دەدات لە بارەی قەیرانی خۆراك و نەمانی ئاسایشی خۆراکەوە**

**کاریگەریی تەنگژە و قەیرانی خۆراك ئاکامی گەورەی دەبێت لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوەتا لە ئێستادا ئەفغانستان دوچاری قەیرانێکی سەختی خۆراك بووەتەوە، عێراقیش بەدەر نابێت لەم کاریگەرییە**




بە بەر ئەم شەڕ و داگیرکاری و دەستدرێژییەدا، لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە هەندێ لە بڕیارەکانی پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاریگەرییان هەبووە لەو ڕووەوە، کە ئەو باوەڕەی دروست کرد، کە چیتر ئەمریکا بە چەشنی پێویست بەرپەرچی هەڕەشە و مەترسییەکان ناداتەوە، بە تایبەتی دوای کشانەوەی ئەمریکا لە وڵاتی ئەفغانستان، ئەو تێڕوانینە هاتە ئاراوە کە دەستبەرداری ئەرکی سەرکردایەتیکردن بووە لەم ڕووەوە، واتە ئەوەی لێرەدا دەمەوێت بیڵێم کە ئەم تێڕوانینانەی کاریگەریی خۆیان هەبوو لەسەر لێکدانەوە و تاوتوێکردنەکانی خودی سەرۆك ڤلادمیر پۆتین لە پەیوەندی بە بڕیارەکەیەوە، بۆ داگیرکردن و هێرشکردنە سەر ئۆکرانیا، بەتایبەتی کە ڕووسیا داگیرکارییەکەی بۆ چووە سەر لە پەیوەندی بە کریمیا، هەروەها دەستڕۆیشتوویی شەڕانگێزانەکەی لە جۆرجیا و ئیستۆنیا، لەلایەکی دیکەوە دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە پێشتر ڕووسیا و چین هاوبەشییەکیان لە نێوان خۆیاندا ڕاگەیاند- بە نێوی هاوبەشیی بێ سنوور- بۆ پاڵپشتیکردنی یەکتری، کە دەبێت ئەمەش کاریگەریی هەبووبێت لەسەر لێکدانەوە و حیساباتی ڕووسیا. لە ڕوانگەی هەموو ئەوانەی ئاماژەیان پێ کرا، یان با بڵێین سەرباری هەموو ئەوانەی خرانە ڕوو، ئەوا دەتوانین بڵێین ئەم بڕیارەی ڕووسیا بڕیارێکی بێ پێشینە نییە، بەڵام ئەوەی ئەم جارە هەڵکشانێکی گەورەی ئەو جۆرە کارکردن و ڕەفتارەی ڕووسیایە، هەرچۆنێك بێت ڕەنگە لە ئێستادا دوای ئەوەی ڕەوتی داگیرکارییەکە بەو شێوەیە پەرەی نەسەند کە ڕووسیا خوازیاری بوو، ڕووسیا و خودی سەرۆك پۆتین دەرك بەوە بکەن کە بڕیارێکی بەپەلەیان داوە، بەتایبەتی کە دەبینین وڵاتانی وەك فنلەندا و سوید باس لە خواستی خۆیان دەکەن بۆ ئەوەی ببنە ئەندامی ناتۆ، کە ئەمەش بەو مانایە دێت کە هەوڵەکەی ڕووسیا دەرئەنجام و ئاماکامی پێچەوانەی لێ کەوتەوە، چونکە نیگەرانیی سەرەکیی پۆتین پەیوەست بوو بەوەی دەوڵەتانی دراوسێی هەوڵی ئەوە بدەن بچنە نێو ڕێکخراوی ناتۆ و، ڕووسیا ئەمەی وەك هەڕەشەیەکی ئەمنی بۆ سەر وڵاتەکەی لێکداوەتەوە، بەڵام ئێستا ئەوەتا ئەو دەرئەنجامە بەدەست دەهێنێت کە دەیوست خۆی لێ لابدات و خۆی لێ بەدوور بگرێت، واتە ڕەنگە بتوانین بڵێین سەرجەم داگیرکارییەکانی دەرئەنجامی پێچەوانەیان لێ دەکەوێتەوە، بەڵام لە پەیوەندی بەم شەڕەی ئێستاوە، ئەوا دەتوانین بڵێین ڕەوتی داگیرکارییەکە تەواو پێچەوانەی ئەو چاوەڕوانی و پێشبینی و خواستانە بوو کە سەرۆك پۆتین هەوڵی بەدەستهێنانی دەدا، چونکە ئەو لە بنەڕەتدا ئامانجی ئەوە بوو کە ئۆکرانیا پاشگەز بکاتەوە لەوەی بە ئاراستەی ئەوروپادا هەنگاو هەڵبگرێت، کەچی ئێستا وڵاتانی دیکە دەقاودەق ئەم هەنگاوە دەنێن.

**ڕەنگە لە ئێستادا دوای ئەوەی ڕەوتی داگیرکارییەکە بەو شێوەیە پەرەی نەسەند کە ڕووسیا خوازیاری بوو، ڕووسیا و خودی سەرۆک پۆتین دەرک بەوە بکەن کە بڕیارێکی بەپەلەیان داوە**

**پۆتین لە بنەڕەتدا ئامانجی ئەوە بوو کە ئۆکرانیا پاشگەز بکاتەوە لەوەی بە ئاراستەی ئەوروپادا هەنگاو هەڵبگرێت، کەچی ئێستا وڵاتانی دیکە دەقاودەق ئەم هەنگاوە دەنێن**

# پێوەرەکان

## (بۆ نووسین و نۆژەنکردنەوەی پرۆگرامەکانی/پەرتووکی خوێندن)



**کاوە حەمەمراد**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

سەرەتا پێویستە دەستخۆشی لە وەزارەتی پەروەردە و ئەو بەڕێزانەی بکرێت کە بوێرانە ئەرکی گۆڕین و نۆژەنکردنەوەی پرۆگرامەکانی خوێندنیان ئەنجام دا، پێویستە بەردەوام بن، هەوڵی زیاتر بدرێت پرۆگرامەکان کاراتر دەربڕی "تەعبیر" لە ژینگە و ژیانی فێرخواز بکات. پرۆسەی پەروەردەی دروست و کارا پرۆسەیەکی بەردەوامە، زیندووە، لکاوە بە ژینگە و ژیانی فێرخوازەوە (وڵات)، بۆیە، هەمیشە لە گۆڕاندایە و پرۆگرامەکان بە بەردەوام نوێژن دەکرێنەوە، ئەمەش، پێویستی بە ڕابەری نووسینی پەرتووک\ پرۆگرامەکان هەیە، کە لە سیاسەتی پەروەردەیی وڵاتەوە سەرچاوە دەگرێت.

پێوەرەکان بە ئەو ئاراستەیە داڕێژدراون پرۆسەی پەروەردە\ پرۆگرامەکان بلکێت بە ژینگە و ژیانی فێرخواز و وڵاتەوە. هەڵبەتە ئەمە هەنگاوی یەکەمە و هیوادارم لایەنی پەیوەندیدار، پسپۆڕان و مامۆستایان دەوڵەمەندی بکەن.

### ● بەشی یەک

**١- پێشینە**

ئاستی لاوازی و نادروستیی پەروەردە لە زۆربەی وڵاتانی کێشەدار بە تایبەتی لە ئاسیا و ئەفریقادا بووەتە دیاردەیەکی بەربڵاو، بووەتە کێشەیەکی جیهانی و جێی سەرنج و گرنگ پێدانی ڕێکخراوە جیهانییەکان، وەك: یونیسکۆ، مەکۆی پەروەردەی جیهانی (World Educational Forum) و...هتد. یەکێك لەو کێشانە، لاوازیی پرۆگرامەکانی (پەرتووك)ی خوێندنە لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە، نە لکاندنی بە ژینگەی فێرخواز و وڵاتەوە (کۆپیکردنی سیستەمێکی دی)، پەروەردەی هەرێمی کوردستان بێ بەش نییە لەو دیاردەیە.

لێرەدا هەوڵ دەدەم بە ناساندن و دامەزراندنی هەندێك لەو پێوەرانەی کە پێویستن بۆ نووسین و پەرەپێدان و نۆژەنکردنەوەی پرۆگرامەکان/ پەرتووك، هەروەها سوود وەردەگرم لەو پێوەرانەی کە جێگیر بوون و بەکاردێن بۆ پەرەپێدان و نووسینی پرۆگرامەکانی پەروەردە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، وەك: مافەکانی تاك، جێندەر (توخمی نێر و مێ)، یەکێتی و وڵات، هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و جیهانی، ژینگە و.. هتد.

**٢- ئامانجەکان**

ناساندنی هەندێك لەو پێوەرانەی کە پێویستن بۆ نووسینی پرۆگرامەکان/ پەرتووك، بە ئەو ئامانجەی ببێت بە یەکێك لەو سەرچاوانە بۆ هەڵسەنگاندن و دەوڵەمەندکردنی نووسین و پەرەپێدانی پرۆگرامەکان، هەروەها ببێت بە سەکۆیەك بۆ لێکۆڵینەوە و تێزی پەروەردەیی.



٣-بنەمای دانانی پێوەرەکان

دەبێت زۆر بە وردی کار لەسەر دانان و دەستنیشانکردنی پێوەرەکان بکرێت. چونکە بەو ئامانجە دەنووسرێن کە ببنە یەکێك لە سەرچاوەکان بۆ نووسین، پەرەپێدان و نۆژەنکردنەوەی پڕۆگرامەکان. بە لای کەمەوە ئەم خاڵانە ڕەچاو بکرێن: ١- دەبێت لە گەڵ کەلتوور، داب و نەریتی کۆمەڵایەتیدا بگونجێت.٢- بەرەنگاریی لایەنە نەرێنییەکانی کەلتوور بێت. ٣- دەبێت پڕۆگرامەکانی پەروەردە خۆجێیی بن، بە تایبەتی لە قۆناغی سەرەتاییدا. ٤- لکاندنی پڕۆگرامەکان بە ژینگەی فێرخواز و وڵاتەوە، لە قۆناغی داهاتوودا هەنگاو بە هەنگاو تێکەڵ ببێت بە پەروەردەی جیهانی و لە هەمانکاتدا خۆجێیەتی لەدەست نەدات. ٥- پڕۆگرامەکان لە سەر بنەماکانی دەستووری وڵات دابڕێژدرێن. ٦- مافی مرۆڤ، ڕێنمایی و ڕێساکانی یونیسکۆ و مەکۆی پەروەردەی جیهانی (World Educational Forum) ببن بە یەکێك لە سەرچاوەکان.

٤-پێوەرەکان و بەشەکانی پەرتووك

نووسین هەر پەرتووکێکی خوێندن دەکرێت بە سێ بابەتەوە، بابەتەکان تێکئالاون. پەیوەندی هەر بەبابەتە و پێوەرەکان لە خوارەوە هاتووە:

ا- ناوەڕۆك (سەردێڕی ماددەکە). پسپۆڕانی ماددەی خوێندن بڕیاردەدەن لەسەر دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی ناوەڕۆکی بابەتی خوێندن، بۆ نموونە بیرکاریی قۆناغی سەرەتایی ئەمانە لە خۆ دەگرێت: ژمارە، پێوانە، ئەندازە، کۆکردنەوە، لێدەرکردن، لێکدان، دابەشکردن، ڕێژە، چێوە، ڕووبەر، گۆشە، تیرە و...هتد. پسپۆڕانی خوێندنی بیرکاری ناوەڕۆکی بابەتەکە دەستنیشان دەکەن و لە چ قۆناغێکدا چی بخوێندرێت، پێوەرەکانی بۆ ئەم مەبەستە نەنووسراون.

ب- نووسینی دەق بە پێی تیۆرەکانی فێربوون. دەبێت پڕۆگرام/ پەرتووك بە شێوەیەکی زانستی داڕێژدرابێت بەپێی تیۆرەکانی فێربوون، یارمەتیی ماموستا بدات بۆ گەیاندنی ناوەڕۆك بە شێوەیەکی کارا، پێوەرەکان پشتگیری دەکات لە بیرۆکەی لکاندنی نووسینی پەرتووك بە تیۆرەکانی فێربوونەوە.

ج- هەڵبژاردنی بابەت بۆ گەیاندنی ناوەڕۆك. دەبێت پرۆسەی پەروەردە خۆجێیی بێت، بە تایبەتی پڕۆگرامەکانی خوێندن/ پەرتووك ڕاستەوخۆ لکابێت بە ژینگە و ژیانی فێرخواز و وڵاتەوە، هەر ئەم فاکتەرەیە تایبەتمەندی بە پەروەردەی وڵات دەدات، هەروەها کاریگەری لە سەر فێرخواز و لکاندنی بە کۆمەڵگە و وڵاتەوە دادەنێت، پێناسەی نیشتمانبەندی پتەوتر دەکات و بە گشتی پرۆسەی خوێندن کاراتر و ئاسانتر دەکات. پێوەرەکان، بەگشتی بۆ ئەم بەشەی پڕۆگرامەکان/ پەرتووك داڕێژراون.

**پسپۆڕانی ماددەی خوێندن بڕیاردەدەن لەسەر دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی ناوەڕۆکی بابەتی خوێندن**

● **بەشی دوو**

لە تەك گەیاندنی/فێرکردنی ناوەڕۆکی ماددەکانی خوێندندا، پێویستە پرۆسەی پەروەردە دوو ئامانج بپێکێت: ١- پێکانی ئامانجەکانی نیشتمانی. ٢- پێکانی ئامانجەکانی تاك. پێوەرەکان (پێوەری١ تا پێوەی١٠) بەو ئاراستەیە نووسراون ئەو دوو ئامانجە بپێکن، هەروەها لە بەر گرنگییان، پێوەری ١١ و پێوەری١٢ تایبەت بۆ ئەو دوو ئامانجە نووسراون، بۆیە هەندێ بیرۆکە دووبارە بوونەتەوە.

**دەبێت پرۆسەی پەروەردە خۆجێیی بێت، بە تایبەتی پڕۆگرامەکانی خوێندن/ پەرتووک ڕاستەوخۆ لکابێت بە ژینگە و ژیانی فێرخواز و وڵاتەوە**

● پێوەری ١: لکاندنی پرۆگرامەکان/پەرتووك بە ژینگەی فێرخوازەوە

دەبێت پرۆگرامەکان/پەرتووك ڕاستەوخۆ دەربڕی ژیان و ژینگەی فێرخواز بن، بەتایبەتی لە قۆناغی سەرەتاییدا، ئەو شتانە لە خۆ بگرێت کە فێرخواز پێیان ئاشنایە، وەکو خێزان، گەڕەك، قوتابخانە و...هتد. هەنگاو بە هەنگاو ئەو شتانە بخرێنە نێو پرۆگرامەکان کە فێرخواز پێیان ئاشنا نییە و لە سنووری جوگرافیای فێرخوازدا نین، وەکو نیشتمان و جیهان و...هتد. بۆیە دەبێت ماددەکانی پرۆگرامەکان/ پەرتووك لە ئاشناوە بەرەو نائاشنا دابڕێژدرێن.

**دەبێت پرۆگرامەکان/پەرتووك ڕاستەوخۆ دەربڕی ژیان و ژینگەی فێرخواز بن، بەتایبەتی لە قۆناغی سەرەتاییدا**

**تێبینی:** گەورەترین کێشەی پەروەردەی وڵاتانی کۆلۆنیالی پێشوو لە ئەفریقیا و ئاسیادا، ئەوەیە کە پرۆسەی پەروەردە لە کۆمەڵگە دابڕاوە، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی دەبێت لەسەر پرۆسەی فێربوون و فێرکردن، دروستبوونی پێناسەی نیشتمانی/ نیشتمانبەندی و پەرەپێدانی کەسایەتیی فێرخواز.

● پێوەری ٢: پەرەپێدان و ڕێزگرتنی کەلتوور

کەلتوور گشت بەهاکانی کۆمەڵگە لە خۆ دەگرێت، جۆرەکانی پەیوەندیی تاکەکان و خێزان لە نێو کۆمەڵگە دیاری دەکات، تێهەڵکێشراوە/ بەرجەستە (تەجسید) کراوە لە نێو گشت دەزگاکانی دەوڵەتدا. ڕوون و ئاشکرایە کەلتوور گرنگی و مەزنیی خۆی هەیە، دەبێت ئەم لایەنە فرە بە هەند وەربگیرێت و لە کاتی ئامادەکاریی بۆ داڕشتن و نووسینی پرۆگرامەکان/ پەرتووك، ئەم خاڵانە ڕەچاو بکرێن:

١. سەرجەم لایەنەکانی کەلتوور، وەکو: زمان و ئەدەب، مێژوو، مۆسیقا، جلوبەرگ، خواردن و.. هتد، گرنگییان پێ بدرێت و بخرێنە نێو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە. ٢- بۆنە کەلتوورییەکان گرنگییان پێ بدرێت. ٣- ئەرك و کاری پەروەردەیە فێرخواز ئامادە بکات بۆ بەرەنگاریی ئەو جۆرە نەریتە نەخوازراوانەی کە لە دێرەوە لە ناو کۆمەڵگەدا سەرچاوەیان گرتووە.

**گەورەترین کێشەی پەروەردەی وڵاتانی کۆلۆنیالی پێشوو لە ئەفریقیا و ئاسیادا، ئەوەیە کە پرۆسەی پەروەردە لە کۆمەڵگە دابڕاوە**

**تێبینی:** پەروەردەی عێراق لەسەر فەلسەفەی پەروەردەی یەکێتیی عەرەبی دامەزراوە، گرنگی بە زمان و ئەدەب و مێژووی عەرەب دەدات، کەلتووری عەرەبی عێراقی و کەلتووری نەتەوە و پێکهاتەکانی دی پەراوێز دەخات، ئەمەش کاریگەریی لەسەر پەروەردەی کوردستان داناوە.

● پێوەری ٣: پەرەپێدان و ڕێزگرتن لە فرەکەلتووری و هەمەجۆری (Diversity) نیشتمان

کار و ئەرکی پەروەردەیە کەلتوورە جیاوازەکان بە یەکەوە گرێ بدات و، قەبووڵکردن و ڕێزگرتنی فرەکەلتووری و هەمەجۆری لە ناخی فێرکاردا بچێنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی هێمنی و پێکەوە ژیان. پێویستە نووسەران زانیاریی تەواویان لەسەر فرەکەلتووری و هەمەجۆری وڵات هەبێت و بخرێنە نێو پرۆگرامەکان/پەرتووك و لە سەرجەم قوتابخانە/ خوێندنگەکانی وڵاتدا بخوێندرێن. قوتابخانە بووە بە گرنگترین دەزگا بۆ تێکەڵبوون، پرۆگرامەکان/ پەرتووك بە هێزترین و کاریگەرترین ئامرازن بۆ تێکەڵبوونی کەلتوورەکان، گۆڕینی نەرێنییەکانی کەلتوور، فێربوون لە کەلتوورەکانی دیکەوە (ac-culturation). لە کاتی ئامادەکاری بۆ داڕشتن و نووسینی پرۆگرامەکان/پەرتووك، پێویستە ئەم خاڵانە ڕەچاو بکرێن:

١. دیمۆگرافیی پێکهاتەکانی وڵات بخوێندرێن.

٢. کەلتووری پێکهاتەکان، مێژوو، مۆسیقا، جلوبەرگ، خواردن و.. هتد، گرنگییان پێ بدرێت و بخرێنە نێو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە.

٣. بەرەنگاربوونەوەی نەژادپەرستی، دەمارگیری بەرانبەر کەلتووری ئەوی دی لە جلوبەرگ، خواردن، دین و...هتد.

تێبینی: پەروەردەی عێراق و کوردستان پەیڕەوی مافی پێکهاتەکان دەکەن، پێکهاتەکان بە زمانی دایك دەخوێنن، قوتابخانە/خوێندنگەی تایبەتیی خۆیان هەیە. بەڵام فرەکەلتووری و هەمەجۆری هەتا ئێستا نەخراوەتە پرۆگرامەکانی سەرجەم قوتابخانە/خوێندنگەکانی وڵاتەوە.

● پێوەری ٤: جێندەر، یەکسانیی توخمی نێرینە ومێینە

پرۆسەی پەروەردە، فێرکردن و فێربوون دەبێت پاڵنەرێت بۆ یەکسانیی ڕۆڵی توخمی مێینە و نێرینە لە نێو گشت پرۆگرامەکانی خوێندندا، کاریگەریی ئەرێنی لە سەر پرۆسەی خوێندن دەبێت، توانا و بەهرەکانی کچان و کوڕانی فێرخواز کاراتر و باشتر گەشە دەکەن. دەبێت نووسەران تەحەددای/ بەرەنگاریی لایەنە نەرێنییەکان بکەن کە لە دێرەوە لە کۆمەڵدا سەرچاوەیان گرتووە و بوونەتە باو، ئەمە، بووەتە هۆی دروستبوونی نایەکسانی لە نێوان کچ و کوڕدا، کچ لە منداڵییەوە سەرکۆنە کراوە و پەراوێز خراوە. دەبێت ڕۆڵی نێرینە و مێینە

بە یەکسانی دابڕێژرێت و لە سەرجەم پرۆگرامەکاندا جەختی لەسەر بکرێتەوە، بۆ نموونە: لە پیشەکاندا، کارامە و ناکارامە، لە ماڵەوە و دەرەوەدا، هەروەها لە گشت بەشەکان و لایەنەکانی دیکەی ناو پەرتووکدا، وەکو: وێنەکان، دەق/تێکست، ڕاهێنان و چالاکییەکان و.. هتد بگرێتەوە.

تێبینی: لایەنە نەرێنییەکانی کەلتوور کشاون بۆ نێو پرۆگرامەکان/پەرتووک، ڕۆڵی ڕابەرایەتی و سەرەکی بە توخمی نێرێنە دراوە و لاوەکیش بە توخمی مێینە، زۆربەی دەق، وێنە و ڕاهێنانەکان دەربارەی توخمی نێرێنەن.

● پێوەری٥: پەروەردە، هۆشمەندیی و کێشە کۆمەڵایەتییەکان

هیچ کۆمەڵگەیەك بێ کێشە نییە، پەروەردەی دروست و کارا، فێرخواز ئامادە دەکات بۆ ژیان و پێویستیی ئەو کۆمەڵگەیەی کە تیایدا دەژی. لە ڕێگای سیستەمی پەروەردەوە دەتوانرێت هۆشمەندی و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی پەرەیان پێ بدرێت بە ئەو ئامانجەی کەسایەتییەك بەرهەم بێنێت کە لە ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیدا بێت، توانای هەبێت بەرەنگاریی لایەنە نەرێنییەکانی کۆمەڵگە ببێتەوە و ببێت بە بەشێك بۆ چارەسەری کێشەکان. پرۆگرامەکان دەبێت تیشك بخاتە سەر بەهاکان بۆ پەرەپێدانیان و گرنگیی بدات بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان. هەندێك لە کێشەکانی کۆمەڵگە یاسایان بۆ دانراوە، بەڵام یاسا بە بێ هۆشمەندیی کۆمەڵایەتی ئەستەمە پەیڕەو بکرێت. ئەو کێشانەی لە نێو کۆمەڵگەدا هەن، پێویستە بخرێنە نێو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە، چەند نموونەیەك: توندوتیژی و کوشتنی ئافرەت، بەکارهێنانی چەك و تاوانەکانی کوشتن، ڕۆڵی نەرێنیی میدیا و سۆشیاڵ میدیا، ماددەی هۆشبەر هەنووکە لە کوردستاندا لە تەشەنەکردندایە، کێشەکانی هاتوچۆ کە ساڵانە قوربانیی زۆریان لێ دەکەوێتەوە، تەندروستیی خۆراك، جگەرە، دەرمان، نەشتەرگەریی جوانکاری و...هتد، کێشەکانی دەنگ و ڕێزنەگرتن لە دراوسێ، دەستنەگرتن بە ئاو و کارەباوە، ڕێزنەگرتن لە کەلوپەلی دەوڵەت و سامانی نیشتمانی و خەڵك، پەناهەندەیی و ئاوارەبوون، پیسکردنی ژینگە، کێشەکانی فێرخواز وەك خۆکوشتن و وازهێنان لە خوێندن و...هتد، ڕێکنەخستنی کات و درەنگ خەوتن، هونەری ئاخافتن، بەکارهێنانی بێسەروبەری ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان (لەلایەن گەورە و گچکەوە).

تێبینی: پەروەردەی عێراق لە سەر فەلسەفەی پەروەردەی یەکێتیی عەرەبی دامەزراوە، کۆمەڵگەی عەرەبی و عێراقی وەکو کۆمەڵگەیەکی ئایدڵ بە بێ کێشە و خەوش وێنا دەکات، ئەمەش کاریگەری لەسەر پەروەردەی کوردستان داناوە.

● پێوەری٦: گرنگیدان بە ئابووری

ئابووری دەبێت لە سەرجەم پرۆگرامەکاندا ئاماژەی پێ بکرێت، بڕبڕەی ژیانی تاك و کۆمەڵگەیە. پێویستە فێرخواز ئامادە بکرێ بۆ ژیان و کارکردن، فێرخواز لە منداڵییەوە فێر بکرێت، ڕێز لە کار/پیشەی کارامە و ناکارامە بگرێت، جگە لە ئەوەی بژێوی تاك و خێزان دابین دەکات، لە هەمان کاتدا پەرە دەدات بە ئابووریی وڵات. پاراستنی سامان و سەکتەر/کەرتەکانی دەوڵەت، موڵکی هەمووانە و بۆ هەمووانە، بە تایبەتی گرنگی بدرێت بە کەرتی پەروەردە و تەندروستی کە ڕاستەوخۆ لە خزمەتی گشت خەڵك/گەلدان، خەڵك گەورەترین سامانی وڵاتن، کادری کارامە و تەندروست و بە وزە پەرە بە ئابووری دەدات. هەروەها کەرتی تایبەت بە هەند وەربگیرێت، پێویستە پەروەردە زانیاریی تەواوی هەبێت لەسەر بازاڕی کەرتی تایبەت، بەو ئامانجەی فێرخواز ئامادە بکات و لە داهاتودا لەو کەرتە کار پەیدا بکات. پێویستە نووسەران زانیاریی تەواویان لە سەر سەکتەر/کەرتەکانی ئابووریی وڵات هەبێت و بخرێنە نێو پرۆگرامەکانی خوێندن.

تێبینی: سیستەمی پەروەردەی عێراق و کوردستان پرۆگرامەکانیان نەلکاون بە ئابووریی وڵاتەوە.

● پێوەری٧: دیزاینی پەرتووك بەپێی تیۆری فێربوون

دەبێت پەرتووکی خوێندن بە پێی تیۆری فێربوون دیزاین بکرێت، ئەمەش کاری پسپۆڕانە، بۆیە پێویستە هەماهەنگیی تەواو هەبێت لە نێوان نووسەران و هونەرمەندان/ دیزاینەرانی پەرتووکدا. لە سیستەمی دووەوامی، فێرخواز کاتێکی فرە زۆر لە دەرەوەی پۆلدا لەگەڵ پەرتووکدا دەباتەسەر، بۆیە دیزاینی پەرتووك کاریگەریی فرەزۆری لە سەر پرۆسەی تێگەیشتن و گواستنەوەی زانیاری دەبێت، هەروەها دیزاینی باش لە ئەرکی مامۆستا کەم دەکاتەوە. پێویستە ئەم خاڵانە بۆ دیزاینی پەرتووك ڕەچاو بکرێن:

**پەروەردەی عێراق لە سەر فەلسەفەی پەروەردەی یەکێتیی عەرەبی دامەزراوە، گرنگی بە زمان و ئەدەب و مێژووی عەرەب دەدات، کەلتووری عەرەبی عێراقی و کەلتووری نەتەوە و پێکهاتەکانی دی پەراوێز دەخات، ئەمەش کاریگەریی لە سەر پەروەردەی کوردستان داناوە**

**کار و ئەرکی پەروەردەیە کەلتوورە جیاوازەکان بە یەکەوە گرێ بدات و، قەبووڵکردن و ڕێزگرتنی فرەکەلتووری و هەمەجۆری لە ناخی فێرکاردا بچێنێت**

**پەروەردەی عێراق و کوردستان پەیڕەوی مافی پێکهاتەکان دەکەن، پێکهاتەکان بە زمانی دایک دەخوێنن، قوتابخانە/ خوێندنگەی تایبەتیی خۆیان هەیە. بەڵام فرەکەلتووری و هەمەجۆری هەتا ئێستا نەخراوەتە پرۆگرامەکانی سەرجەم قوتابخانە/ خوێندنگەکانی وڵاتەوە**

**پرۆسەی پەروەردە، فێرکردن و فێربوون دەبێت پاڵنەربێت بۆ یەکسانیی ڕۆڵی توخمی مێینە و نێرینە لە نێو گشت پرۆگرامەکانی خوێندندا**

١. پەرتووك بە پێی تیۆری فێربوون دیزاین بکرێت.

٢. فرە زانیاری و زانیاریی زیاتر لە خۆبگرێت لە ئەوەی لە سەردێڕی ماددەکە (syllabus) دەستنیشان کراوە، بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت زیاتر لە ماددەکەدا قووڵ ببنەوە.

٣. فێرخواز کاتێکی فرە زۆر لەگەڵ پەرتووکدا بەسەردەبات، بۆیە پێویستە هەندێ لە بەشەکانی وەکو پەرتووکی خود فێرکردن (Self Study) دیزاین بکرێن.

٤. چالاکییەکان هەر تیۆری نەبن، چالاکیی کردەیی لە خۆ بگرن و پەیوەست بن بە کۆمەڵگەوە.

تێبینی: لە سەرەتای دامەزراندنی سیستەمی پەروەردەی عێراقەوە هەتا ئێستا گۆڕانێکی ئەوتۆ بە سەر دیزاینی پەرتووکدا نەهاتووە. وێنەیەك و دەقێك بە دوایدا نووسراوە، ئەمە ناجۆرە لە گەڵ تیۆری فێربووندا.

● پێوەری٨: ئایین و مێژوو

ئایین: پێویستە سوود لە ئەو پەیامە ڕۆحییانە وەربگیرێت: دەستپاکی و ڕەوشتپاکی، خواپەرستیی، ڕۆحی لێبوردن و قەبووڵکردنی جیاوازییەکان و.. هتد، بە ئەو ئامانجەی فێرخواز ئامادە بکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی بیری توندڕەوی و کاری تێرۆریستی. هەروەها هەر دوو تەریقەتی قادری و نەقشبەندی بە بەربڵاوی پەیڕەو کراوە و دەکرێت لە کوردستاندا، بووە بە بەشێك لە مێژوو و کەلتووری کوردی، پێویستە بخرێنە پرۆگرامەکانی خوێندنەوە.

مێژوو: ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە گرنگی دراوە بە مێژووی سیاسی و حوکمڕانی و، بەشەکانی دیکەی مێژوو پەراوێز خراون. پێویستە گشت بەش/ لقەکانی مێژوو بخرێنە نێو پرۆگرامەکانی خوێندن، لە سەرجەم ماددەکانی خوێندندا بە پێی پێویست ڕەنگ بدەنەوە، بۆ نموونە: مێژووی پەروەردەی کوردی، مێژووی جلوبەرگ، مێژووی چنین، مێژووی هەڵپەڕکێ و هونەری میللی، مێژووی شوێنەوارە دێرینەکان، مێژووی ژینگەی فێرخواز (گەڕەك، شار، دێ) و.. هتد.

تێبینی: پێوەرەکان بۆ پەرەپێدانی پرۆگرامەکان/ پەرتووك هەمەلایەنن، تایبەت نین بە ماددەیەکی خوێندنەوە، بەڵام ئایین و مێژوو دوو ماددەن کە لە سیستەمی پەروەردەی عەرەبیی عێراقدا، کراون بە ئامراز بۆ گەیاندنی بیرۆکەی یەکێتیی عەرەبی، بۆیە ئەم پێوەرە تەرخان کرا بۆ ئەو دوو ماددەیە. پەروەردەی عێراق لەسەر فەلسەفەی پەروەردەی یەکێتیی عەرەبی دامەزراوە، گرنگی بە مێژووی سیاسی و حوکمڕانی دەدات و بەشەکانی دیکەی مێژوو پەراوێز خراون، ئەمەش کاریگەریی لەسەر پەروەردەی کوردستان داناوە.

● پێوەری٩: پرسی جیهانی (مافی مرۆڤ، ژینگە، تەندروستی و.. هتد)

هۆشمەندیی نێونەتەوایەتیی/جیهانی دەربارەی هەندێ پرسی دیاریکراو کە زۆربەی وڵاتانی جیهان واژۆیان کردووە و پشتگیری لێ دەکەن، بخرێتە چوارچێوەی کارکردن، وەکو جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، پەروەردە بۆ هەموان، پاراستنی ژینگە، تەندروستی و...هتد، پێویستە نووسەران ئاگادارییان لە سەر ئەم پرسانە هەبێت و بە پێی پێویست لە ناو پرۆگرامەکاندا دابنرێن.

● پێوەری ١٠: چاندنی کەلتووری سەختکۆشی ١(بە دەستکارییەوە وەرگێڕدراوە)

گرنگە کەلتووری سەختکۆشی لە ناخی فێرخوازدا بچێندرێت، ئەمەش بە ڕێکخستنی کارای کاتی ناوەوە و دەرەوەی پۆل دێتە دی، لە ڕێی داهێنان و چالاکیی سەرنجڕاکێشەر و دڵخوازەوە، بە کارەکیکردنی چالاکییەکان بەدی دێت. گوتنەوەی وانە تەنیا بە تیۆری، بێزاریی قوتابی لێ دەکەوێتەوە، چونکە حەز و ئارەزووی فێرخواز دەکوژێت. جگە لە پەیڕەوکردنی ڕێگاکانی وانەگوتنەوە، پێوستە لە پرۆگرامەکان-پەرتووکدا،پێشنیاری کردەیی وانەگوتنەوە و پێداویستییەکانی تێدا بێت، یارمەتیدەر بێت بۆ پەیوەستکردنی بە بواری تیۆریی بە کارەکی. پێویستە بە بەردەوام یارمەتی و هانی فێرخواز بدرێت بۆ دۆزینەوەی خۆی. کاتی گوێگرتن لە مامۆستا دەبێت کورت بێت و یەکسەر چالاکیی بە دوادا بێت. منداڵ پێویستی بە یارمەتی و ڕێنمایی هەیە بۆ پڕکردنەوەی کاتی ئازاد/ دەستبەتاڵ، ئەمە نابێت بەربەست بێت لەو کاتانەی کە خۆیان پاڵنەرن بۆ یاریکردن، بەڵکو دەبێت فێری پلانی ماوەدرێژ بکرێن، بۆ پەرەپێدانی ژیانیان و لە کات بە فیڕۆدان دووربخرێنەوە.

کارکردن لە دەرەوەی پۆل، وەکو ڕاهێنان و ئەرکی ماڵەوە، دەخوازێت لە بازنەی تواناکانی منداڵدا بێت، ئەمە، دوو ئامانج دەپێکێت لە تەك

چاودێریی ئەوەی، کە تا چەند وانەکە بە باشی گوتراوەتەوە، کە چاوەڕێی تێگەیشتنی ماددەکە و کارتێکردنی ناوەکییشی لێ دەکرێت (Internalizes). منداڵان فێر بکرێن کار و ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن بە بێ پێویستبوونی ڕاوەستانی سەرپەرشتیار بە سەریانەوە. ئەمش کارامەیی درێژدانە بە ژیان و پێوستییەکە، بۆ هەموو فێرخوازان و، گرنگە بە بەردەوام پەیوەست بن بە تەواوکردنی ئەرکەکانیانەوە.

● پێوەری١١: پێکانی ئامانجە نیشتمانی/ نەتەوەییەکان٢ (بە دەستکارییەوە وەرگێردراوە.)

ئەمانە بەشێکن لەو ئامانجانەی کە لە زۆربەی شوێن (وڵاتان)دا،جێگیر کراون.

١. تواناکانی فێرخواز پەرە پێ بدات، بەردەوام هەوڵ بدات بۆ دەستکەوتنی زانیاری، شارەزایی، کارامەیی و هەڵوێست کە پێویستن بۆ تاك، تاكوو بەهرە و تواناکانی بخاتەگەڕ بۆ پاراستنی چۆنێتیی ژیان.

٢. پشتگیریکردن و هاندانی هەڵوێستی ئەرێنی دەربارەی تەندروستی، نرخاندنی وەرزش بۆ ژیان و پاراستنی ژینگە.

٣. پەرەپێدانی توانای لێپرسینەوە، تیارامان/بیری ڕەخنەیی، بڕیاردانی ژیرانە، بیرکردنەوە لە میانەی لێپرسینەوە (التفكير من خلال التحقيق) کە فێرخواز هەموو هەستەکانی بە کار بهێنێت.

٤. دانانی بنکەیەکی پتەو بۆ گەشەپێدانی تەکنەلۆژی، پیشەسازی و بەشەکانی دی، لەوانە بنەماکانی دانان و بەڕێوەبردنی کار (بزنێس) بە بەرهەمهێنان.

٥. یەکێتیی نەتەوایەتیی/ وڵات، فرەکەلتووری، فرەزمانی، فرەنەژادی و ڕەگەزی جیاواز لە خۆ بگرێت.

٦. چاندنی بەهاکانی دیموکراسی، هاندانی یەکسانیی کۆمەڵایەتی، ئاکاری/ مۆراڵی بەرپرسیارێتی و پابەندبوون بە ئەرکەکانەوە.

٧. گرنگیدان بە تێگەیشتن و ڕێزنان لە کەلتوور و دینەکانی دی،

٨. هاندان و بەرزڕاگرتنی هۆشمەندی دەربارەی تێگەیشتنی جیهانی، هەماهەنگی لە نێو وڵاتان و نەتەوەکاندا و ڕێزنان لە ئاشتی.

٩. چاندنی ڕێز و خۆشەویستی و تێگەیشتن لە پیران و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، بە تایبەتی ئەوانەی کە تواناکانیان سنووردارن.

١٠. خۆشەویستیی وڵات لە خۆبگرێت (نیشتمانپەروەری/ نیشتمانبەندی، ناشناڵیزم).

١١. پەرەپێدانی کارامەیی پەیوەندی (communication skill) بە گشت شێوەکانی: ئاخافتن، نووسین، فەرمی و نافەرمی.

١٢. تێگەیشتنی نەتەوایەتی/نیشتمانی لە مێژوو، لە کەلتوری کۆمەڵایەتی و ئابووریی خۆماڵی.

١٣. پەرەپێدانی بیرۆکەی بڕوابەخۆبوون و چۆنێتیی ڕابەرایەتیکردن.

١٤. پەرەپێدانی توانای بەشداریکردن لە کەلتووری چالاکیی وەرزشی و هونەری و...هتد

١٥. پەرەپێدانی هەڵوێستی ئەرێنی و دڵشادکەرانە.

پێوەری١٢: پێکانی ئامانجەکانی تاك ٣(بە دەستکارییەوە وەرگێردراوە.)

١. پێشبینی دەکرێت پەروەردە دڵنیایی لە فێرخوازدا بچێنێت:

٢. فراوانکردنی توانای داهێنان، نوێکردنەوە و تیارامان/ بیری ڕەخنەیی (Critical Thinking)

٣. کەلتووری سەختکۆشی (hardworking)، بەشداری لە چالاکییە بەرهەمدارەکاندا.

٤. هەڵوێستی ئەرێنی دەربارەی شێواز/ستایل-ی تەندروستیی ژیان، وەکو خۆراك، پلانی خێزان، ژینگە، ئاو و ڕێنمایی تەندروستی.

٥. پشتبەستن بە خود و بڕوا بە خود بۆ دەستکەوتنی زانیاری و ئامادەیی بۆ گۆڕانکاری.

٦. هزری لێپرسینەوە/ لێکۆڵینەوە، هەوڵدان بۆ دەستکەوتنی زانیاری.

٧. بەهاکانی ڕەوشت، ڕێزداری و ڕۆحی لێبوردن.

٨. هۆشمەندی و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، بەرپرسیاریەی دەربارەی بەهاکانی خێزان و کەسانی دی.

٩. بنەمایەکی پتەو بۆ بەشداریکردن لە کاروباری کۆمەڵایەتی و ئابووریی وڵاتدا.

**سەرچاوەکان:**

1. Gachukia، Eddah and Chung،Fay " The textbook Writers Manual"،International Institute for Capacity Building in Africa، UNISCO، ( 2005 Economic Communication for Africa)

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو: ل١٢
(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو: ل٧
(٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو: ل٨

داگرتن: بۆ داگرتنی ئەم ڕاپۆرتە و سەرچاوە ئینگلیزییەکەش
www.kcdev.org/submissios

**دەبێت ڕۆڵی نێرینە و مێینە بە یەکسانی دابڕێژرێت و لە سەرجەم پرۆگرامەکاندا جەختی لەسەر بکرێتەوە**

**لایەنە نەرێنییەکانی کەلتوور کشاون بۆ نێو پرۆگرامەکان/ پەرتووک، ڕۆڵی ڕابەرایەتی و سەرەکی بە توخمی نێرینە دراوە و لاوەکیش بە توخمی مێینە**

# گەڕانەوە بۆ بەکارهێنانی کیسەی کاغەز



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

پێش زیاتر لە نیو سەدە کاتێك ئەندازیاری سویدی «گۆستاف تۆلین» کیسەی نایلۆنی پێشنیار کرد بۆ بەکارهێنان لە بری کاغەز، مەبەستی پاراستنی درەختی دارستانەکان بوو لە بڕینەوە بۆ دروستکردنی کیسەی کاغەز، بەڵام لە ئێستادا کە جیهان ساڵانە نزیکەی یەك تریلیۆن کیسەی نایلۆن بەکار دەهێنێت، کە زیانی زۆر بە ژینگە و پێکهێنەرەکانی دەگەیەنێت، ئیدی ئەو مەبەستەی پێشوو نایەتەدی.

مرۆڤ بۆ هەڵگرتن و گواستنەوەی شتومەکی ڕۆژانەی خۆی، ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە کیسەی نایلۆن بەکار دەهێنێت، کە هەندێك جار جێگەی سەرسوڕمانە، بۆ نموونە بە پێی گۆڤاری (ژینگە و پەرەپێدان) لە ژمارە (١١٥) ی تشرینی یەکەمی (٢٠٠٧)دا، هاتووە کە (ساڵانە لە وڵاتە عەرەبییەکاندا نزیکەی (٢٥) ملیار کیسەی نایلۆن بەکار دەهێندرێت)، دیارە پاش ١٥ ساڵ لەو بەرواره ژمارەکە زۆر زیادی کردووە.

بۆیە ئێستا وڵاتان کەوتوونەتە گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاو، بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی کیسەی نایلۆن لە ڕێگەی ڕاگرتن و کەمکردنەوەی بەکارهێنانیان، یان لە ڕێگەی دانانی باج لەسەر کارگەکانی بەرهەمهێنانی ئەم کیسە نایلۆنانە، یانیش لە ڕێگەی سەپاندنی نرخێکی گونجاو لەسەر بەکاربەرانی ئەم کیسە نایلۆنانە لە مارکێت و مۆڵەکاندا، چونکە بەکارهێنانی کیسەی نایلۆن بەم ژمارە زۆرەی ئەم سەردەمە، زۆر زیانی گەورەی لێ کەوتووەتەوە، لەوانەش:

١- ناشیرینکردنی دیمەنی ئاسمان و زەوی، کە ژمارەیەکی زۆری ئەم کیسانە لە شەقام و کۆڵانەکاندا پەرش و بڵاو دەبنەوە، لەگەڵ ڕەشەباشدا دەگوازرێنەوە بۆ زۆر شوێنی دی.

٢- لە زستاندا لەگەڵ ڕێڕەوی ئاوی شەقامەکاندا دەچنە نێو مەنهۆڵی زێرابەکانەوە و، دەبنە هۆی کۆبوونەوەی ئاو لە شەقام و سەر زەویدا و، دروستبوونی لافاو و زیانگەیاندن بە شار و ماڵ و کۆگاکان.

٣- زیانگەیاندن بە ئاژەڵەکان، چونکە زۆرێك لە مەڕوماڵات و بەرزەوڵاخ، ئەو نایلۆنانە قووت دەدەن و لە دواییشدا دەخنکێن، لەبەر ئەمەشە ساڵانە نزیکەی یەك ملیۆن ئاژەڵی دەریایی بە هۆی ئەم کیسە نایلۆنانەوە لە دەریادا دەخنکێن.

٤- دروستکردنی زەمینەیەکی لاواز لە زەویدا لە کاتی کۆبوونەوەی ئەم نایلۆنانە لە چینەکانی زەویدا، کە زیان بە خانووبەرە و بە ڕووەك دەگەیەنێت لە داهاتوودا.

٥- دەبێتە هۆی تێکدانی ڕەنگە سرووشتییەکان و زیادکردنی ڕەنگی دەستکرد لە سرووشتدا.

٦- بە سەر ڕووبەرە ئاوییەکاندا بڵاو دەبنەوە و، دەبنە ڕێگر لە بەردەم دابینکردنی خۆراکی ڕووەکەکان.

٧- لەژێر خاکیشدا خاك دەکەن بە دوو بەشی سەرەوە و خوارەوە، بەمەش بەشی خوارەوەی خاك ئاوی پێویستی پێ ناگات.

٨- بە سووتاندنیشیان گازە ژەهراوییەکان بەرهەم دەهێنن.

لە بەر ئەم زیانانە و زۆری دیکەش، زانایانی بواری ژینگە بەم کیسە نایلۆنانە دەڵێن «نەفرەتی ڕەش»، لەبەر ئەمەش پێویستە لای خۆشمان هەندێك ڕێوشوێن بگرینە بەر، بۆ ڕێگەگرتن لە زیانەکانی کیسەی نایلۆن، لەوانەش بۆ نموونە:

١- هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان لە زیانەکانی نایلۆن و کیسەی نایلۆن.

٢- گەڕانەوە بۆ بەکارهێنانی کیسەی کاغەز لە دووکان و کۆگا و سۆپەرمارکێتەکاندا.

٣- بەکارهێنانی کیسەی گەورەی لە قوماش دروستکراو، بۆ هەڵگرتنی شتومەك لەلایەن هاووڵاتیان و ماڵانەوە.

٤- باج خستنە سەر ئەو کارگانەی کە ئەم کیسە نایلۆنانە بەرهەم دەهێنن.

٥- دەرکردنی بڕیارێك بۆ ڕێگەگرتن، یان کەمکردنەوەی بەرهەمهێنان و هاوردەکردن و بەکارهێنانی کیسەی نایلۆن.

٦- دروستکردنی کارگەی نوێ بۆ دووبارە کۆکردنەوە و، دووبارە دروستکردنەوە لەو نایلۆنە بەکارهاتووانەوە.

٧- ئەنجامدانی ئامارێك بۆ زانینی بڕی بەکارهێنانی کیسەی نایلۆن، چونکە بە زانینی ئەو داتا و ژمارەیە، دەتوانین زیانەکانی دیار بکەین و چارەسەری گونجاویشی بۆ دەستنیشان بکەین.

٨- دروستکردنی دارستانی نوێ لە درەختی وەك پاوڵۆنیا کە زیاتر لە بیست سوودی جۆراوجۆری هەیە.

٩- دامەزراندنی کارگەی تایبەت بە پیشەسازیی کاغەز و بەرهەمهێنانی پێداویستییەکان لە کاغەز.

١٠- بۆ هەموو ئەمانەش ئێستا بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٠٢٢/٣/١٥ لێژنەیەك پێك هێنراوە لە نوێنەرانی دەستەی ژینگە و وەزارەتی بازرگانی و وەزارەتی شارەوانی، بۆ بڕیاردان لە بارەی ڕەهەندە جیاوازەکانی قەدەغەکردنی کیسەی نایلۆن و گەڕانەوە بۆ بەکارهێنانی کیسەی کاغەز.





# زیاتر لە یازدە هەزار حاڵەتی جیابوونەوە لە یەک ساڵدا تۆمارکراون





**ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان ئامارێکی بڵاوکردووەتەوە و تێیدا هاتووە «لە ساڵی ڕابردوودا لە هەرێمی کوردستان ٥٤ هەزار و ٨٣٧ پڕۆسەی مارەبڕین لە دادگەکان ئەنجام دراون، لەم ڕێژەیەش ١١ هەزار و ٦٩٩ حاڵەتی جیابوونەوە تۆمارکراون، ئەوەشی خستووەتەڕوو کە ژمارەی ئەنجامدانی پڕۆسەی هاوسەرگیری و جیابوونەوە، لە ساڵی ٢٠٢١ بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٠ زیادی کردووە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

بەپێی ئامارێکی ئەنجومەنی دادوەری لە ساڵی ٢٠٢١دا، ٥٤ هەزار و ٨٣٧ پڕۆسەی مارەبڕین لە دادگەکان ئەنجام دراون، لەم ژمارەیەش ١٨ هەزار و ٩٦٤ لە هەولێر و ٢٠ هەزار و ١٤٧ لە سلێمانی و دوو هەزار و ٢٨٥ لە گەرمیان و ١٣هەزار و ٤٤١ مامەڵە لە دهۆك ئەنجام دراون.

هەر لەو ئامارەدا ئاماژە بەوە کراوە کە لە ساڵی ڕابردوودا پڕۆسەی هاوسەرگیری بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٠ زیادی کردووە، بە شێوەیەك لە هەولێر ٢ هەزار و ١٦١ حاڵەت، لە سلێمانی ٤ هەزار و ٢٨٥ حاڵەت، لە دهۆك هەزار و ٦٩٦ حاڵەت، لە گەرمیان ٢٣٤ حاڵەت بووە.

لە بەشێکی دیکەی ئامارەکەدا هاتووە کە لە کۆی ئەو ٥٤ هەزار و٨٣٧ کەسەی کە پڕۆسەی هاوسەرگیریان ئەنجام داوە، ١١ هەزار و ٦٩٩ حاڵەتی جیابوونەوە تەڵاق ڕووی داوە، کە ٤ هەزار و ٤٣ حاڵەت لە هەولێر و ٤ هەزار و ٧٦٧ حاڵەت لە سلێمانی و هەزار و ٩٣ حاڵەت لە گەرمیان، هەزار و ٧٦٩ حاڵەت لە دهۆك بووە. ڕوونیشی کردووەتەوە کە ڕێژەی تەڵاقدان و جیابوونەوە لە ساڵی ٢٠٢١ بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٠ زیادی کردووە، بەشێوەیەك ڕێژەی جیابوونەوە لە ساڵی ٢٠٢١ بەراورد بە ٢٠٢٠ لە هەولێر ٧٨٢ حاڵەت، لە سلێمانی هەزار و ٧٦٥ حاڵەت، لە دهۆك ٤٩٣ حاڵەت، لە گەرمیان ٥١٥ حاڵەت بووە. ئامارەکە ئەوەشی خستووەتەڕوو کە زۆرترین حاڵەتی جیابوونەوەکان بە هۆی «نەگونجانەوە بووە کە هەزار و ٢١٧ حاڵەت بووە، هەروەها جیاوازیی تەمەن ٣٧ حاڵەت، نەزۆکی ٨ حاڵەت، ئابووری٧٣ حاڵەت، کۆمەڵایەتی ٨٧ حاڵەت بووە.

هۆشمەند ڕەفیق ئابووریناسە و لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا هۆکار و پاڵنەرەکانی هەڵکشانی ڕێژەی جیابوونەوە، تاچەند بە باری ئابووریی خێزانەوە پەیوەستە؟ دەڵێت:

«هۆکارەکانی پشت هەڵکشانی ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران بەتایبەت لە نێو تازە هاوسەران و هاوسەرە گەنجەکان بەراورد بە هاوسەرانی دیکە، هۆکاری زۆری هەیە، بەڵام دەتوانین بڵێین یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکان، هۆکاری ئابوورییە، چونکە هەر دوو هاوسەر لە کاتی دەستگیرانداری یان پێش قۆناغی مارەکردنیش، بە هۆی ئەوەی کەمئەزموونن و شارەزایی ژیانی کرداریان نییە، زۆر خەونی گەورە و وەنەوشەییان هەیە و، پێیان وایە لە کاتی کۆبوونەوە لە ژێر یەك بنمیچ دەتوانن ئەو خەونانە بهێننەدی، بە هۆی ئەو بەڵێنە گەورە و قەبانەی بە یەکتریان داوە، بەتایبەت هاوسەرە کوڕەکان بە کچەکانی دەدەن، کەچی لە ئەرزی واقیع نایەتەدی، کچەکەش پشوودرێژ نییە و دەیەوێت ئەو خەونەی باوك و دایکی نەیانتوانیوە بۆی بهێننەدی، هاوسەرکەی بۆی بهێنێتەدی، کەچی لە بنەڕەتدا کاتێ هاوسەرگیرییان کردووە لە خانوویەکی کرێ، یان لە ژوورێکی ماڵی باوکی کوڕە دەژین، هەر دوولا هیچ کارێکیان نییە، ئیدی ڕۆژ بە ڕۆژ کێشەکان سەرهەڵدەدەن، تا دەگاتە دۆخێك دەتەقێتەوە و هیچ یەکێکیان بەرگەی ئەو کێشانە ناگرن، کە ئەو کێشانەش زێتر ئابوورین، واتە کێشە سەرەکییەکانی جیابوونەوەی هاوسەران زیاتر لاوازیی ئابووریی خێزان و نەبوونی سەرچاوەی داهاتە، ئەگەریش سەرچاوەی داهاتیان هەبێت لە ئاستێکی سنووردارە و ناتوانن ئەو بڕە سەرچاوە سنووردارەی داهاتیش بەڕێوەبەرن، ئەوەش وا دەکات کێشەکان گەورەتر ببنەوە و لە ئەنجامدا بگاتە جیابوونەوە و پرۆسەی هاوسەرگیرییەکە کۆتایی پێی بێت، بە دیدی ئێمە پێش ئەوەی تازە هاوسەرەکان لەلایەنی فەرمی و یاساییەوە مارە بکرێن، پێویستە لەلایەن دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، خولێکی ڕاهێنانیان لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ بکرێتەوە، بەتایبەت چەند هەفتەیەك بەشدارییان پێی بکرێت بۆ ئەوەی ڕۆشنبیریی ئابووریی خێزان وەربگرن، واتە هۆشیار ببنەوە کە چۆن خێزان بەڕێوەبەرن و چۆن بتوانن ئیدارەی سەرچاوەکانی داهاتی خێزان بکەن و چۆن داهات بەدەست دەهێنن و چۆن خەرجی دەکەن، بەمەش لێکتێگەیشتن لە نێوان هەر دوولا دروست دەبێت و، کێشە بچووکەکانی تایبەت بە لایەنی دارایی گەورەتر ناکەن، بەمەش شکۆی خێزان دەپارێزرێت و ڕێژەی جیابوونەوە، ڕوو لە داکشان دەکات، ناڵێین نامێنێت، بەڵام ڕێژەکە بەرەو دابەزین دەچێت».

پارێزەر تاڤان حەکیم سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «هۆکارەکانی جیابوونەوە لە ئەمرۆدا کە بە شێوەیەکی بەرچاو ڕوو لە هەڵکشانە، دەگەڕێنمەوە بۆ تۆڕی کۆمەڵایەتی و دراما بیانییەکان، کە وای کردووە، چ ژنان چ پیاوان پەنا بۆ زۆر کاری خراپ بەرن، وەك خیانەت و چاولێکەری، هەروەها دراما بیانییەکانی تورکی و کۆری و هیندی شیرازەی خێزانیی کوردیان تێك داوە، بە هۆی ئەوەی ئەو کەلتوورە لەگەڵ کەلتووری ئێمەی کوردا ناتەبایە، کە دەورێکی گەورەیان هەیە لە بەلاڕێدابردنی کۆمەڵگە و داب و نەریتی کوردیی باب و باپیرانمان. چەندین هۆکاری دیکەی جیابوونەوەش هەن، بەڵام بە ڕای من ئەوانی دی لاوەکین، بۆیە وەك پێشنیاریش بێت، پێویستە ئەو دراما و ئەڵقە فیلمانە بوەستێندرێن و بەوەش خێزانی کوردی تاکی باڵاتر پێشکەشی کۆمەڵگە دەکات و جیابوونەوەش کەمتر دەبێت.»

پارێزەر زانا نەبەز ئەحمەد، هۆکار و ئامارەکانی جیابوونەوە بە شایەنی هەڵوەستە لەسەرکردن دەزانێت و دەڵێت: «کرانەوەی کۆمەڵگە لە گشت بوارەکان و ئەو نارِوونییانەی بە تایبەت لە نێو کۆمەڵگەی کوردی جێگای بۆ نەکرابوویەوە، کێشەی زۆری بۆ شیرازەی خێزانی دروست کردووە، بەتایبەت کە کۆمەڵگەی کوردی خاوەنی جۆرێك لە تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتیی تایبەت بە خۆیەتی، هەر ئەوەش وای کردووە هاوسەران زیاتر تووشی کێشە و گرفت بن، ئینجا بە هۆی نەبوونی هۆشیاری بێت، یان بە ئاراستەبردنی هەڵەی کەسەکان، بە ڕێژەی بەرز کاریگەری کردووەتە سەر لایەنی کۆمەڵایەتی و دروستبوونی گرژی و جیابوونەوەی هاوسەران کە لە ئێستادا ئەوەی بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێت و گومان لە شاردنەوەی ناکرێت، جیابوونەوە، یان هەڵوەشانەوەی خێزانەکانە.» گوتیشی: «بە پێی یاسا جیابوونەوە واتایەك دەگەیێنێت کە بریتییە لە لابردنی کۆت و بەندی مارەبڕین بە دەستەواژەیەکی ڕوون و ڕاشکاوانە، کەوا لە ڕووی شەرعی و یاسایی واتای تەڵاق دەگەیەنێت و خێزانەکان هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەمەش لە ئێستادا چەندین هۆکار ڕۆڵی تێدا دەبینن، بەڵام سەر تۆپی هۆکارەکان بۆ هەڵوەشانەوەی خێزان خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە و ئەگەر ڕێگرییەکی شیاوی بۆ نەدۆزرێتەوە، پێم وایە ئاستەکە زیاتر مەترسیدار دەکات. هۆکاری دووەم نیشاندان و وێناکردنی ژیانی تەنیاییە بە شێوەیەك لە فلیم و دراماکان کە وێنای ژیانێکی ئاسودەتر دەکەن، کە لە ڕێگەی کەناڵەکانەوە بە بێ ڕەچاوی دۆخی کۆمەڵایەتی و دەروونیی مرۆڤ دۆبلاژی دەکەن، ئەوەش کۆمەڵگە بە شێوەیەکی نەرێنی ئاراستە دەکات. هۆکارێکی دی کە تا ئێستا بەداخەوە لە زۆر بوونە و بەردەوامە، بە شوودان و ژنهێنانە بۆ کەسانێك کە لە تەمەنێکی ناشیاودان، بە تایبەت بە شوودانی ئافرەت لە خوا تەمەنی ١٨ساڵی یان بەشوودانی بە کەسێك لە ئاست تەمەنی ئەو ئافرەتە شیاو نەبێ، هۆکاری دی خۆهەڵقورتانە لە ناو ژیانی ژن و مێرد لە لایەن کەسانی دەوروبەرەوە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە لە ئێستادا مادە هۆشبەر و کحوولییەکان پێیان خستووەتە سەر لێکترازانێ خێزانەکان، چونکە ڕێژەی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر بەرانبەر بە ئامارەکانی پێشوو زۆر بەرز بووەتەوە. کەسێکیش کە بەکارهێنەری مادەی هۆشبەر بووە و خێزانەکەی پێی زانیوە، لە ترسی ئەوەی هاوسەرەکەی سکاڵای لەسەر تۆمار بکات، خۆی پەنا بۆ جیابوونەوە دەبات».

**کێشە سەرەکییەکانی جیابوونەوەی هاوسەران زیاتر لاوازیی ئابووریی خێزان و نەبوونی سەرچاوەی داهاتە**

**پێش ئەوەی تازە هاوسەرەکان لەلایەنی فەرمی و یاساییەوە مارە بکرێن، پێویستە لەلایەن دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، خولێکی ڕاهێنانیان بۆ بکرێتەوە**

**دراما بیانییەکانی تورکی و کۆری و هیندی شیرازەی خێزانیی کوردیان تێك داوە، بە هۆی ئەوەی ئەو کەلتوورە لەگەڵ کەلتووری ئێمەی کوردا ناتەبایە**

**لە ئێستادا مادە هۆشبەر و کحوولییەکان پێیان خستووەتە سەر لێکترازانێ خێزانەکان، چونکە ڕێژەی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر بەرانبەر بە ئامارەکانی پێشوو زۆر بەرز بووەتەوە**



# پەرستاران وەک فریشتەی بەزەیی لە خزمەتکردنی نەخۆش بەردەوامن

لە١٢ی مایسی ١٩٧٤ بڕیار درا کە ئەو ڕۆژە بکرێت بە (ڕۆژی جیهانیی پەرستاران) و وەك وەفایەکیش بێت بۆ (فلۆرێنس نایتینجل) کە بە دامەزرێنەری زانستی پەرستاریی هاوچەرخ دادەنرێت. پەرستاران لە سەرانسەری دونیادا بە کوردستانیشەوە وەکو فریشتەی بەزەیی لە خزمەتکردنی نەخۆش بەردەوامن، تەنانەت لە هەڵمەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕۆڵێکی گرنگیان لە پاراستنی گیانی هاووڵاتیان هەبوو، واتە پەرستاران ئەم جارەش توانییان مێژوویەکی پڕ لە سەروەری بۆ خۆیان و پیشەکەیان تۆمار بکەن، بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان زیاتر شەن و کەوی ئەو پرسە گرینگە دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



فلۆرێنس نایتینجل لە ساڵی ١٨٢٠ لە ئیتالیا لەدایك بووە. لە خێزانێکی بەریتانیی دەوڵەمەند بووە کە بڕوایان بە خستنەبەر خوێندنی کچ هەبووە، نایتینجل بە دامەزرێنەری پەرستاریی هاوچەرخ دادەنرێت، خوێندنی لە ماڵەوە و لەسەر دەستی باوکی وەرگرتووە، خەونی بەوە دەبینی کە خزمەتی کەسانی دی بکات و ببێتە پەرستار، بەڵام خێزانەکەی لە سەرەتادا دژی بوون، چونکە لەو کاتەدا پیشەی پەرستاری نەك بە پیشەیەکی سەرنجڕاکێش نەدەبیندرا، بەڵکو پیشەیەك بوو زۆر بێ بایەخ و بێڕێز لە پیشەوەرانی دەڕواندرا، بەڵام ئەو خاتوونە سەرەڕای بەرهەڵستکاریی خێزانەکەی، لەسەر هێنانەدی ئامانجەکەی سوور بوو و هەوڵی زیاتری بۆ فێربوونی پەرستاری دا، تەنانەت فلۆرێنس هاوسەرگیریشی ڕەت کردەوە، لەبەر ئەوەی هەستی بەوە کردبوو کە هاوسەرگیری بەرپرسیارێتی ماڵەوەی پتر دەکات. ساڵی ١٨٥١ لە قوتابخانەی «کایزروارت» فێری پەرستاری بوو، بە یەکەم کەسیش دادەنرێ کە ڕێزمانی بۆ پەرستاریی تازە دانا، ناوەندی فێرکردنی پەرستاریشی دامەزراند و پلەی بۆ خزمەتگوزارییەکانی پەرستاری و خزمەتگوزارییەکانی بەڕێوەبردن لە نەخۆشخانەکان دانا.

گوڵاڵە پشدەری، وەك پەرستارێکی خاوەن ئەزموون سەبارەت بەم یادە بۆ گوڵان گوتی: «ڕۆژی جیهانیی پەرستیار لە هەموو هاوپیشەکانم پیرۆز بێت. چونکە پەرستاران فریشتەی سەر زەوین و بە ناخێکی پاك و بە بوێریی گیانی خۆیان بۆ پاراستن و چاکبوونەوەی نەخۆشان کردووەتە قەڵغان. پیشەی پەرستیاری لە دونیادا بە دیدی من جوانترین و مرۆڤدۆستانەترین پیشەیە. سوپاس بۆ خوای گەورە کە لە تەمەنی ١٦ساڵیم وا نزیکەی چل ساڵە چێژ و دڵخۆشیی یەکجار زۆرم لێی وەرگرتووە، بە نۆژداریی نەخۆشان و ڕازیبوونیان لێم زۆر دڵخۆشم، زەردەخەنەی سەر لێویان و پرسیاری هەندێك لە نەخۆشەکانم کە پڕ بە دڵ لێم دەپرسن: سبەی شەویش تۆ ئێشکگری؟ جوانترین پرسیارە و من و دڵم داگیر دەکەن».

گوڵاڵە پشدەری باسی ئەوە دەکات کە «ئێستاش دوای حەوت ساڵ خوێندن لە پەرستیاریدا و ئەو هەموو ساڵە ئەزموونی کار و دوای نەخۆشیی شێرپەنجەش نەبەزیوە، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «بۆ هەموو هاوپیشەکانم و بۆ نەخۆشان و خانمانێك کە ئارەزووی خۆپاراستن، یان زانیاری و ڕێنماییان هەیە. بێ سنوور و بێ بەرامبەر ئامادەی ڕاوێژکاری و دڵنەوایی دەروونیشم بۆیان. من ئاشقی پیشەکەمم».

سەبارەت بە هەمان پرس د. ئازاد مەنتك پسپۆڕی هەناو و دڵ ئاماژە بەوە دەکات: «جیهان لە (٢٠٢٢/٠٥/١٢) ڕۆژی جیهانیی پەرستاران بەرز ڕادەگرێت و پەرستاران هەر وەك بەشێکی گرنگی (دەستی کاری پزیشکی) ڕۆڵی کارایان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی و پزیشکی هەبووە، ئەوان هۆکارن لە زیاتر بەرەوپێشبردنی کەرتی تەندروستی و فەراهەمکردنی دەوروبەری تەندروستی». گوتیشی: «ئەمساڵ لەژێر پەیامی وەبەرهێنان لە پەرستاران و پارێزگاریکردن لە مافی پەرستاران یادی ئەم ڕۆژە تەندروستییە دەکرێتەوە؛ ئەمەش بۆ زانینی ڕۆڵ و پێگەی پەرستاران بە تایبەت دوای پەتا و دەردی کۆرۆنا، کە پەرستاران لە ڕێزی پێش پێشەوەی هێلی بەرگری و خۆپاراستن و چارەسەری کۆرۆنا بوون» گوتیشی: «کەمیی ڕۆشنبیریی گشتی و کەمیی هۆشیاریی تەندروستی و ئەو بارودۆخ و کەشەی هەیە، بە هۆی ناساقامگیریی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و سیاسی هەرێمی و نیشتمانی و ناوچەیی وای کردووە، کاردانەوەی تەواوی لە سەر هەموو کەرتەکان هەبێت، هەر وەك هەموو فەرمانبەر و کارمەند و پەرستارانی لە زۆر مافی گشتی و تایبەت بێبەش کراون، کە دەکرێت لە ڕۆژی جیهانیی پەرستاراندا داوای بەدیهێنانی پەیامی نێودەوڵەتیی ئەم ڕۆژە لە کوردستانیش بکەین. ئەگەر لە هەر فەرهەنگ و قاموسێکی کوردیدا بە دوای مانای (Nurse)دا بگەڕێیت، ئەوا حەتمەن بەرامبەری وشەگەلی وەك: (خوشك، یان نەخۆشەوان، یان پەرستار دەبینرێت). واتە کورد لە پەرستار وەك کەسی نزیك و ئازیزی خۆی ڕوانیوە. ئایا دەبێت چ لە خوشك خۆشەویستتر بێت؟ سۆز و عاتیفەی خوشك بۆ خێزان و برا و خوشکی چۆنە، ئەگەر هاتوو برایەك، یان خوشکێك، یان دایك و باوکی نەخۆش بکەوێت، ئەوا پەرستارەکە پەرەستاری دەکات. بۆیە لە کۆتاییدا دەڵێم: ئەی پەرستاران و فریشتە سپییەکانی ناو کەرتی تەندروستی، ئەی پێشمەرگە و سەربازە ونەکانی کەرتی تەندروستی ڕۆژی جیهانیی پەرستاریتان باش و پیرۆز بێت، ئێوە جێگەی شانازی و پێنازی و پێزانینی ئێمەن. ئێوەن کە کوردان و کوردەواری پێتان دەنازێت، مێژووش شاهێدیتان بۆ دەدات کە مرۆڤدۆستن، خۆشەویست و چاوساغ و خۆنەویستن.

ڕێزان باڵەك بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی نەخۆشخانەی لەدایکبوون و مندالانی سۆران، بەم جۆرە باس لە گرنگی ئەو ڕۆژە و پیرۆزیی پیشەی پەرستاری دەکات و دەڵێت: «ڕوژی پەرستاران ڕوژێکە پڕ لە جوانی و پڕ لە ڕێزی و لە میهرەبانی. پەرستاران فریشتەیەکی بەرگ سپین و بۆ تەندروستیی نەخۆشەکان دەورێکی گرنگ و بایەخدار دەگێڕن. فریاگوزاری سەرەتایی، شەونخوونی، تا بەیانی دانیشتن و گوێگرتن لە نەخۆش و هەڵگرتنی نازی نەخۆش، کاری پەرستارە و پەرستاران هەمیشە بێ گوێدان بە ماندووبوون و تەندروستیی خۆیان کاریان کردووە، بۆیە دەکرێت بڵێین: پەرستاری کارێکی پیرۆزە و دەبێت ڕێز لەو ماندووبوونەیان بگرین».

بە ناوی پەرستارنی نەخۆشخانەکش سوپاسی بەڕێز بەرێوەبوری نەخۆشخانە د. مەهاباد دلاوەری کرد، کە وەك خۆی باسی کرد، «هەموو سالێك ئەگەر بە پێشکەشکردنی گوڵێکیش بێت، ئەم یادەی بەرز ڕاگرتووە لە نەخۆشخانە، سوپاسی گشت پەرستارە ماندوویی نەناسەکانی کوردستان و جیهانیشی کرد.

**پەرستاران فریشتەی سەر زەوین و بە ناخێکی پاك و بە بوێریی گیانی خۆیان بۆ پاراستن و چاکبوونەوەی نەخۆشان کردووەتە قەڵغان**

**پرسیاری هەندێك لە نەخۆشەکانم کە پڕ بە دڵ لێم دەپرسن: سبەی شەویش تۆ ئێشکگری؟ جوانترین پرسیارە و من و دڵم داگیر دەکەن**

**پەرستاران هەر وەك بەشێکی گرنگی (دەستی کاری پزیشکی) ڕۆڵی کارایان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی و پزیشکی هەبووە**

**پەرستاران فریشتەیەکی بەرگ سپین و بۆ تەندروستیی نەخۆشەکان دەورێکی گرنگ و بایەخدار دەگێڕن**



شاخەوان فاتیح عەبدولکەریم:

# خەونم زۆرە بۆ داهاتوو، وەک ئەوەی ببم بە دکتۆر نەشتەرگەری بۆ قاچم بکەم

**کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت، ئاریشە و کێشە و گرفتی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام زۆریشن ئەوانەی کە بە سەر گرفتەکانیاندا زاڵ دەبن و تەنانەت خزمەتی دەوروبەر و کۆمەڵگەی خۆشیان دەکەن. شاخەوان فاتیح عەبدولکەریم یەکێکە لەو کەسایەتییانە و لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باسی نهێنییەکانی ژیانی خۆی دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

شاخەوان فاتیح عەبدولکەریم، ساڵی ١٩٨١ لەدایك بووە و خێزاندارە و لە گەڕەکی ڕاپەڕینی شاری سلێمانی نیشتەجێیە و وەك خۆی باسی کرد، باوکی دوو کوڕ و کچێکە و خاوەن پێداویستیی تایبەتە و قاچی چەپی هەر لە منداڵییەوە ئیفلیج بووە و هەتا ئێستا هەروا ماوەتەوە.

شاخەوان بڕوانامەی دیپلۆمی لە عەرەبی و پەروەردەی ئیسلامی هەیە و ساڵی ٢٠٠٧ وەك مامۆستای قۆناغی سەرەتایی دامەزراوە و لە ساڵی ٢٠١٥ دەستی کردووە بە خوێندنی ئەکادیمی و ساڵی ٢٠٢٠ بڕوانامەی بکالۆریۆسی لە بەشی پەروەردەی تایبەت بۆ خزمەتی منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بەدەست هێناوە، ئێستاش ڕاهێنەر و مامۆستایە بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت، لە قوتابخانەی شاد و لە پۆلەکانی ٧ و ٨ و ٩ وانە دەڵێتەوە.

شاخەوان فاتیح ئەوەش دەخاتەڕوو کە «ڕاهێنەرە بۆ منداڵانی ئۆتیزم و کەم توانای ژیری و فرەجووڵە و کەم بیست و کەم بینا» و وەك ڕێنماییکاری دایك و باوکی منداڵی خاوەن پێداویستیی تایبەت لە قوتابخانە دەوام دەکات.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا چ هۆکارێك هانی دایت پەروەردەی تایبەت بخوێنیت و خزمەتی خاوەن پێداویستیی تایبەت بکەیت؟ گوتی: «خۆم لە ئازارەکانی خاوەن پێداویستیی تایبەت زۆر باش تێدەگەم، بۆیە ویستم خزمەتیان بکەم. خۆیشم هەمان موعاناتم هەیە و ئەڵێن هەزار حەکیم بە ئەندازەی دەردەدارێك لە شتەکان تێ ناگات. خاوەن پێداویستیی تایبەت

چینە پاکەکەی کۆمەڵگەن و ناخیان هیچ شتێکی خراپی تێدا نییە.» سەبارەت بە ئاستەنگەکانی بەردەمیشی گوتی: «هەمیشە ئیرادەم بەهێز بووە و بەردەوام بووم و نەوەستام، بەڵام هەموو هەوڵەکانم دوای پشتیوانی پەروەردگارم بووە کە یارمەتی داوم. واتە ڕێگرییەکان زۆر بوون، بەڵام سوپاس بۆخوا و پاشان یارمەتیی دایك و باوکم هەموویانم تێکشکاند و بە پلانێکی بەهێز هەموویانم هێنایە دی.»

شاخەوان فاتیح باسی ئەوەی کرد کە «نزیکەی پێنج ساڵ» بەڕێوەبەری قوتابخانە بووە و لە ئێستادا وەك خۆبەخشێك لە «ڕێکخراوی کۆمەڵەی ڕۆژ بۆ کەسانی کەمئەندام» کار دەکات.

سەبارەت بە ژیانی خۆیشی لە قۆناغی منداڵی گوتی: «قۆناغی منداڵیم لە شارۆچکەی بەردە قارەمان لە قەزای بازیان بەسەر بردووە، لە گوندێکی بازیان لەدایك بووم بە ناوی گوندی چۆڵمەك و ساڵی ١٩٨٦ چووینەتە بەردەقارەمان و ژیانیشم وەك هەموو منداڵێکی هەژاری وڵاتەکەم بەڕێ کردووە، بەڵام بەڕاستی زۆر جار کەمئەندامی یەکەم ڕێگر بووە لە زۆر شتی ژیان و خۆزگەکان، بۆ نموونە من نەمتوانیوە یاری ساحە بکەم بۆ ڕاکردن، ئەوجا ڕووم کردە یاریی باڵە». سەبارەت بە جۆری خوێندنیشی گوتی: «هەر لە تەمەنێکی کەمەوە لە پۆلی هەشتەم خەتمی قورئانی پیرۆزم کردووە و زۆربەی کاتەکانم سەرقاڵی خوێندنەوەی کتێبی ئایینی بووم. ئاستەنگی زۆر هاتە بەردەمم لە منداڵیدا، بەڵام بەرامبەر بە بڕیارەکانی چواردەورم سەرکێشیی زۆرم کردووە و، سەرکەوتووش بووم بە سەر هەموو لەمپەرەکاندا.»

شاخەوان جەخت لەوە دەکاتەوە کە «پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ چواردەوری هەیە و کەسێکی کۆمەڵایەتییە». هاوکات دەڵێت: «دەمەوێت بە کۆمەڵگە و بە چواردەور و کەسانی ئاسایی و نا کەمئەندام بڵێم ئێمە هیچمان کەمتر نییە لە ئێوە و لە زۆر بواردا تواناکانمان ئەگەر زیاتر نەبێت لە ئێوە، کەمتر نییە».

سەبارەت بە خەون و ئاواتەکانیشی گوتی: «خەونم زۆرە بۆ داهاتوو، وەك ئەوەی ببم بە دکتۆر لە زانکۆدا و زمانی ئینگلیسی بە باشی بزانم و نەشتەرگەری بە سەرکەوتوویی بۆ قاچم بکەم، هەروەها بتوانم خزمەتی هەموو کەمئەندامێك بکەم». وەك دواوتەشی گوتی: «ئاواتی گەورەم ئەوەیە کوردستان ببێت بە خاوەنی دەوڵەت و نموونەی دەوڵەتداری بێت.»

**ڕێگرییەکان زۆر بوون، بەڵام سوپاس بۆخوا و پاشان یارمەتیی دایك و باوکم هەموویانم تێکشکاند**

**دەمەوێت بە کۆمەڵگە و بە چواردەور و کەسانی ئاسایی و نا کەمئەندام بڵێم ئێمە هیچمان کەمتر نییە لە ئێوە و لە زۆر بواردا تواناکانمان ئەگەر زیاتر نەبێت لە ئێوە، کەمتر نییە**

**ئاواتی گەورەم ئەوەیە کوردستان ببێت بە خاوەنی دەوڵەت و نموونەی دەوڵەتداری بێت**

# دراما بە ڕەنگی کورد

## (١-٢)

تاریق کارێزی

**لە ڕووی زمانەوە (درامای کورد) ڕاستە نەك درامای کوردی، بە هەمان شێوە لە ڕووی زمانەوە بڵێین، درامای عەرەب، تورك، فارس، ڕاستە. نەوەی ئەم سەردەمەی نەتەوەکەمان تا دێت زیاتر لە زمانی کوردی نابەڵەد و ناشارەزا دەبن، لە نووسین و قسە کردندا، کوردییەکەیان لەنگ و لاپارەسەنگ و شپرزە و شێواوە، دەی خۆ زمان لێرەدا بابەتی باسەکەمان نییە، بۆیە لە کورتی دەیبڕینەوە.**

قسە و باسی ئێمە درامایە، دراما کرۆکی هونەری شانۆیە، لەسەر تەختەی شانۆ، شاشەی تەلەفزیۆن، یان لە ڕادیۆوە پێشکەش دەکرێت، بە شانۆ و بە نواندنیش دەگوترێت دراما، کە گوزارشت لە ڕووداو، بەسەرهات، هەلومەرجی سەرنج ڕاکیش، دۆخێکی سۆزداری، یان دوور لە مەزندە دەکات، لە ڕووی وێژەشەوە، دراما تێکەڵەیەکە لە شیعر و پەخشان، ئامانج وێنا کردنی ژیان، یان کەسایەتییە، گێڕانەوەی چیرۆکە کە تەژییە لە سۆز و بەریەککەوتن و ململانێ، هەڵبەت بە گوێرەی ڕێڕەوی دەقەکە ئیدی شانۆنامە بێت، یان چیرۆك، لە درامادا بینەر مەزندەی کۆتاییهاتنی ڕێڕەوی درامای چیرۆکەکە ناکات و، بە شێوەیەکی دوور لە مەزندە و پێشبینیی ئەو، کۆتایی دێت و دەکەوێتەوە.

هونەری دراما دابەشی سەر چەند جۆرێك دەبێت، بە چڕی ئەمانەن:

کۆمیدیا: ئامانجی نووسەری شانۆنامەی کۆمێدی بە پێکەنینهێنانی جەماوەرە، بۆ نووسینی کۆمیدیا نووسەر پێویستی بە ئاستێکی بەرزی زیرەکی و زرنگی هەیە.

میلۆدراما: لەم چەشنە درامایەدا زێدەڕۆیی لە لایەنی سۆزداری دەکرێت، پڕە لە هەست و سۆز و ئەندێشە، بەو جۆرە ڕاستەوخۆ سەرنجی جەماوەر بە لای خۆیدا دەبات.

تراژیدیا: یەکێکە لە دێرینترین شێوەکانی دراما، ڕیشەی بۆ سەردەمی گریك (هەزارەی یەکەمی بەر لە زایین) دەگەڕێتەوە، تراژیدیا گوزارشت لە چەرمەسەری و نارەحەتی و سەختی و ناخۆشییەکانی ژیانی مرۆڤ دەکات.

تراژیکۆمیدی: ئەم جۆرە درامایە تێکەڵەیەکە لە تراژیدیا و کۆمیدیا، ئاوێتەیەکە لە هەردووکیان.

مۆنۆدراما: دەقێکی تاکپاڵەوان و تاکەکاراکتەرە، یەك ئەکتەریش پاڵەوانیەتی و نمایشی دەکات.

دراماواز: (درامای ئاواز) لەم چەشنە درامایەدا، مووزیك، ئاواز و سەما ڕۆڵی سەرەکی و گرنگیان هەیە، دەقی دراماواز (مووزیك دراما) پشت بە





دیالۆگ نابەستێت، بەڵکو سیناریۆ بە مووزیك و سەما و هەڵپەڕکێ بەرجەستە دەکرێت.

درامای خەیاڵ: ئەم جۆرە درامایە پشت بە خەیاڵ دەبەستێت، کاراکتەرانی ئەم جۆرە شانۆیە تەردەستییەکی زۆر دەنوێنن، پتر منداڵ هۆگری ئەم جۆرە درامایە دەبن، باس لە جنۆکە و فریشتە و پاڵەوانی سەرسوڕهێنەر دەکات.

دارمای گاڵتەجار: ئەم جۆرە درامایە بە گشتی واتایەك بە دەستەوە نادات، زێدەڕۆیی زۆری تێدایە، هەرا و زەنای تێدا بەکار دێت.

با بێینە سەر توخمەکانی دراما، کە بریتین لە:

بیرۆکەی سەرەکی: ئەمە ئامانجی هەر دەقێکی شانۆ (فیلم و زنجیرە فیلم و نواندن)ـە، ئەمەش بە تانوپۆی دەق دەخرێتە ڕوو.

تانوپۆ: ململانێی نێو دراما و نمایش، تانوپۆی دەق دەخاتە ڕوو، ڕووداوی نێو دراما ڕوو لە هەڵکشان دەکات تا دەگاتە ترۆپکی تانوپۆ، لەوێشەوە بەرەو چارەسەر ڕێگە دەگرێت.

کاراکتەر: کاراکتەرانی هەر دەقێکی دراما، پەسنی پاڵەوانانی نێو دەقەکە دەدەن، نمایش و بەرجەستەیان دەکەن.

زمان: هەموو دەقێکی دراما (شانۆ یان نواندن) بریتییە لەو وشە و ڕستانەی کە نووسەری دەقەکە هەڵیان دەبژێرێت و دایان دەڕێژێت، بۆ ئەوەی قسە لەبارەی کەسایەتی و کاراکتەرانی نێو درامایەکە بکەن.

مووزیك: مووزیك لە درامادا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، تام و چێژ و خۆشی پێ دەبەخشێت، بەدەر لە هەست و تەرویبریی مووزیك، دراما وشك و برینگ دەبێت و، لە چێژ و چەشە ڕووت دەبێتەوە.

هەندێك لە پسپۆڕانی بوارەکە پێیان وایە دراما چاوگی ڕاستەقینەی تێکرای ئەو هونەرانەیە کە شارستانییەتی دێرینی گەلان ناسیویانە، لە نێو تێکرای شارستانییەتی گەلانی دێریندا، گەلی گریك (یۆنانی کۆن) درامایان کرد بە بەشێك لە ژیان و هۆش و بیرکردنەوەی خۆیان، بۆیە هەر خۆیان هونەری دراماyan خستە نێو چوارچێوەی دەقی شانۆوە.

دراما لە بنەڕەتدا ڕەگەزێکی شانۆیە، لە شانۆوە هونەری نمایشی دراماییی وەك: نواندن، سینەما، زنجیرە فیلم، ئۆپرا، پەیدا بوون. لە شارستانییەتی ڕۆمدا، دراما وێژە بوو، دەخوێندرایەوە، نمایشی سەر تەختەی شانۆش، دەقی خۆڕسك بوو نەك نووسراو.

لە بەشی دووەم و داهاتووی ئەم وتارە، دێینە سەر درامای کورد و گەلانی دی.



# بۆچی بە بریانکا شوپرا دەگوترێت پشیلەی بۆڵیۆد؟



بریانکا شوپرای خانمە ئەکتەری ناسراوی بۆڵیۆد، دوای ئەوەی نازناوی شاجوانی جیهانی لە ساڵی ٢٠٠٠ بەدەست هێنا، رووی لە بواری مۆدێل کرد و بووە نمایشکار، دواتر هاتە نێو بواری نواندن و لە ماوەیەکی کورتدا چەندین خەڵاتی گرانبەهای بەدەست هێنا، ئەمەش وای کرد کە رۆژنامەکانی هیندستان نازناوی (پشیلەی بۆڵیۆد) ی پێ ببەخشن.

بریانکا دەربارەی ژیانی تایبەتی خۆی لە میانەی دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا چەند نهێنییەکی درکاندن، کە تا رادەیەك جەماوەرەکەیی تووشی شۆك کرد، بریانکا دەربارەی ئەم نهێنیانە دەڵێت: «دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٢ دایکی (عاصم میرشانت)ی خۆشەویستم کۆچی دوایی کرد، ئەم ئافرەتە زۆر لە منەوە نزیك بوو و زۆریشم یەکترمان خۆش دەویست، بۆیە کۆچکردنی بۆ من ئاسان نەبوو، لە ئەنجامدا من دووچاری بارێکی دەروونیی سەخت بوومەوە و تووشی دارووخان بووم، بۆیە لە ماوەیەکی کورتدا سێ جار هەوڵی خۆکوشتنم دا، لە یەکێك لەو هەوڵانەدا ویستم خۆم لە بەلەکۆنەی خانووەکەمەوە فڕێ بدەمە خوارەوە».

ئەوە ئەستێرەیەی بۆڵیۆد ئەوەشی گوتی: «ئەم هەوڵانەی خۆ کوشتن بەر لەوە بوو کە بێمە بۆڵیۆد، چونکە دواتر بە وردی بیرم لە بابەتەکە کردەوە و، سوودی زۆریشم لەو هەڵەیە وەرگرت و، هاندەرم بوو بۆ ئەوەی ببم بە ئافرەتێکی بەهێز و ئەستێرەیەکی ناسراو، کە بەرگری لە کۆمەڵگە و وڵاتی خۆم بکەم لەسەر ئاستی جیهان و، دەمەوێت ببمە نموونەیەك بۆ ئەو ئافرەتانەی کە بە هەوڵ و کۆششیان لە ژیاندا سەردەکەون».

لەلایەکی دیکەوە یەکێك بەڕێوەبەری کارەکانی بریانکا دەڵێت کە ئێستا بریانکا ئافرەتێکی بەهێزە و دەتوانێت رووبەڕووی گرفتەکانی ژیان ببێتەوە، بەڵام لە سەرەتادا بەو شێوەیە نەبوو و بە دەست زۆر گرفتەوە گیرۆدە بوو، کە دواتر توانیی بەسەریاندا زاڵ بێت.

سەرچاوە: لها



# میگانیش تووڕەیە

خانمە ئەکتەری ناسراوی هۆڵیوّد میگان فۆکس لە میانەی دیمانەیەکی لەگەڵ ماڵپەڕی (E! News)ی تایبەت بە هەواڵی هونەرمەندان، داوای مافی زیاتری ئەکتەران دەکات و، ئەوەی خستەڕوو کە ئەکتەران لە زۆربەی مافەکانیان بێبەشن، کە پێویستە لە میانەی کارەکەیاندا پێیان ببەخشرێت.

لەم دیمانەیەدا میگان فۆکس بەرهەمهێنەرانی سینەمای لە هۆڵیوّد بە (مایەپوچ لە رووی ئەخلاقییەوە) وەسف دەکات و، پاڵەوانی فیلمی (The Transformers) لەم بارەوە گوتی: «کەسانی ئاسایی ژیانیان مسۆگەرە و بیمەیان هەیە، بەڵام ئەکتەران کە خۆیشم یەکێکم لەوانە، بە دەست زۆر گرفتەوە دەناڵێنین لە کاتی تۆمارکردنی فیلمەکاندا، چونکە بەرهەمهێنەران و دەرهێنەران هەرچی توانا و وزەی ئەکتەر هەیە، هەوڵ دەدەن بیبەن، تەنیا بۆ سەرکەوتنی فیلمەکانیان و دەستکەوتنی سەرمایەی زیاتر، بەڵام بە هیچ شێوەیەك بۆیان گرنگ نییە ئەکتەر چی بەسەردێت، دەست، یان قاچی بشکێت و تووشی رووداویش ببێتەوە، هیچ بۆیان گرنگ نییە».

هەر لە درێژەی ئەم دیمانەیەدا میگان فۆکس دەڵێت: «ئەگەر هەرچییەکت بەسەر بێت، بەڵام خوێن لە دەموچاوت نەیەتە خوارەوە گرنگیت پێ نادەن و دەبێ بەردەوامبیت لە کار و وێنەگرتن، هەرچەندە رەنگە ئەکتەر تووشی نەخۆشی ببێتەوە، بەڵام خەڵك لەمە تێناگەن و هەست بە ئازارەکانی ناکەن، لەلایەکی دیکەوە هیچ گەرەنتییەکی نووسراو نییە بۆ پاراستنی ئەکتەران لە رووی جەستەییەوە، بە داخەوە بەرهەمهێنەران ئەمەیان بەلاوە گرنگ نییە، تەنیا هەوڵ دەدەن فیلمەکە بەو شێوەیە کۆتایی بێت کە خۆیان دایانناوە و، وا بیر دەکەنەوە لەگەڵ کۆتایی هاتنی فیلمەکە پەیوەندییان بە ئەکتەرەوە کۆتایی دێت».

**سەرچاوە: گولولی**



ئایدن ئۆستان بۆ گوڵان:

# لاساییکردنەوە لەکاری هونەری ئاساییە بەڵام لە کوردستان بە نادروستی دەکرێت

ئایدن ئۆستان، گەنجێکی تاراوگەنیشینە، بەڵام ئەو هەر لەسەرەتای ژیانی غەریبی دەستبەرداری هونەری کوردی نەبووەو، هەمیشە دەستێکی لە نێو سیاسەت و دەستێکی دیکەشی بە هونەرەوە گرتووە، ئەو لە وڵاتی فلامینکۆ دەژی، بەڵام رەسەنایەتی و تام وبۆی کوردەواری هێشتا بە هونەرەکەیەوە دیار و بەرچاوە.

ئایدن بۆ بڵاوکردنەوەی نوێترین ئەلبوومی گۆرانی، لە وڵاتی ئیسپانیا گەڕایەوە باشووری کوردستان، هاوکات جگە لە کاری هونەری کاربەرێکەری حکومەتی هەرێمی کوردستانە لەو وڵاتە، لە دیمانەیەکی تایبەتدا بە گۆڤاری گوڵاندا، ئایدن روئیا و بۆچوونەکانی خۆی لە بارەی هونەری کوردی لەو سەردەمە دەخاتەڕوو.

*** لاساییکردنەوە و سوود وەرگرتن لەکاری هونەریی گەلانی دیکە تاچەند گونجاوە؟**

- لاساییکردنەوە لەکاری هونەری ئاساییە، بەڵام لە کوردستان ئەمە بە نادروستی دەکرێت، هونەرمەندمان هەیە هەموو توانایەکی هونەریی تێدا بەدی دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەنگی خۆشە، ئاواز و تێکستی باشی لەبەردەستە، توانای دارایی زۆر باشە، بەڵام گۆرانییە کۆنەکان دەڵێتەوە و پارەیەکی زۆریشی تێدا سەرف دەکات، لە کاتێکدا دەتوانێت بە ئاسانی گۆرانیی نوێ و تایبەت بەخۆی بڵێت، ئاساییە ئەگەر گۆرانییە کۆنەکانیش بڵێتەوە، بەڵام پێویستە تازەگەریی تێدا بێت.

*** لە ئەلبومە نوێیەکەتدا چیی نوێ تێدا بەدی دەکرێت؟**

- ئەلبومەکەم بەناوی (لەبیر ناکرێی)ە لە نۆ تراکی گۆرانی پێك هاتووە، لە جیاتی نووسینی تێکستی گۆرانییەکان، چیرۆکی گۆرانییەکەم لەسەر ئەلبومەکە نووسیوەتەوە، ئەمەش شتێکی تازەیە. گۆرانییەکانی (هاورێی غوربەت، لەبیر ناکرێی، دڵ هی تۆیە، باش بزانە) ئەمانە تێکستەکانیان لەسەر ویستی خۆم نووسراونەتەوە، گۆرانیی (سۆز)م لەگەڵ هونەرمەندێکی ئیسپانی گوتووە، کە تێکستە کوردییەکەی هی خۆمە، هەروەها گۆرانیی (رۆژە جوانەکانت) لە ئاوازی خۆمە. هەڵبەتە لە رووی کاری میوزیکییەوە ئەلبومەکە لەوڵاتانی ئیسپانیا، تورکیا، ئێران و کوردستان ئەنجام دراوە، تۆماری دەنگی لە ئیسپانیا جێبەجێ کراوە.

بەرهەمهێنانی ئەلبومەکەم وەکو خەونێکە کە هاتبێتە دی، چونکە ٢٥ ساڵ پێش ئێستا یەکەم بەرهەمی هونەریم بڵاوکردبووەوە بڕیاریشمداوە داهاتەکەی تەرخان بکەم بۆ منداڵانی بێسەرپەرشت لە کوردستان.

*** بەکەمی دەردەکەوێت، ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە میوزیکم خوێندووە، لە دوای ساڵی ١٩٩١ گۆرانی و میوزیك لە کوردستان لاواز بووە، لە ساڵی ١٩٩٧ یەکەمین گۆرانی خۆم بە ناوی (تارمایی خەم) گوت، دواتر لەبەر چەند هۆکارێکی تایبەت بۆ ماوەیەکی زۆر لە هونەر دابڕام، بەڵام بەردەوام گۆرانیم دەگوت، لە ساڵی ٢٠١٩ دووبارە دەستم بە کاری هونەری کردەوە، سەرەتا بە گۆرانیی (تۆ) لە تێکستی مازیار و ئاوازی رۆژ کەریم، پاشان گۆرانیی (لەبیر ناکرێی)م، بەشێوەی دوێت لەگەڵ هونەرمەند کەمال محەممەد بڵاوکردەوە، دوورکەوتنەوەشم پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە من دەمێکە وەکو کاربەرێکەری حکومەتی هەرێم لە ئیسپانیا کار دەکەم، سەرقاڵی کاری دبلوماسی و پەیوەندییەکانم، بەڵام هەرگیز کاری هونەریم فەرامۆش نەکردووە و حەزم کردووە بەکاری جوان و سەرنجراکێشەوە بگەڕێمەوە.

*** بۆچی هونەرمەندانی کوردستان گرنگی بە دوێت نادەن؟**

- کاری دوێت گرنگە، بەتایبەتی لەگەڵ هونەرمەندانی بیانی، چونکە پەیوەندیی کولتووری و فەرهەنگی بەهێزتر دەکات، بەڵام بەداخەوە لە کوردستان بە نادروستی کار لەسەر دوێت کراوە، چونکە کاتێك دوێت لە نێوان هونەرمەندێکی کوڕ و کچێك دەکرێت، دەبێت تێکستی گۆرانییەکە وابێت بگونجێت و گۆرانییەکە بۆ یەکدی بڵێن، بۆنموونە کچێك دوێت دەکات لە تێکستی شیعرەکە دەڵێت زولف و لارولەنجەو قژی ئاڵات، لە کاتێکدا ئەمە دەبێت کوڕێك بۆ کچێکی بڵێت، ئەمەش دەبێت چارە بکرێت و تێکستنووسی دوێتیش لە کوردستان گرنگیی پێ بدرێت.

*** بۆچی لە جیاتی تێکستی گۆرانی، چیرۆکی گۆرانییەکەشت لە ئەلبومەکەتدا نووسیوە؟**

- لەبەر ئەوەی هەموو گۆرانییەکانی من وەك چیرۆکن، بۆ نموونە (لەبیر ناکرێی) باس لە جودابوونەوە دەکات، (رۆژە جوانەکان) باس لەو رۆژانە دەکات کە پێکەوە بووین، لە ئازیزی دڵ دەپرسم چۆن بەبێ من دەژیت؟ رۆژەکانت چۆن بەسەر دەبەیت؟ لە گۆرانیی (باش بزانە) بە ئازیزەکەم دەڵێم دوای دابڕانیش دەرگا کراوەیە تا بگەڕێیتەوە. نزیکە حەوت شیعرم هەیە، کە هەندێکیان پەخشانەشیعرە، بەڵام بڵاوم نەکردووەتەوە و نەکراونەتە گۆرانی، رەنگە لە داهاتوودا بیکەم بە گۆرانی، هەروەها هەندێك لە تێکستی گۆرانییەکان بە ویست و لەسەر داوای خۆم بووە، چونکە حەز دەکەم شیعر بە ویستی من بنووسرێت، کاتێك داوا دەکەم شیعرم بۆ بنووسرێت وشەکان ناگۆڕم، بەڵام زۆر جار جێگۆڕکێیان پێ دەکەم یان کورتی دەکەمەوە، یان ئەگەر کورت بێت پێی دەڵێم هێشتا بنووسێت، لەگەڵ ئەوەشدا شیعرەکان زۆر دەخوێنمەوە ئینجا ئاوازیان بۆ دادەنێم، تەنانەت هەندێ گۆرانی هەبووە دوو ئاوازم بۆی داناوە.

*** چۆن هاوسەنگیت لە نێوان کاری دبلوماسی و کاری هونەریدا کردووە؟**

- مرۆڤ دەتوانێت هەم شاعیر بێت هەم یاریزان، یان پزیشك و شاعیر، یەکیان حەز و ئارەزووە و ئەوەی دیکە بژێوی ژیانە، چونکە من ناتوانم بژێوی ژیان بە هونەر و گۆرانی پەیدا بکەم، خۆشەویستییەکی زۆرم بۆ کاری دبلوماسی و سیاسی هەیە، چونکە بەشێکی ژیانم بۆ ئەم بوارە تەرخان کردووە، هیچ کات نەمهێشتووە کاری دبلوماسیم رێگر بێت بۆ کاری هونەری و بەپێچەوانەش هەر راستە.



هەمیشە هۆشیار

یاریزانی تۆپی باڵەی یانەی ئەفرۆدێت:

# پێویستە پەرە بە یاریزانانی خۆمان بدەین تا زیاتر دەربکەون

پارێزگای سلێمانی یەکێکە لە پارێزگاکانی کوردستان کە یانەکانی گرنگیی زۆر بە سەرجەم یارییە وەرزشییەکان دەدەن، لە زۆربەی چالاکییە وەرزشییەکاندا ساڵانە تیپە جیاوازییەکان بەشدارن، یانەی ئەفرۆدێتی شارکە کە گرنگییەکی زۆر بە بواری وەرزشی دەدەن لە سەر ئاستی کچان، تیپی باڵەی یانەکە خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە کە ساڵانە لە هەریەك لە خولەکانی کوردستان و عێراق بەشدارن، ساڵانە لەگەڵ کردنەوەی خولەکانی باڵە بەردەوام لە کێبڕکێ دابوون بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و شەڕکردن لەسەر بەدەستهێنانی نازناوەکانی کوردستان و عێراق، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەکەی لەسەر ئاستی کوردستان خاتوو (هەمیشە هۆشیار)ـە، کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٦ی پارێزگای سلێمانییە و قوتابی قۆناغی ئامادەییە، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجام دا.

دیمانە: کارزان کانەبی



*** ئاستی یاریی باڵە لە کوردستان چۆن دەبینیت؟**
- یاریی باڵە لە کوردستان بە گشتی زۆر پەرەی پێ نەدراوە، ڕاستە خول و پاڵەوانێتی هەیە، بەڵام لە ئاستی پێویستدا نییە.
*** کەمیی پاڵەوانێتی ئێوە سارد ناکاتەوە لەم یارییە؟**
- تا ئەنجامدانی پاڵەوانێتی کەم بێت، ئەوا ئاستی یاریی باڵە زیاتر دادەبەزێت.
*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان بەرز بکرێتەوە؟**
- بۆ ئەوەی یاریی باڵەی کچان بەرەو پێشەوە بچێت، پێویستە زیاتر خول و پاڵەوانێتی ئەنجام بدرێت، نەك هەر لە سنووری هەرێمی کوردستان و عێراقیش، بەڵکو لە پاڵەوانێتییە عەرەبییەکانیش بەشداری بکەین، هاندەر و پاڵپشتی زیاتر هەبێت بۆ یاریزانان و یانەکانیش بۆ ئەوەی یاریزانان ئاستیان دانەبەزێت.
*** گرفتی وەرزشیی یاریی باڵە لە چیدا دەبینیت؟**
- گرفتی ئەم یارییە لەوەدا دەبینمەوە کە یاریگەی پەرەسەندووی باش و پاڵپشتی ماددی و مەعنەوی نییە.
*** تا ئێستا گرێبەست لەگەڵ یانەکانی دیکەی کوردستان بۆ هاتووە؟**
- نەخێر هیچ گرێبەستێکم بۆ نەهاتووە.
*** ئامانجت لە وەرزشکردن چییە؟**
- ئامانجم ئەوەیە گرنگیی زیاتر بە بەهرەکەی خۆم بدەم و بەرەوپێش بچم و سەرکەوتن بەدەست بهێنم.
*** لەگەڵ ئەوەی یانەکانی کوردستان پشت بە ڕاهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**
- نەخێر، لەگەڵ ئەوە نیم کە پشت بە ڕاهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستین، چونکە خۆمان یاریزان و ڕاهێنەری زۆر سەرکەوتوومان هەیە، پێویستە پەرە بە یاریزانانی خۆمان بدەین تا زیاتر دەربکەون.
*** چۆن بوو یانەی ئەفرۆدێت هەڵبژارد؟**
- من لە ساڵی ٢٠١٦ـەوە لە ئەفرۆدێتم، لەو یانەیە گرنگی بە تواناکانی خۆم دەدەم، تا ئێستاش من بەردەوامم لە ئەنجامدانی یاریی باڵە و زۆریش خۆشحاڵم لەو یانە دڵسۆزە.
*** داواکاریت لە بەرپرسانی وەرزشی چییە؟**
- داواکارم لە بەرپرسانی وەرزشی کە سەردانی یانەکان بکەن، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە کەموکورتییەکان بزانن و هاوکارییان بکەن، هەروەها ئاوڕێك لە یانەکان بدەنەوە و پاڵپشتی وەرزش بکەن، بۆ ئەوەی وەرزش زیاتر بەرەو پێش بچێت.
*** خەونی تۆ وەکو کچە وەرزشکارێك چییە؟**
-خەونی من وەکو کچە وەرزشکارێك ئەوەیە کە ببم بە یاریزانێکی نێودەوڵەتی.
*** هیواو ئاواتت وەکو یاریزانێك لە یاریی باڵە؟**
- هیوادارم هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێت و منیش یەکێك بم لە باشترین یاریزانی هەڵبژاردەکە.
*** باشترین یاریزانی بەشی باکووری عێراق و کوردستان بوویت، چ هەستێکت هەیە؟**
- بەخۆشحاڵییەوە لە ساڵی ٢٠٢١ بە باشترین یاریزان هەڵبژێردرام لە سەر ئاستی یانەکانی باکووری عێراق لەسەر ئاستی لاوان.
*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**
- بە باشترین یاریزانی جیهانی (Giba) سەرسامم.
*** ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت ماوە؟**
- زۆر سوپاس بۆ مامۆستا سەنگەر ڕاهێنەری تیپەکەمان زۆر ماندوونەناسانە هاوکارمانە، سوپاس بۆ خانەوادەکەم کە هاوکاری تەواون بۆ وەرزشکردنم، دەستخۆشی لەگۆڤاری گوڵان دەکەم بۆ ئەو خزمەتە بەرچاوەی لە کوردستان بۆ وەرزش ئەنجامی دەدات.



# قۆناغی دووەمی پاڵەوانێتی پایسکیلسواری عێراق لە شاری سلێمانی کۆتایی هات

هەفتەی رابردوو لە شاری سلێمانی کۆتایی بە قۆناغی دووەمی پاڵەوانێتی یانەکانی عێراق بۆ پایسکیلسواری لەسەر ئاستی کوران بۆ پێشکەوتووان و لاوان و تازەپێگەیشتووان هات.
لە پاڵەوانێتییە یانەکانی کوردستان ئەنجامی بەرچاویان بەدەستهێنا.

ئا: رێبین رەمزی



**● لەسەر ئاستی پێشکەوتووان**

لەم پێشبرکێیە (٣٣) یاریزان بەشداریان کرد، کە نوێنەری (٦) یانە بوون.
ئەنجامەکان بەمشێوەیە بوو.

**تاکی گشتی (٢٢٠)کم**

١-عەبدوڵڵا عەبدولخەزیەر تەعین (یانەی حەشد)
٢-ئەحمەد موهەند (یانەی سەناعە)
٣-نەوزاد موستەفا (یانەی کۆیە)
ئەنجامی تیپ لە تاکی گشتی
١-یانەی سەناعە
٢-یانەی حەشد
٣-یانەی کۆیە
٤-یانەی هەولێر
ئەنجامی هەردوو یانەی (ئاڵتون کۆپری، ئیتیحاد) هەژمارنەکرا نەهۆی تەواونەکردنی (٣) یاریزانی تیپەکە لە کاتی پێشبرکێ.

**● لەسەر ئاستی لاوان**

لەم پێشبرکێیە (١٦) یاریزان بەشداریان کرد، کە نوێنەری (٤) یانە بوون.
ئەنجامەکان بەمشێوەیە بوو.
تاکی گشتی (٨٠)کم
١-وەهبی سلێمان عەبدوڵڵا (یانەی دهۆک)
٢-ئەحمەد عادل فلەیح (یانەی دغارە)
٣-ئەحمەد زوهێر خەلیل (یانەی حەدبا)
ئەنجامی تیپ لە تاکی گشتی
١-یانەی دهۆک
٢-یانەی دغارە
٣-یانەی سەناعە
٤-یانەی حەدبا

**تاک دژی کات (٢٠)کم**

١-ئەحمەد زوهێر خەلیل (یانەی حەدبا)
٢-وەهبی سلێمان عەبدوڵڵا (یانەی دهۆک)
٣-عەلی عەبدولمەعز عامر (یانەی حەدبا)

**● لەسەر ئاستی تازەپێگەیشتووان**

لەم پێشبرکێیە (٢٩) یاریزان بەشداریان کرد، کە نوێنەری (٧) یانە بوون.
ئەنجامەکان بەمشێوەیە بوو.
تاکی گشتی (٤٥)کم
١-حوسێن ئیهاب (یانەی رەفاعی)
٢-عەباس فەرحان (یانەی رفاعی)
٣-عەبدولوەهاب غانم (یانەی دیفاع جەوی)
٤-ئەلند عادل عارف(یانەی هەولێر)
٥-سایمۆن ئیسماعیل محەمەد(یانەی هەولێر)
٦-ئۆراس ئەحمەد (یانەی هەولێر)

**● ئەنجامی تیپ لە تاکی گشتی**

١-یانەی رەفاعی
٢- یانەی هەولێر
٣-یانەی دیفاع جەوی
٤-یانەی کازمیە
٥-یانەی چوارقورنە
٦-یانەی سوێرە
٧-یانەی سەنیە



## بەرشلۆنە نزیکە لە یاریزانێکی خولی ئیتاڵیا

یانەی بەرشلۆنە لەسەر داوای چاڤی هیرناندێزی راهێنەری نزیکە لە بەدەستهێنانی گرێبەستی ئەستێرەیەکی خولی ئیتالی، کە چەندین ساڵە ئامانجی یانە کەتەلۆنییەکەیە.
بەپێی چەند راپۆرتێکی رۆژنامەوانی لە ئیسپانیا، فابیان رویزی یاریزانی ئیسپانیی یانەی ناپۆلی ئیتاڵی نزیک بووە لە پەیوەندیکردن بە ریزەکانی یانەی بەرشلۆنە، بەهۆی ئەوەی یاریزانەکە نایەوێت گرێبەستەکەی لەگەڵ ناپۆلی نوێبکاتەوە و یانە ئیتاڵییەکەش ناچارە بیفرۆشێت.
ناپۆلی ناچارە دەستبەرداری فابیان رویز ببێت بۆ ئەوەی بەبێ بەرامبەر نەچێتە بەرشلۆنە، بەو پێیەی ماوەی گرێبەستەکەی لە هاوینی ٢٠٢٣ تەواو دەبێت و یاریزانەکە نایەوێت نوێی بکاتەوە.
ئەو یاریزانە ئیسپانییە، کە تەمەنی ٢٦ ساڵە، لەم وەرزەدا ئاستێکی بەرزی لەگەڵ ناپۆلی پێشکێشکرد و باشترین یاریزانی یانەکەی باشووری ئیتاڵیا بووە، کە خاوەنی ٧ گۆڵ و ٤ ئاسیستە.
دوو ساڵە بەرپرسانی ناپۆلی لەبارەی نوێکردنەوەی گرێبەستی رویزەوە هیچ قسەیەکیان لەگەڵ یاریزانەکە نەکردووە و ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە ناپۆلی دەستبەرداری رویز دەبێت، بۆ ئەوەی ناچار نەبێت هاوینی داهاتوو بەبێ بەرامبەر دەستبەرداری ببێت.
ماوەی چەند مانگێکە چەندین یانە داوای گرێبەست لە یاریزانەکەی هەڵبژاردەی ئیسپانیا دەکەن، لەوانەش یانەی نیوکاسڵی ئینگلیزی، بەڵام وادیارە یاریزانەکە دەیەوێت بچێتە بەرشلۆنە بەتایبەتیش، کە چاڤی متمانەیەکی زۆری بە تواناکانی هەیە و دەیەوێت بیکاتە یاریزانێکی سەرەکی تیپەکەی.
پێشتریش بەرشلۆنە هەوڵیداوە گرێبەست لەگەڵ فابیان رویز بکات، بەڵام هەمیشە بەو نرخەی ناپۆلی لە بەرامبەر دەستبەرداربوون لە یاریزانەکەی داویکردووە تووشی شۆک بووە، چونکە هیچ جارێک لە ٦٠ ملیۆن یۆرۆ کەمتر داوای نەکردووە.




## هالاند بە فەرمی چووە

بە گوێرەی میدیایەکانی بەریتانیا ئێرلینگ هالاند بە تەواوەتی لەگەڵ مانچێستەر سیتی گەیشتووەتە رێککەوتن و پشکنینە پزیشکییەکانی ئەو یانە ئینگلیزییەکەی بە سەرکەوتوویی تێپەڕاندووە و ناوەڕۆکی گرێبەستەکەشی ئاشکرا دەبێت.
فابریزیۆ رۆمانۆ رۆژنامەنووسی بەناوبانگی کەناڵی سکای سپۆرتس رایگەیاند، مانچێستەر سیتی نرخی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی هالاند، کە ٧٥ ملیۆن یۆرۆیە رادەستی یانەی بروسیا دۆرتمۆندی کردووە و ئەم یاریزانە وەرزی داهاتوو لە ژێر سەرپەرشتی پێپ گواردیۆلا یاری دەکات.
ئێرلینگ هالاند پشکنینە پزیشکییەکانی مانچێستەر سیتی بە سەرکەوتووی تێپەڕاندووە و گرێبەستەکەی تا ٢٠٢٧ دەبێت.
دی مارزیۆی رۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئیتاڵی ئاشکرای کردووە نرخی گرێبەستەکەی هالاند لەگەڵ مانچیستەر سیتی بۆ هەر وەرزێک ٣٠ ملیۆن یۆرۆیە و مووچەی هەفتانەکەشی پێنج سەد هەزار پاوەن دەبێت.



## یانەی مانچێستەر سیتی

**ئێرلینگ هالاندی ٢١ساڵ، لە گواستنەوەی زستانەی ٢٠٢٠ لە یانەی رێد بول سالزبۆرگی نەمسا بە بەهای ٤٥ ملیۆن یۆرۆ بۆ یانەی بروسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانیا گواسترایەوە، لەگەڵ یانەکە لە کۆی ٨٨ یاری، ٨٥ گۆڵ و ٢٣ ئاسیستی کردووە.**



## بایرن میونیخ پەلکێشی ئەستێرییەکی یانەی ئەیاکس کرد

نەسیر مەزراوی بەرگریکاری مەغریبی یانەی ئەیاکسی هۆڵەندی، نزیکە لە پەیوەندی کردن بە ریزەکانی یانەی بایرن میونیخ.

رۆژنامەی وەرزشی بیڵدی ئەڵمانی ئاشکرای کردووە، کارگێری یانەی بایرن میونیخ ئەڵمانی ماوەیەکە گفتوگۆکانیان لەگەڵ نەسیر مەزراوی بەرگریکاری مەغریبی یانە هۆڵەندیەکە دەستپێکردووە و دواجار پاش رازیکردنی، ئەو یاریزانە بەشداری پشکنینە پزیشکیەکانی باڤارییەکانی کردووە و بریارە دوای کۆتایی هاتنی ئەم وەرزە، بەفەرمی پەیوەندی بەو یانەیەوە بکات.

نەسیر ئەم هاوینە گرێبەستەکەی لەگەڵ ئەیاکس تەواو دەبێت، بەخۆرایی پەیوەندی بە ریزەکانی یانەی بایرن میونیخ دەکات.

رۆژنامەی بیڵدی ئەڵمانیا ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە بایرن میونیخ نەسر مەزراوی لە چنگی یانەکانی بەرشلۆنە و یۆڤانتۆس دەرهێنا، کە بۆ گواستنەوەی لەسەرهێڵ بوون.

نەسیر مەزراوی، تەمەنی ٢٤ ساڵە و لە ئەکادیمیای یانەی ئایاکس پێگەیشتووە و لەوەتەی ساڵی ٢٠١٨ـەوە لەگەڵ تیپی یەکەمی یانەی ئایاکس یاری دەکات، لە کۆی ١٣٥ یاری، ١٠ گۆڵ و ٩ ئاسیستی بۆ یانە هۆڵەندایيەکە کردووە، وەرزی داهاتوو یانەی بایرن میونیخ دەبێتە یەکەمین یانە لە دوای ئایاکس، کە یاری بۆ بکات.



# هەولێر گرفتی بەرگری و هێرشبەری هەیە

یانەی وەرزشیی هەولێر لە دوو یاریی ڕابردووی خولی نایابی یانەکانی عێراقیدا ئەنجامەکانی تیپەکەی وەکو پێویست نەبووە، لە هەریەك لە یارییەکانی بەرامبەر یانەکانی زاخۆ و نەفتیش دوچاری شکست هات، هەر چەندە هەولێر هەوڵی باشترکردنی ئەنجامەکەی تیپەکەشی دەدات. لە بارەی بارودۆخی تیپەکەش (دلشاد ئەحمەد) یاریدەدەری ڕاهێنەری یانەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە ئێمە لە تیپەکەماندا هەر یاریزانێکمان تووشی پێکان ببێت، یان کارتی هەبێت، جێگرەوەمان نییە، بە تایبەت لە هێڵی بەرگری و هێرشبەر، دوو یاریی ڕابردووش ئەو گرفتەمان هەبووە»، دلشاد ئەحمەد گوتیشی: «هەموو کات بەو کەرەستەیەی کە لە بەر دەستماندایە چارەسەرمان داناوە، بەتایبەت کە گرفتی ئێە زیاتر لە هێڵی بەرگری و هێرشبەریدایە بە شێوەیەکی گشتیی، بۆ یارییەکانی داهاتووش کاپتن (نزار مەحرووس) پلانی خێرایی هەیە و چارەسەری گرفتەکان دەکات، بەشێوەیەکی گشتی گرفتی ئێمە کارتی ڕەنگاوڕەنگ و پێکانە، جگە لەوەش زۆربەی یاریزانە یەدەگەکان لە قۆناغی دووەمدا پەیوەندییان بە ئێمەوە کردووە، تا ئێستا لە بەر هەستیاریی شوێنمان لە ریزبەندی یانەکان، نەمان توانیوە تاقیان بکەینەوە، بەڵام لە هەندێك هێڵی یاریکردن بە دیلمان نییە، بۆنموونە لە بەرگریی لای چەپ و دڵی بەرگری و گۆڵکارێکیش، هەموو هەوڵێك دەدەین ئەنجامەکانی تیپەکەمان باشتر بکەین و سەرکەوتنیش لای خوای گەورەیە، ئەم وەرزە یانەی وەرزشیی هەولێر چەند جارێك ڕاهێنەری خولی نایابی یانەکانی عێراقی گۆڕیوە بۆ ئەوەی ئەنجامەکانی باشتر بکات».



# کچانی پێشمەرگە لە ئامادەباشیدان

تیپی تۆپی سەرمێزی کچانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بەردەوام لە مەشق و ئامادەکاریی تۆکمە دان، بۆ ئەوەی بتوانن لە پاڵەوانێتییەکانی داهاتوودا ئاست و ئەنجامی شایستە دەستەبەر بکەن، ئەمە هەر چەندە کارگێڕیی یانەی وەرزشیی پێشمەرگە گرێبەستی سەرجەم یاریزانانی تیپەکەی تازە کردەوە بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە تۆمارکردنی ئەنجامی شایستە لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق، لەم بارەشەوە بەڵێن عوسمان راهێنەری تۆپی سەرمێزی کچانی یانەی پێشمەرگە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە بەردەوامین لە مەشق و ئامادەکارییەکانمان بۆ پاڵەوانێتییەکانی کوردستان و عێراق و پاڵەوانێتیی یانەکانی عەرەبی، لە ئێستادا مەشقەکانمان زیاد کردووە بۆ ئامادەکاری بۆ پاڵەوانێتیی یانەکانی عێراقی، کە بڕیارە لە سەرەتای مانگی ٧ی داهاتوو یارییەکانی بەڕێوە بچێت»، بەڵێن عوسمان گوتیشی: «سوپاس بۆ خودای گەورە بە پشتیوانی ستافی یانەکە و بە هاوکاریی جێگری سەرۆکی یانەکە هەموو کارەکانمان بۆ جێبەجێ کراوە لە تیپی تۆپی سەرمێز، هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە لە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی و لە هەموو ڕوویەکەوە تیپەکە ئامادە کراوە و تەنیا چاومان لەوەیە بتوانین نازناوی خولی نایابی عێراقی بەدەست بهێنین»، سەبارەت بە رکابەریەکانیشیان بەڵێن گوتی: «ئێمە هەموو ساڵێك یانەیەکی ڕکابەر و سەرسەختی خولەکە بووین، دەمانەوێت ئەمساڵیش بە نازناوەوە بگەڕێنینەوە شاری سلێمانی، هەر چۆن سلێمانی ناوێکی گەورە بووە لە یاریی تێنسی سەرمێزەوە دەمانەوێت بەردەوامی بە ئاستە باشەکەمان بدەین نەك لە سەر ئاستی عێراق و کوردستان، بگرە لە سەر ئاستی وڵاتانی عەرەبیش، بڕوای تەواویشمان بەم کچە یاریزانانی خۆمان هەیە کە دەتوانن کێبڕکێی سەخت لەگەڵ سەرجەم یاریزانانی یانەکانی عێراق بکەن و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن.



## نەوزاد شێرزاد:
## یاریکردن لە یانەکانی بەغداد دەنگەیەنێتە هەڵبژاردەی عێراق



ساڵانە لەگەڵ دەستپێکی خولی باڵەی یانە نایابەکانی عێراقی یانەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق، گرێبەست لەگەڵ ئەستێرە دیارەکانی کوردستان مۆردەکەن، نەوزاد شێرزاد یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی شاری هەولێرە، ئەم وەرزە لەگەڵ یانەی جەیشی شاری بەغدا گرێبەستی هەبووە، بۆ وەرزی نوێی خولی نایابی عێراقیش تاکو ئێستا بڕیاری نەداوە بۆ چ یانەیەك یاری بکات، لەم بارەشەوە نەوزاد شێرزاد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە ئێستادا من یاریزانی یانەی جەیشم چەند یارییەکمان ماوە لە خولەکە، بۆیە تائێستا گفتوگۆم لەگەڵ هیچ یانەیەك نەکردوە، لەگەڵ ئەم یانەیەش زۆر ئاسوودەم و هیچ کێشەیەکم نییە، ماوەی چوار ساڵە خولی کوردستان نەکراوەتەوە و هیچ چاوەڕوانییەکم نییە بکرێتەوە، خولی عێراقی هەموو ساڵێك بەردەوامە و چێژێکی زیاتری هەیە و دەتوانیت لە رێگەی خولی عێراقی بگەیتە هەڵبژاردەی عێراق»، نەوزاد شێرزاد گوتیشی: «بەڕاستی یاریکردن لە بەغدا دوو لایەنی باشی هەیە، یەکیان لایەنی ماددییە و دووەمیش ئاسانتر دەگەیتە هەڵبژاردەی عێراق، بۆ یانە کوردییەکانیش من هەموو کات پێش یانە عەرەبیەکانم داناوە، یانەی هەولێر بە یانەی خۆم دەزانم و هەرکاتێك تیپێکی باش دروست بکەن، من ئامادەی ئەوەم بگەڕێمەوە»، لەبارەی سەرۆکی یانەی هەولێریش کە پێشتر یاریزانی باڵە بووە، نەوزاد گوتی: «بیرکردنەوەی کاپتن وەلید ئەوە بوو کە تیپێکی تۆکمە دروست بکەن پێش دەستبەکاربوونی، بڕوام وایە ئەگەر ئێستاش تیپێکی تۆکمە دروست بکات و بەشە بودجەیەکی باش بۆ ئەو یانەیە دابین بکرێت، زۆربەی یاریزانەکانی خولی عێراق ئاواتخوازن یاری بۆ هەولێر بکەن، منیش ئایندەی خۆم بۆ دوای یارییەکانی خولی نایابی عێراقی هەڵگرتووە».



# مەشقی وەرزشیی گونجاو بۆ بەهێزکردنی ئێسک

هەندێك جۆری مەشقی وەزرشی بارستایی ماسوولکە زیاد دەکەن، ئەمەش هێز و کۆنترۆڵ و باڵانس و هەماهەنگیی ماسوولکەکان باشتر دەکات. باڵانس و هەماهەنگی دروستی ماسوولکەکان واتە کەمکردنەوەی ئەگەری کەوتن و شکانی ئێسکەکانی لەش بە رێژەی ٣٥٪ لەکاتی زۆربەی جووڵە و چالاکییە جەستەییەکاندا. ئەو جۆرانەی مەشقی وەرزشی کە سوودبەخشن بۆ بەهێزکردنی ئێسکەکان، بریتین لە جووڵاندنەوەی ماسوولکە بەرانبەر بە جۆرێك لە بەرگری، بۆیە پێیان دەووترێت مەشقەکانی بەرگری Resistance exercises، بۆنموونە: مەشقەکانی سپرینگ، شناوکردن، هەڵگرتنی قورسایی، لەگەڵ مەشقەکانی جیم. هەروەها ئەو مەشقانەی کە کێشی لەش دژ بە هێزی کێشکردنی زەوی دەجووڵێنن Weight-bearing exercises بۆ ئێسکەکان سوودبەخشن، بۆنموونە: پیادەڕۆیی، راکردن، پەتپەتێن، سەرکەوتنی پیلکەکان، یاریی تێنس، گۆلف، تۆپی سەبەتە، تۆپی پێ. لەکاتی ئەنجامدانی ئەم جۆرە مەشقانەدا، ماسوولکە و ژێیەکانی، فشار دەخەنە سەر ئێسکەکان و هانی دروستبوونی شانەی زیاتری ئێسك دەدەن، بەم ئێسکەکان چڕتر و بەهێزتر دەبن، واتە خۆپاراستن لە پووکانەوە و لاوازبوونی ئێسك و کەمکردنەوەی ئەگەری شکان.

# ئایا زیادخواردنی برنج کۆلیستیرۆڵ بەرزدەکاتەوە؟



ئەگەرچی برنج هیچ کۆلیستیرۆڵی تێدا نییە، بەڵام ڕێژەیەکی بەرزی کاربۆهیدرات لەخۆدەگرێت، کە دەگاتە ٧٠٪، پسپۆران بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاستی بەرزی کۆلیستیرۆڵ ڕێنمایی کەمکردنەوەی چەورییە تێرەکان دەکەن، بەڵام توێژینەوە نوێیەکان جگە لە چەورییە تێرەکان ڕێنمایی کەمکردنەوەی کاربۆهیدراتیش دەکەن، بەتایبەتی کاربۆهیدراتە سادەکان، برنجی سپی یەکێکە لەمانە. بڕی زیادی کاربۆهیدرات لە لەشدا دەگۆڕێت بۆ شەکر، ئینجا ئاستی شەکر لە خوێندا بەرزدەبێتەوە کە هاوکات دەبێت لەگەڵ بەرزبوونەوەی چەورییەکانی خوێن بە کۆلیستیرۆڵیشەوە. بۆ ڕێگرتن لە بەرزبوونەوە و بۆ دابەزاندنی ئاستی کۆلیستیرۆڵی بەرز، پسپۆران ڕێنمایی کەمکردنەوەی ئەو خۆراکانە دەکەن کە ڕێژەی بەرزی کاربۆهیدراتی سادە، یان پرۆسێسکراو Processed لەخۆدەگرن، وەك: برنجی سپی، ئارد و نانی سپی، بسکویت، گەنمەشامی یان جیبسی گەنمەشامی، شوفان، پەتاتە، پەتاتەی شیرین Sweet potatoes، مۆز، ئیندۆمی، میوەی قوتووبەند، سۆدا، پیتزا، دانەوێڵەی شیرینکراو، کێك، جیبسی پەتاتە. ئەوە سەلمێنراوە کە زیادخواردنی ئەم جۆرانەی کاربۆهیدرات جگە لەوەی کە دەبنە ئەگەری زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی، ئاستی کۆلیستیرۆڵیش لە خوێندا بەرزدەکەنەوە.



# چۆن سترێس قەڵەوت دەکات؟

گەلێك کەس لەکاتی سترێسدا کێشی لەشیان زیاد دەکات، هۆکارەکە تێکەڵاوێکی هۆرمۆنی و دەروونییە. لەش وەکو کاردانەوە بەرانبەر بە سترێس هۆرمۆنی کۆرتیسۆل (کە بە هۆرمۆنی سترێس ناسراوە) دەردەدات، کە هانی زیاد کۆبوونەوەی چەوریی سك (چەوریی هەناو Visceral fat دەدات، کە بە چەوریی ژەهراوی Toxic fat ناوزەد دەکرێت، چونکە بە توندی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و نۆرەی دڵ و جەڵتەی مێشك زیاد دەکات. سترێسی درێژخایەن دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی بەردەوامی ئاستی هۆرمۆنی کۆرتیسۆل Cortisol، کە هاندەرە بۆ زیادبوونی ئارەزووی خواردن، ئەمەش دەبێتە ئەگەری زیادبوونی کێش، یان گرفت لە دابەزاندنی کێشی زیادی لەش. لەش خاوەنی سیستمێکی هاوسەنگی هۆرمۆنەکانە و، لەکاتی سترێسدا هۆرمۆنی کۆرتیسۆل و ئەدرینالین و نۆرئەدرینالین دەردەدات، پاش سووکبوونی سترێس، ئاستی هۆرمۆنەکانی ئەدرینالین و نۆرئەدرینالین بە ماوەیەکی کورت دادەبەزێت، بەڵام ئاستی هۆرمۆنی کۆرتیسۆل بۆ ماوەیەکی زیاتر بە بەرزی دەمێنێتەوە. هۆرمۆنی کۆرتیسۆل وزە بۆ لەش دابین دەکات بە هاندانی میتابۆلیزمی چەوری و کاربۆهیدرات، هەروەها هانی دەردانی هۆرمۆنی ئینسولین دەدات لەگەڵ هێشتنەوەی ئاستی شەکری خوێن، ئەمانە دەبنە هۆی زیادبوونی ئارەزووی خواردن و زیادبوونی کێشی لەش، ڕێژەی زیاد دەردانی هۆرمۆنی کۆرتیسۆل لەکاتی سترێسدا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە.

# کاریگەریی پەستانی بەرزی خوێن لەسەر چاو

ئەمە گومانی تێدا نییە کە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێت، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر تەندروستیی چاوەکان وەکو:

- نەخۆشیی لە تۆڕەی چاودا Retinopathy بە شێوەی تێکدانی هاتووچۆی خوێن بۆ تۆڕەی چاو و تێکدانی خانەکان، کە هۆکارە بۆ لەدەستدانی بینین.
- کۆبوونەوەی شلە لە تۆڕی موولولەکانی خوێن لە ژێر تۆڕەی چاودا.
- تێکدانی دەماری بینین Optic nerve کە بە مەترسیدارترین ئاڵۆزیی چاو هەژمار دەکرێت، چونکە هۆکارە بۆ کوێربوونی هەمیشەیی لەبەر کۆنترۆڵ نەکردنی پەستانی بەرزی خوێن، یان لە کاتی چارەسەرکردنی زیاد لە پێویست کە دەبێتە هۆی دابەزینی پەستانی خوێن.
- مەیینی لەناکاوی خوێن لەناو خوێنبەر یان خوێنهێنەری تۆڕەی چاودا، کە هۆکارە بۆ لەدەستدانی کتوپڕی بینین.

پەستانی بەرزی خوێن هاندەرە بۆ زیاتر ئاڵۆزکردنی نەخۆشییەکانی چاو، کە لە کەسێکدا هەبن و پاشان دوچاری بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن ببێت، بۆنموونە: ئاوی رەش Glaucoma، گرفتی تۆڕەی چاوی پەیوەست بە نەخۆشیی شەکرە Diabetic retinopathy.
نیشانەکانی کاریگەریی پەستانی بەرزی خوێن لەسەر چاودا: کزبوون و لێڵبوونی بەرە بەرەی بینین، نەمانی کتوپڕی توانای بینین لە یەک چاو یان هەردوو چاودا، بینینی دوو وێنە Diplopia، سەرئێشە، هەروەها بینینی فلاشی رووناکی.



# ئەو ڤیتامینانەی تواناکانی مێشک باشتر دەکەن


هەندێك ڤیتامین و ترشە چەوری ڕۆڵیان هەیە بۆ باشترکردنی تواناکانی مێشك، وەك بیرکردنەوە و فێربوون و فرمانی تدیکە، بۆنموونە:

• ڤیتامین B12: ئەگەرچی تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکی زانستی لەبەردەستدا نییە کە وەرگرتنی بڕی زیادی ڤیتامین B12 تواناکانی مێشك باشتر بکات، بەڵام کەمیی ئەم ڤیتامینە لە لەشدا، کاریگەریی نەرێنی لەسەر فرمانی شانەکانی میشك هەیە.

• ڤیتامین E: بەڵگەی زانستی لەبەردەستە کە ڤیتامین E توانای بیرهاتنەوە و فێربوون باشتر دەکات، بەتایبەتی لە بەساڵاچوواندا، ئەمەش روون کراوەتەوە کە وەرگرتنی ٢٠٠ یەکەی جیهانی لە ڤیتامین E ڕۆژانە، سوودی بۆ سووککردنی نیشانەکانی نەخۆشیی ئەلزهایمەر Alzheimer›s disease هەیە. سەرچاوە خۆراکییەکان: کاکڵەکانی گوێز و باوی و کازو، تۆوەکان، زەیتە ڕووەکییەکان، سەوزە گەڵا تاریکەکانی وەکو سپێناغ و برۆکۆلی.

• گەڵای ڕووەکی گینککۆ بیلۆبا Ginkgo biloba کە لەوانەیە تواناکانی مێشك باشتر بکات و ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی ئەلزهایمەر کەم بکاتەوە.

• ئۆمیگا٣: کە زیاتر لە ماسیی دەریاکان وەکو سالمۆن و ماکارێلدا هەیە، ڕۆڵی هەیە لە باشترکردین توانای بیرهاتنەوەدا.




# کاربۆهیدراتی باش، کاربۆهیدراتی خراپ

کاربۆهیدراتەکان بەگشتی دەکرێن دوو جۆرن: کاربۆهیدراتە باش و خراپەکان. کاربۆهیدراتە باشەکان Good carbs کە بە کاربۆهیدراتە ئاڵۆزەکان ناسراون، ئەوانەن کە کەمترین، یان هیچ مامەڵەیەکی کیمیایی و فیزیاییان لەگەڵدا نەکراوە و ڕێژەیەکی بەرزی ماددەی خۆراکیی گرنگ لەخۆدەگرن و، دەوڵەمەندن بە ریشاڵ، بۆنموونە: دانەوێڵەی تەواو Whole grains، سەوزە و میوەکان، پاقلەمەنییەکان، نان بە گەنمی تەواو، برنجی قاوەیی، پاستای گەنم، ساوار، نیسك. هەروەها شیری کەم چەوری و ماست ئەگەرچی ریشاڵ لەخۆناگرن، بەڵام ڕێژەی بەرزی کالسیۆم و پرۆتینیان تێدایە، بۆیە بە کاربۆهیدراتی باش هەژماردەکرێن. کاربۆهیدراتە خراپەکان Bad carbs کە بە کاربۆهیدراتە سادەکان ناسراون، مامەڵەی زۆریان لەگەڵدا کراوە Highly processed و بەهایەکی خۆراکیی نزمیان هەیە، چونکە کەمترین ڕێژەی مادده خۆراکییە گرنگەکان لەخۆدەگرن، واتە زیاتر وزە بە لەش دەبەخشن و ئەگەری زیادبوونی کێشی لەش و تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە و نەخۆشیی دڵ زیاد دەکەن، بۆنموونە دانەوێڵەی سافکراو، شەکر، نانی سپی، پاستای ئاسایی، برنجی سپی، شەربەت و شلەمەنییە شیرینکراوەکانی دیکە، خواردنەوە گازدار و وزەبەخشەکان، هەویرکارییەکان، شیرنەمەنییەکان و ئایس کرێم. ڕاپۆرتە پزیشکییەکان جەختیان کرووەتەوە کە زیادخواردنی کاربۆهیدراتە خراپەکان، یان سافکراوەکان ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ تا ڕادەیەك زیاد دەکەن، کە زیاترە لە ئەگەری نەخۆشیی دڵ بە زیادخواردنی چەورییە تێرەکان Saturated fats.





# پاوەربانکێک بەقەد کارتێکی بانکی




پاوەربانـك، بـە واتایەکـی دیکـە وزەی گـەڕۆك بـۆ ئـەو ئامێـرە ئەلکترۆنیانـەی کـە پێویسـتیان بـە بـارگاوی کـردن هەیـە، گرنگـی خـۆی هەیـە. پاوەربانکـەکان قەبـارە و تواناکانیـان جیـاوازە. هەڵگرتنـی زۆربـەی پاوەربانکـەکان لەبـەرك و گیرفانـدا ناگونجـێ چونکـە قەبـارە و کێشـیان بـۆ گیرفـان نابێـت.

پـاوەر بانکـی جـۆری ChargeCard هـەر بەقەد کارتێکی بانکی دەبێت و بە ئاسـانی لـە گیرفانـدا جێی دەبێتەوە. بۆ شـەحنکردەوەی مۆبایـل و ئامێرەکانی دیکە گونجاوە. لەگـەڵ هـەردوو سیسـتەمی ئەندرۆیـد و ئـەی ئۆ ئێـس دەگونجێت. چـوار گلۆپی هێمـای شـەحنکردنەوەی لەسـەرە. لـە پـۆڵای دژە ژەنـگ دروسـتکراوە و ٢٧٠٠ میلی ئەمپێرە. ڕەنگە نەتوانێت مۆبایلێك بە تەواوی شەحن بکاتەوە بەڵام بۆ کاتی پێویست گرنگی خۆی هەیە.

# ڕۆبۆتی سکۆتەر فیلمیش هەڵدەگرێتەوە



هۆشـی دەسـتکرد هەموو کون و کەلەبەرکانی ژیـان دەگرێتەوە. ڕۆبۆتەکان فەرمانی خاوەنەکانی جێبەجێ دەکەن. ڕۆبۆتی جۆری LOOMO کە لە شێوەی سکۆتەرێکە و هەم بۆخۆی بەفەرمانی بەکارهێنەرەکەی دەڕا و هەم دەتوانێت بەکارهێنەرەکەی سواری خۆی بکات.

ڕۆبۆتـی LOOMO خاوەنـی هۆشـی دەسـتکردە، بـە دەنگ و بـە مۆبایل و بە ریمۆتـی تایبـەت کۆنترۆڵ دەکرێ. کامێرایەکی بەهێزی لەسـەرە کە لەگەڵ ئەوەیدا بەڕێـدا دەڕوات فیلمیـش هەڵدەگرێتەوە، بۆ هەڵگرتنەوەی نەخشـە سێ ڕەهەندییەکان سـوودێکی زۆری هەیـە، بەتایبـەت بـۆ ئەندازیارانـی بـواری بیناسازی.

پرۆگرامێکی تایبەتی بۆ کۆنترۆڵ کردن لەگەڵدایە کە بۆ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و IOS دەگونجێت. مەکینەی بەهێزی لەسەرە و باترییەکی بەهێزتر. بـە هـەر شـەحنکردنەوەیەك دەکرێـت هەتـا ٢٢ مایـل بڕوات. توانـای هەڵگرتنی کێشی سەد کیلۆیی هەیە.



# کیبۆردێک تایبەت و ناوازە و سەرنج ڕاکێش

ئەوانەی تەنیا یەك ڕۆژیش کاریان لەسەر کۆمپیوتەر کردبێ، یان کاریشیان نەکردبێ دەزانن تەختەی دوگمەکان واتە کیبۆرد گرنگترین ئامرازی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمپیوتەرە. زۆربەی کیبۆردەکان هەموویان یەك پارچەن، بەڵام کیبۆردی ZSA لە دوو پارچە دروستکراوە. کیبۆردەکە ئۆرگۆنۆمیەکە بەو مانایە کە لەکاتی کارکردندا کێشەی تەندروستی بۆ بەکارهێنەرەکەی نایەتە پێش. کیبۆردەکە گشت دوگمەکانی لەسەرە و بۆ دەست چەپ و ڕاست جیا کراونەتەوە، دەکرێت گۆڕانکاریش لەنێوان دوگمەکان بکرێت. بەکارهێنەر دەتوانێت هەردوو بەشەکە پێکەوە بنووسێنێت و بیکاتە یەك پارچە. دەکرێت وەك جۆیستێك واتە (دەسکی گەمەی) یارییە ئەلکترۆنییەکانیش سوودی لێببیندرێت.

# ئامێرێکی گرنگ بۆ هەموو شوێنێک

لەم سەردەمەدا GPS دۆزەرەوە گرنگی خۆی هەیە و لەهەندێك شوێندا مرۆڤ لە مەرگ ڕزگار دەکات. Care Go دۆزەرەوەیەکی GPS بچووکە. بۆ منداڵ، ژن و پیاوە بە ساڵاچووەکان کە تووشی لەبیرچوونەوە بوونە، هەروەها بۆ ئەو گەشتیارانەی دەکەونە شوێنێك و بزر دەبن، بۆ ئەو کەسانەی کە نەخۆشن و دەکەونە حاڵەتێکی تەنگەتاوی و بە کورتی بۆ هەموو کەس گرنگی خۆی هەیە. لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ و بەهۆی پرۆگرامێك کەلەسەر مۆبایلەکە هەیە دەزاندرێ بەکارهێنەری Care go لە چ شوێنێکە. بە داگرتنی دوگمەیە لەسەر ئامێرە بچووکەکە پەیامی ئاگادارکردنەوە بۆ ئەو کەسانە دەچێت کە پێشتر لەگەڵ ئامێرەکە پەیوەند دراون. تەنانەت ئەگەر مۆبایلەکانیان لە حاڵەتی بێدەنگیش دانابێت هەر زەنگ لێدەدەن. ئامیرە بچووکەکە نە تەنیا بۆ مرۆڤ دەگونجێت، بەڵکو بۆ گیانداری ماڵی و کەلوپەلیش دەبێت بۆ ئەوەی کە بزر نەبن.

هەرکاتێك دۆزەرەوەکە بارگاوی بکرێت هەتا یەك ساڵ پێویستی بە بارگاو یکردن نییە.



# مۆبایلەکەت بکە بە کامێرایەکی پیشەیی

مۆبایلە زیرەکەکان، کامێراکەیان ئاستیان زۆر بەرزە، هەتا زیاتر لە ١٠٠ میگابایتیش دەڕوات. کامێرای مۆبایل هەرچەند ئاستیان بەرزیش بێت ناگاتە ئاستی کامێرایەکی پیشەیی. بۆ کاری پیشەیی کامیراوانی مۆبایل سوودی لێوەرناگیردرێت. کۆمپانیای سۆنی (Sony) هەوڵیداوە کە کامێرای مۆبایل بگەیەنێتە ئاستی کامێرایەکی پیشەیی.

سۆنی ئاوێنەی زیرەکی QX30 بەرهەم هێناوە، لێنزی ناوبراو کامێرای مۆبایل دەگەیەنێتە ٣٠ بەرابەر. لە ڕێگای wi-fi بە مۆبایل پەیوەند دەدرێ. هەستەوەری جۆری Exmor R CMOS تێدایە کە وا دەکات لە ڕووناکییەکی زۆر کەمیشدا وێنەی زۆر باش بگیردرێت. سیستەمی دژە لەرزینی تێدایە. بە کوالیتی فول ئیچدی فیلم هەڵدەگرێتەوە.

# تەنیا بە داگرتنی دوو پەنجە زانیاری تەندروستی خۆت بزانە




تەکنەلۆژیا لە هەموو بواردا پێشدەکەوێ، بەتایبەتی لە بواری تەندروستیدا. ڕۆژێك دێت زۆربەی پشکنینەکانی تەندروستی لە ماڵەوە ئەنجام دەدرێن و پێویستیان بەئامێری گەورەو نۆرینگەکان نابێت.

ئامێری بچووکی iCare pro نموونەیەکی بەرچاوە لەم بوارەدا، هەروەك لە وێنەکەدا دەبینین، ئامێرەکە زۆر بچووکە بەقەد پەنجەیەك دەبێت. تەنیا دوو دوگمەی لەسەرە بە داگرتنی دوو پەنجەی گەورەی چەپ و ڕاست لەسەر ئەم دوو دوگمانە ئەوەی زانیاری تایبەتە بە تەندروستی وەك، زەخت، لێدانی دڵ، ڕێژەی ئۆکسجین..تاد بۆ مۆبایلێك کە لەگەڵی پەیوەند دراوە بەرێ دەکات. لەسەر مۆبایلەکە داتابەیسێکی تایبەت بۆ هەر بەکارهێنەرێك دروست دەبێت و ڕۆژانە زانیارییەکان لەوێدا تۆمار دەکرێن.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێك دەپرسێت چۆن دەکرێت چەند فایلێکی ۆرد پێکەوە بەبێ گرفت بکرێن بە فایلێك؟**

خوێنەری بەڕێز ڕەنگە زۆر کەس کەنیازی ئەوەی هەیە چەند فایلێکی word بکاتە فایلێك فەرمانی کۆپی و لکاندن بەکار بێنێ، بەڵام ئەوە بۆ دوو فایل باشە ئەگەر فایلەکان زۆر بوون کاتێکی زۆر دەگرێت. بۆ ئەم مەبەستە دەبی وردەکە لە ٢٠١٠ بۆ سەرەوەوە بێت و لەسەرەتادا فایلێکی نوێ دەکەیەوە و دەچییە سەر بەشی insert و لەوێدا بەشی object فەرمانی text from file هەڵبژێرە دوای ئەوە فایلانەی کە نیازت هەیە ببن بەیەك فایل هەڵبژێرە و دواتر دوگمەی insert لێبدە. دەبینی زۆر بەئاسانی گشت فایلەکان بەبێ ئەوەی کە هیچان تێك بچن دەبن بە یەك فایل.

# سەگ و پشیلەش کامێـ

زۆر کەس لەوانەی دەچنە دەرەوەو منداڵە ساواکانیان لە ژوورەوە بەجێ دێڵن، کامێرایەکی تایبەت بە منداڵان لە ژوور سەریان دادەنێن، بۆ ئەوەی ئاگاداری جوڵەکان منداڵەکە و چۆنییەتی خەوتنی منداڵەکە بن. بۆ گیاندارانی ماڵەوە وەك سەگ و پشیلە، کامێرای تایبەت بەوان هەیە و ئەگەر خاوەنەکانیان لەماڵەوە نەبن دەتوانن بەوردی چاودێریان بکەن.

کامێرای Petcube Play یەکێکە لەو کامێرایانەی تایبەت بە گیانداران. کامێرا تایبەتەکە لەگەڵ مۆبایل بە هەردوو سیستەمەکەیەوە پەیوەند دەدرێ. لەگەڵ سیستەمی دەنگی ئامازۆن و ئەلکسا کار دەکا و دەکرێت لە دوورەوە بەدەنگ فەرمانی پێبکەی. دەکرێت




# پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی ئەپلکەیشن

دروستکردنی ئەپلکەیشن و پرۆگرام، پێویستی بە شارەزاییی زۆر هەیە و لانیکەم ئەو کەسە دەبێ یەکێك لە زمانەکانی پرۆگرام نووسین بزانێ. بەڵام بە پرۆگرامی App Builder بەبێ هیچ زانیارییەك لەبارەی کۆد و پرۆگرام نووسینەوە دەکرێ ئەپلکەیشن بۆ مۆبایل دروست بکەی. تەنانەت دەتوانی وەك کارێك بۆ بژیوی ژیانیش سەیری بکەی و پرۆگرام بۆ کۆمپانیا و شوێنەکانی دیکە دروست بکەی. کارکردن بە پرۆگرامەکە زۆر ئاسانە، ئەوەی پێویستە لە پرۆگرام نووسیندا لەبەردەستدایە. خاڵی جێگای سەرنجیش ئەوەیە کە گشت ئەو کۆدانەی بۆ پرۆگرام نووسین پێویستن لەو پرۆگرامەدا لە ژێر HTML5 دا دەکرێنەوە.






## ماڵپەڕێک بۆ ناساندنی فایلە تێکدەرەکان


گەلێك جاران فایلێکی نەناسراو دادەبەزێینە سەر کۆمپیوتەرەکەت. نازانی ئەو فایلە، فایلێکی تێکدەرە و سیخوڕییە یان بێ کێشەیە. بۆ ئەوەی فایلەکان بەرلەوەی بکرێنەوە بیان ناسی. سەر لەماڵپەڕی virusscan.jotti.org بدە. لەو ماڵپەڕەدا فایلە نەناسراوەکەی سەر کۆمپیوتەرەکەتی پێ بناسێنە و ماڵپەڕەکە بە وردی فایلەکە سکان دەکات و ئەگەر ئاڵوودەی ڤایرۆس ببێت، ڤایرۆسەکە لادەبات یان ئەگەر فایلێکی سیخوڕی بێ زانیاریت لەبارەی فایلە سیخوڕییەکە پێدەبەخشێت. ماڵپەڕەکە بۆ ئەو فایلانەی کە لەگەڵ ئیمێل دێن یان لەکاتی دابەزاندنی پرۆگرامێك یا یارییەك دادەبەزنە سەر کۆمپیوتەرەکەت گرنگییەکی زۆری هەیە.

## ـــــرای چاودێریان هەیە

هەر لەدوورەوە گەمە و یاری لەگەڵ گیاندارانی ماڵەوە بکەی، چونکە تیشکێکی لەیزەری تایبەت بەگەمەکردن لەسەر ئامێرەکە هەیە و لە دوورەوە دەتوانی بیجوڵێنی. تەنانەت حاڵەتێکی تایبەتی هەیە دەتوانی لەیزەرەکە لەخۆوە جوڵە بکات بۆ ئەوەی ئەوکاتانەی ناتوانی گەمە لەگەڵ سەگ و پشیلەکان بکەی، خۆیان بەو تیشکە لەیزەریەوە خەریك بکەن. کامێرای ناوبراو بە پلەی ١٣٨ پلە ڤیدیۆ بە کوالیتی فول ئیچ دی دەگرێت.







# ڕێگەکانی پاککردنەوەی ژووری چێشتلێنان



لە دوای ئامادەکردنی خواردن و نۆش کردنیان لە ژووری چێشتلێنان، یان لە هەر شوێنێکی دیکەدا، ژووری چێشت بە تەواوی لە کاتی ئامادەکارییەکاندا پیس دەبن و، دیوار و زەویی ئەو ژوورە بە چەندین ماددە و کەرەستەی جۆراوجۆر رووپۆش دەبن، بۆ پاککردنەوەیان زۆر جار خانمان ماندوو و هیلاك دەبن، بەم چەشنە پێویستیان بە گرتنەبەری ڕێگەی درووستە، بۆ پاککردنەوەی زەوی و دیوارەکانی ژووری چێشتلێنان. پسپۆڕانی پاککردنەوەی ماڵ دەربارەی ئەو گرفتە ڕێنمایی دەکەن و دەڵێن: زەویی ژووری چێشت بە ڕۆنی قورس چەور دەبن، بەمەش پێویستت بە کەرەستەیەکی بەهێز دەبێت، تاوەکو ئەو ڕۆنە قۆرسە بڕوات. سەرەتا پێویستت بە زاهی دەبێت، هەروەها ئاوی لیمۆ، ئەوەش لە ڕێگەی قوماشێکی تەڕ بە هێواشی بەسەر ئەو شوێنانەدا بهێنە کە ڕۆنە قورسەکەی لێ کۆبووەتەوە، دواتر بۆ ماوەیەك جێیبهێڵە، پاشان بگەڕێوە و جارێکی دیکەش دووبارەی بکەرەوە، هەوڵ بدە شلەی جەلی بەکاربهێنیت لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەدا، پاککردنەوەی وردە گرێ و دەنکە خواردن و پەڵەی شلە و خواردنەوەکان، دوای ئەوەی بە ئاو رای دەماڵیت، پاشان بە شلەی جەلی و زاهی و قوماشێکی تەواو تەڕ پاکی بکەرەوە، بۆ لابردنی پاشماوەی قاوە و چای و شەربەت، پێویستت بە ئاوێکی گەرم و کەرەستەکانی پاککردنەوەی نمرە ئاساییە، بۆ لابردنی بنێشت و مۆم و عەریجەکانی منداڵان، پێویستە پارچە بەفر لە ناو کیسێك دابنێت و پاشان لەسەر شوێنەکەی دایبنێ تا ڕەق دەبێت و پاکی بکەرەوە.



# چۆن جینز پاک بکەینەوە؟

جلەکانی جینز، خۆشەویستی هەمووانن، خانمان بەشێکی زۆر لەو جلەیانلە نێو کانتۆرەکانیاندا هەیە و، ڕۆژانە لەگەڵ دەرچووندا دەیپۆشن، جینزەکان بەوە ناودارن کە زوو پیس دەبن، بەهۆی ئەوەی لە قوماشێکی بەهێزەو پیسی و خۆڵ بۆ خۆی رادەکێشێت، خانمان بەمەش تووشی بێزاری دەبنەوە، بۆ ئەوەی جینزەکەت بە شێوەیەکی درووست بشۆیت و پاکیان بکەیتەوە، ئەم ڕێکارانە بگرە بەر: سەرەتا جلەکە بهێنە و دیوی ژوورەوەی بهێنەرە دەرەوە، هەرچی پێوەی بێت پاکی بکەرەوە، دواتر تەشتێك بهێنە و پڕی بکە لە ئاوی شلەتێن، پاشان نیو کووپ سرکەی سپیی تێبکە، لەگەڵ هەندێك کەرەستەکانی پاککردنەوەی جلوبەرگ کە خۆت بەکاریان دەهێنیت، پاشان جلەکە لە نێو ئاوەکەدا بخوولێنە تاوەکو تەواو تەڕ دەبێت و ژێر ئاوی بخە و با بۆ ماوەی کاتژمێرێك جلەکە لەوێ بمێنێتەوە، پاشان لە ئاوەکە دەری بهێنە، دواتر جلەکە بگوشە تا وشك دەبێتەوە، وا چاکە بەر لەوەی هەڵبخرێت، دیوی جلەکە دیسانەوە بە ئاراستەی ئاسایی خۆی چاك بکرێتەوە، واتە دیوی ناوەوەی کە وەرگێڕدرابوو، بەم ڕێگەیە ڕەنگی ڕاستەقینەی جینز دەگەڕێنیتەوە بۆ شێوەی ئاسایی خۆی.





# شیککردنی ڕەنگی برۆ و قژ

پسپۆڕی ڕەنگکردنی قژ (ئاورۆ فریدمان) دەڵێت: «پێویستە بۆ یەکخستنی ڕەنگی برۆ و پرچ، ڕەنگی نەرم لەگەڵ ڕەنگە ساردەکان، یان کراوەکان بەکار بهێنرێت، هەروەها پێویستە هەر چوار هەفتە جارێك ڕەنگی برۆ ڕێك بخرێتەوە، تا بە جوانی دەربکەوێت، ئەو ڕەنگانەی باون بۆ برۆ و پرچیش، ئەوانەن:

- قژی زەرد: ئەوانەی ڕەنگی قژیان زەردە یان زەردی کاڵە، پێویستە ڕەنگی برۆیان تۆخ بێت، تا شێوازی ڕوخساریان بکرێتەوە، ئەو ڕەنگەی بۆ برۆ گونجاوە بریتیین لە پلاتینی، ڕەشی بریقەدار، قژی قاوەیی.
- ئەوانەی ڕەنگی پرچیان قاوەییە، پێویستە ڕەنگی برۆیان کاڵ بێت، تا هاوشێوە دەربکەون و جیاواز نەبن، چونکە ڕەنگی قاوەیی پرچ ڕەنگی ڕوخسار دەکاتەوە، بۆیە ئەگەر برۆشت وابێت، جوانتر دەردەکەوێت.
- قژی سوور: ئەوانەی قژیان سوورە، یان خەنەی لێ دراوە، پێویستە ڕەنگی برۆیان هەمان ڕەنگ بێت، هەندێ جاریش دەکرێت ڕەش بکرێت، ڕەنگی سیلڤەر و خۆڵەمێشییش لەگەڵ پرچی سوور گونجاوە.

قژی ڕەش: ئەوانەی قژیان ڕەشە دەتوانن هەمان ڕەنگی ڕەش بۆ برۆیان هەڵبژێرن، هەروەها دەتوانن ڕەنگەکانی پرتەقاڵیی کاڵیش لەگەڵ ڕەشەکە تێکەڵ بکەن، بۆیە ئاگاداری ڕەنگی برۆ بن، چونکە جوانیی چاوەکان دەکاتەوە.

# لە ژیانم بێزارم خەڵکیش وادەزانن لەخۆشیدام

بێلا حەدید، کچە نمایشکاری ئەمریکی بە ڕەچەڵەك فەڵەستینی، بە جوانییە ناسك و شێوەی پشیلەییەکەی ناوبانگێکی تەواوی پەیداکردووە، لەدایکبووی ساڵی١٩٩٦، لە منداڵییەوە جوانییەکەی بووەتە هۆی ئەوەی کە ببێتە نمایشکاری جلوبەرگ، بێلا لە شتێك پەشیمانە لە ژیاندا کە لە تەمەنی منداڵیدا بۆی کراوە، ئەویش لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا نەشتەرگەرییان بۆ لووتی کردووە، ئێستا لەو کارەی پەشیمانە و دەڵێت: خۆزگە شێوەی لووتی باپیرانمان ون نەکردایە و وەك خۆی بووایە»، ئەوەش بەهۆی ئەوەی لووتی بێلا پێشتر لە لووتی باپیرەی دەچوو، ئێستا ٢٥ ساڵە و یەکێکە لە نمایشکارە ناودارەکانی جیهان، بێلا پێی وایە کە ئەوانەی دەستکاریی شێوەیان بە ڕێگاکانی نەشتەرگەری وجوانکاری دەکەن، هەڵەیەکی گەورە دەکەن، چونکە شێوەی مروف بە سادەیی و شێوازی خۆی جوانترە، هەر دەستکارییەك دەبێتە هۆی شێواندن و تێکدانی جوانیی مرۆڤ، تەنیا ئەوانە نەبێت کە بەهۆی نا سرووشتیبوونی جەستەیان، یان بەشێکی جەستەیان پەنا دەبەنە بۆ نەشتەگەری، تا وەکو مرۆڤێکی ئاسایی بن، دەربارەی ژیانی تایبەتی دەڵێ: لە ژیانم زۆر بێزارم، خەڵکیش وادەزانن لە خۆشی و شادیدا دەژیم.






# تاوەر و باڵەخانەی نیشتەجێی دار

پێشتر ئەندازیاریان بیریان لە بەهێزترین کەرەستەکانی وەك کۆنکرێت و پۆڵا دەکردەوە تاوەکو باڵەخانە و تاوەرەکانی نیشتەجێی پێ بنیات بنێن، بەڵام ئێستا بیرۆکەکە گۆڕاوە و لە داهاتوودا گرنگی بە تاوەر و باڵەخانەی دار دەدرێت، وڵاتی سویسرا دەیەوێت ببێتە تاکە وڵات کە تاوەر و باڵەخانەکانی لە دار دروست بکات، پرۆژەکە لەژێر ناوی (ڕۆکێت ئەند تایگلێری - Rocket & Tigerli)،دا دەبێت، کە لە چوار تاوەری نیشتەجێبوون پێك هاتووە، بەرزییان دەگاتە (١٠٠) مەتر، پرۆژەکە لە شاری ڤینترتۆری سویسری لە نزیك شاری زوریخ دروست دەکرێت، پرۆژەکە لەلایەن کۆمپانیای (شمید هامەر لاسین) بۆ ئەندازیاریی دانیمارکی سەرپەرشتی دەکرێت، پێکهاتەی دیوار و بناغەی پرۆژەکە لە داری داپۆشراو بە قوڕی سوور دروست دەکرێت، کریستیان هلمارك، بەڕێوەبەری پرۆژەکە دەڵێت: «بە وردی چاودێریی کارەکە دەکەین، ئەو دارەی بەکاری دەهێنین، لە دارە پتەوەکانی جیهانە و بە ئاسانی ناشکێت».







# فیستیڤاڵی خواردن لە کوردستان
















فیستیڤاڵێك بە مەبەستی تەندروستی و ئاگاداربوون لە خواردن لە رووی باشی و زیانەکانەوە، کە لە ڕێگەی فیستیڤاڵەوە کۆمەڵێك بیرۆکە و پەیام بۆ خەڵك ئامادەکرا بوون، ئەوەش لە فیستیڤاڵێکی چوار رۆژە لە پارکی سامی عەبدوڵرەحمان بەڕێوە چوو، فیستیڤاڵەکە لە شارەکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی ساز کرا، سەرەتای کردنەوەی فیستیڤاڵەکە چەند رێنماییەك لەسەر خواردنی گەشتیاری و دەرەوە پێشکەش بە ئامادەبووان کرا، چەندین کۆشکی تایبەت بە خواردنەکان ئامادە کرابوون، چەندین خواردنی خۆماڵی و کوردەواری و بیانی ئامادە کرابوون و، بە نرخێکی رەمزی و زۆر کەم پێشکەش دەکران، زیاتر لە ١٠ کۆمپانیا و چێشتلێنەر و زیاتر لە ١٥٠ جۆرە خواردن لە فیستیڤاڵەکەدا پێشکەشی ئامادەبووان کرا، بەشداربووانی فیستیڤاڵەکە هەر یەکە بە جۆرێك و بە حەز و ویستی خۆی بەشدار بوون، یەکێك لەوانە: بڵند ئەنوەرە، کە دەرچووی بەشی کۆمپیوتەرە، بە خواردنی خۆماڵی وەك نانەقەیسی و چەرەز و لوقم و شیرینی بەشداریی کردبوو، دەڵێت: «فیستیڤاڵەکە بیرۆکەیەکی زۆر باش بوو و لە کاتێکی گونجاودا بوو، من بە خواستی خۆم بەشداریم کرد و خواستێکی زۆر لەسەر خواردنەکان هەبوون». هەروەها قەتیبە عەبدولسەمەد لە شوێنی چێشتخانەی کۆستۆزۆ، گوتی: «ئێمە بە پیتزا و بورگر و شاورما بەشداریمان کردبوو، خەڵك بیرۆکەکەی بە دڵ بوو، خواردنەکەی ئێمە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان هەیە، سەرچاوەکەی ئەمریکایە، خەڵکی کوردستان و بیانییش داوای خواردنەکانیان دەکرد و خواستێکی زۆر لەسەر خواردنەکانمان هەبوون، ئێمە لە ڕێگەی ئامادەکردنی ئەو خواردنەوە توانیمان جەماوەرێکی زۆر کۆ بکەینەوە و بە دڵی خەڵك و ئامادەبووانی فیستیڤاڵەکە بوو». نەدیم مازن، لە شوێنی قاوەی (بن السید) بەشداربوو، لای خۆیەوە گوتی: «قاوەی خۆمانە دروست دەکەین، لە شێوەی هێل و بندق و چوکلێت، لە هەموو عێراقدا تاکە کارگەین کە قاوە دروست دەکەین و چاکی دەکەین، خەڵکیش بە جۆشەوە داوای قاوەی خۆمانەیان دەکرد و نۆشیان دەکرد».



# سابوونی دێر زەمان



مێژووی دروستکردنی سابوون بۆ ١٥٠ تا ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، کە سەرەتای سەرهەڵدانی وڵاتی ئوستراليا بووە، کە جۆرە سابوونێك بووە بە چەندین کەرەستە دروست کراوە، لەوانە رۆنی گوێزی هیندی، وردە دار، داری برنج، بڕێك لە بیبەری رەش یان تیژ، سیلیکۆنی بۆگەن کراو، کە ئەو جۆرە سابوونە لە ساڵانی (١٨٨٧) دروست کراوە، بەم دواییەش کۆمپانیایەکی دروستکردنی کەرەستەکانی پاککەرەوە لە وڵاتی رۆمانیا ئەو جۆرە سابوونەی دروست کردووەتەوە، کە هاوشێوەی ئەو پێکهاتانەی پێشووی تێدایە و لەگەڵ گۆڕانکاریی دیکەش لە شێوە و ماددەکانیدا، بە گوێرەی ئەو کۆمپانیایە، بەرهەمەکە دەبێتە یەکێك لە بەناوبانگترین سابوونەکان لە جیهاندا، کە لە ئێستادا بۆ وڵاتانی ئەڵمانیا و فەرەنسا و هەنگاریا دەنێردرێت و داواکاریی زۆریشی لەسەرە.



## کاریکاتێر

کاریکاتێرێکی بەهێزە، باس لە پلانەکانی پوتین دەکات بەرلەوەی هێرش بکاتە سەر ئۆکرانیا، کە وایزانیبوو ئاسانە و بە ماوەیەکی کورت کۆتایی دێت، کەچی کارەکەی قورسە و بە ئاسانی تەواو نابێت.




## میوزیک

**هەر وەکو چۆن وابوو - As It Was**

یەکێکە لە تراکە تازەکانی مانگی چواری ئەمساڵ، کە گۆرانییەکی خێرا و بەجۆشە، لەلایەن کوڕە گۆرانیبێژی بەریتانی (هاری ستایلش) گوتراوە، لە بەرهەمەکانی ساڵی ٢٠٢٢ و لە شێوەی جاز میوزیکە، یەکێکە لە تراکەکانی ئەلبوومی Harry`s House.

## فیلم

## پاشاکانی فلز - Metal Lords




دراما و فیلمێکی میوزیکە، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٣٨ خولەکە، باسی چوار هەرزەکار دەکات، کە دەیانەوێت سەرکەوتنێك لە بواری میوزیکە تازەکەیاندا بەدەست بهێنن، ئەوەش دوای جەنگێکی میوزیکژەنین لەگەڵ چەند باندێکی دیکە، کە دەتوانن سەرکەوتن بەدەست بهێنن، لە مانگی چواری ئەمساڵ فیلمەکە تەواو بووە، لە دەرهێنانی پیتەر سۆلیت و، نووسینی دی بی وەیس، لە نواندنی (ئێس ئێس هاینسۆرت، ئەدریان گرینسمیت، جەیدیەن مارتێل، نۆە ئۆرا و تێدی ڤان)ـە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

داهاتووت بەرەو گۆڕانکاری دەچێت، بۆیە هێمن بە، پەستانی زۆری کارت لەسەرە، بەڵام بە زیرەکی و هێمنیی خۆت بەسەریاندا زاڵ دەبیت، ئەم ماوەیە پەیوەندیت لەگەڵ ئازیزەکانت باش نییە، لە هەمان کاتدا زۆر سەرقاڵیت بە ژیانی تایبەتی خۆتەوە، هەوڵ بدە پشوویەك وەربگریت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

هاوپیشەکانت لە هەمو هەنگاوێکدا هاوکاریت دەکەن، ئەمەش وا دەکات متمانەی نێوانتان زیاتر بێت، بەسەربردنی کات لەگەڵ هاوڕێکانت و ناسینی کەسانی نوێ لە ژیانتدا گرنگە، لە ڕێگەی سیستمی خۆراکیی ڕێك و وەرزشی بەردەوامەوە پارێزگاری لە تەندروستیت بکە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

لایەنی پیشەییت ڕەنگە باش نەبێت و هەندێك لە کارەکان ئاڵۆز بن، بەڵام بە شێوەیەکی ئەرێنی بەڕێوە دەچن، لەخۆتەوە پەیوەندیت لەگەڵ هەمو هاوڕێکانت پتەو مەکە، چونکە هەمو کەسێك لە بەرژەوەندیی تۆ هەوڵ نادات، بەپێ ڕۆیشتن لەلایەنی جەستەییەوە سوودت پێ دەگەیەنێت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

هەستکردن بە نائارامی لە شوێنی کارەکەت وادەکات هەست بە توڕەیی بکەیت و بێزار بیت، لە هەمان کاتدا سەرقاڵبوون بە کێشە پیشەیی و خێزانییەکانەوە، لە لایەنی سۆزداری و ژیانی تایبەتی دورت دەخاتەوە، بە پێی توانا لەو هۆکارانە خۆت بەدوور بگرە کە تەندروستیت تێك دەدات.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

چانسی باش هەیە بۆ ئەوەی لەلایەنی پیشەییەوە بەرەوپێش بچیت، بەهۆی تێگەیشتن و خۆشەویستی نێوانتانەوە لایەنی سۆزدارییت لە ئێستادا زۆرباشە و، هەوڵ بدە پارێزگاری لەو پەیوەندییە بکەیت، بیرکردنەوەی لەڕادەبەدەر کاریگەریی نەرێنیی هەیە، پێویستە ئارامتر بیت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢


بەهۆی کارو چالاکییەکانتەوە بەرهەمی کارەکانت باشتر دەبێت و، ئەزمونی نوێ پەیدا دەکەیت بەهۆی پشتیوانیی خۆشەویستەکەتەوە لەلایەنی سۆزدارییەوە بوێرانە هەنگاوی دەنێیت، تەندروستیت باشە، بەڵام هەوڵ بدە لە زۆرخواردنی شیرینی دوور بکەوەرەوە.

بۆ زانیاریت

## میسک




سەرچاوەی (میسك) ئاسكی كێوی (ئاسكی میسك)ـە كە ناوە زانستییەكەی بریتییە لە (Moschus moschi ferus)، ئەویش بە شێوەی كیسێكی پێستی شێوە لووە، كە ئەندازەكەی بە قەدەر پرتەقاڵێك دەبێت و كێشەكەی ٢٠-٣٠ گرام دەبێت و ١٠-٢٠ گرام لە تۆزی میسكی تێدایە، كە بەو تورەكەیە دەگوترێت (فأرە المسك)و، ناوە زانستییەكەشی بریتییە لە (Musk in Pods)، خودای گەورە ئەم تورەكە بچوكەی لە نێرەی ئاسكدا دروست كردووە، تا بە هۆیەوە هەستی مێیەكان بۆ لای خۆی بجوڵێنێت، بەتایبەتی لە وەرزی گەرمادا، شێوازی دەستخستنی میسكیش داوی ئەوە دەبێت كە ئەو تورەكەیە بە تەواوی پێدەگات و وشك دەبێتەوە، ئەو كات لە ئەنجامی خۆخوراندن و لێخشانی ئاسكەكە لە بەردو دار، تورەكەكە لە لاشەی ئاسكەكە جیا دەبێتەوەو دەكەوێتە خوارەوە، ئەو كات كۆدەكرێتەوەو تۆزی میسكەكەی لێ دەردەهێنرێت، بە پێی ئەندازە وا باس دەكرێت كە بۆ بەدەست خستنی تەنیا یەك كیلۆ میسك، پێویستمان بە ١٦٠ ئاسك هەیە، میسكی ئاسك لە زۆر بواردا بەكار دەهێنرێت، بە جۆرێك ٩٠٪ی بەرهەمی بۆ چارەسەری نەخۆشییەكانی دڵ و مێشك و بەهێزكردنی چاو بەكار دەهێنرێت، هەروەها بۆ بەهێزكردنی ئەندامەكانی هەناو بە شێوەی خواردنەوەو بۆنكردن، وە بۆ چارەسەری ئەندامەكانی دەرەكی بە شێوەی خستنە سەر شوێنەكە، وە ١٠٪ی بەرهەمی میسكیش لە دروستكردنی بۆن و عەتردا بەكار دەهێنرێت، چونكە میسك لە پێكهاتەیدا ١,٤٪ زەیتی (گیار)ی تێدایە، كە ڕەنگێكی ڕەشی مەیلەو بۆری هەیەو، بۆنێكی ئارام و خۆشی هەیە، نرخەكەشی پێنج هێندەی نرخی ئاڵتونە. هەروەها پێك دێت لە چەند هۆرمۆنێكی ئەستیرولیە، لە گرنگترینیان مسكوبایریدین(Muskcopyridine)و هەروەها چەند ئەنزیمێك.



## یەند و وتە

هیلاری هینتۆن زیگ زیگلەر، نووسەری ناوداری ئەمریكی، لە ساڵی ١٩٢٦ لە ویلایەتی ئەلاباما لە ئەمریكا لەدایكبووە و لە ساڵی ٢٠١٢ كۆچی دوایی كردووە، دەربارەی ئامانجەكان لە ژیان دەڵێت: «ئامانجەكانمان بریتیین لە كۆمەڵێك خەون، ئێمەش كاری لەسەر دەكەین، تاوەكو ببێتە پلان، پاشان هەنگاوەكان دەگرینەبەر، بۆ ئەوەی جێبەجێیان بكەین و بە دەستیان بهێنین».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا كە ڕوخساری كەسێكە، چەندین گیانداری تێدا بەدی دەكرێت، هەوڵ بدە لە ماوەی كەمتر لە خولەكێكدا ژمارەی ئاژەڵ و باڵندەكان دیاری بكە.

## ئۆتۆمبێل - Cars

### ئۆتۆمبێلەكەت درەنگ هەڵدەبێت؟

یەكێك لە كێشە هەرە باو و بەردەوامەكان كە توشی ئۆتۆمبێل دەبێت، بریتییە لە درەنگ هەڵبوون، ئەگەر بتەوێت مەكینەیەك بخەیتە كار پێویستی بە خێرایەكی دیاری كراو هەیە، كە لەلایەن سولفەوە دەستەبەر دەكرێت، تا سیستمی سوتان جێگیر دەبێت، كە بریتین لە هەوا و بەنزین و ئاگر، كە مەكینەی ئۆتۆمبێل بێ هیچ كام لەمانە هەڵ نابێت. هۆكارەكانی درەنگ هەڵبوون بریتیین لە: فویلپەمپ، وایەرپلاك، یاخود كۆیل، پلاك، مەسفیی بەنزین، مورەجەع، جۆزەی سەباحی، ئایەرفلۆ، پاتری و سولف، سەنتەری مەكینە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

پاش ماوەیەكی زۆر لە ماندووبوون و كەڵەكەبوونیان ئەركەكانت كۆتاییان دێت، ئەم ماوەیە پەیوەندیی سۆزداریت ناجێگیر دەبێت، ئەمەش كاریگەریی نەرێنیی لەسەر ژیانت دەبێت، ڕەنگە گەشتێك بكەیت بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری، ئەمەش لە ڕووی تەندروستییەوە باش دەبێت.




### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئەو ماوەیە تووشی گرفتی زۆر بوویت، بۆیە دەبێ ئاگاداری خۆت بیت، لەلایەنی پیشەییەوە هەرگیز هاوبەشیی دارایی لەگەڵ كەس مەكە، چونكە سەركەتو نابیت، ناكۆكیی پەیوەندیی سۆزداری گرفتێكی ئاساییە و بە تێپەڕینی كات كۆتایی دێت، ڕۆژانە ڕاهێنانی وەرزشی بكە.



### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لەلایەنی پیشەییەوە پلان و هەنگاوی نوێ دەنێیت، ئەمەش وادەكات خواستەكانی ڕابردووت سەرلەنوێ سەرهەڵبداتەوە و هەوڵی بۆ بدەیت، متمانەكردن بە كەسانێك كە شایەنی نین، ڕووبەڕووی كێشەت دەكاتەوە، هەمیشە ئارامیی خۆت ڕابگرە و هەموو قسەیەكی دەوروبەرەكەت بە هەستیاری وەرمەگرە.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئەركەكانت لە كاتی خۆیدا جێبەجێ بكە، بۆ ئەوەی هەنگاوی باشتر بنێیت، لەلایەنی سۆزدارییەوە بە قۆناغێكی هەستیاردا تێپەڕ دەبیت و، لایەنی ڕاستگۆیی و ڕاستیی هەستەكانی خۆشەویستەكەتت بۆ ڕوون دەبێتەوە، هێندە باری دەروونت گران مەكە، چونكە تەنیا ماندو دەبیت.




### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

چانسی نوێ دێتە بەردەمت بۆ ئەوەی لایەنی ماددیت باشتر بێت و هەنگاوی گەورە بنێیت، بەشداریكردن لە بۆنە كۆمەڵایەتییەكان سودی هەیە و، وادەكات متمانەت بە خۆت زیاتر بێت، بۆ تەندروستییەكی باشتر بایەخ بە خواردنی سەوزە و میوە و خۆراكی تەندروست بدە.




### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

بەهۆی تواناكانت و پەیوەندییە بەهێزەكانت لەگەڵ هاوپیشەكانتدا، لایەنی پیشەیت باش دەبێت، لەگەڵ خۆشەویستەكەت لەسەر ڕێگەیەكی دروستن و هەنگاوی سەركەوتن بەرەو داهاتو دەنێن، ئەگەر تەندروستیت باش نییە، سەردانی پزیشك بكە و خۆت فەرامۆش مەكە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




# www.gulanmedia.com

Weekly Gulan May 16, 2022 Issue,No.1316


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
- Dedicated Internet Services
- VSAT
- ..........Copper Wired Networking
- .............Wireless Networking
- .............Fiber Optic Networking
- VoIP Video Streamnig
- VPNs
- CCTV Cameras
- Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و رێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە رێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەرێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626